55
ساڵی پێنجەم
کانوونی دووەمی
2013

بڕیار

لە پێناو گەلێکی
خاوەن بڕیاردا

مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕی و گەشەپێدانی مرۆیی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

نیوەیەکی ون!

2013

لە ساڵی نوێدا، میوانی خۆت بە!



ئاکاری منداڵ لە دوای تەمەنی سێ ساڵییەوە

نامەیەک بۆ هاونیشتیمانیانم

2012

تۆ خۆت بە!

دەرگای شکاو!

لەگەڵ حەمدی شاعیردا..

لێگەڕێ با ڕۆحت بگات

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

هەر کاتێك توانیت کاتەکانت
دابەش بکەیت، ئەوا ئەو ڕۆژەت
دەبێت بە سندوقێك، کە زۆر شت
دەگرێت!
12 1 2 3 4 5 6 7 8 9 10 11
RASAN
Group
ئەم لاپەڕەیە بە سپۆنسەری
گروپی کۆمپانیاکانی ڕەسەن بڵاو دەکرێتەوە



The first Magazine Specialized in Management and Human Development in Kurdistan

لە پێناو گەلێکی خاوەن بڕیاردا

بڕیار

مانگنامەیەکی تایبەتە بە کارگێڕی و گەشەپێدانی مرۆیی

سالی پێنجەم - ژمارە 55 - کانوونی دووەمی 2013

NO. 55

کارگێڕی و بازاڕسازی

5

8

12

14

خاوەنی ئیمتیاز

ئەندازیار: مەسعود تاهیر ڕۆژبەیانی

سەرنووسەر

عادل محەممەد شێخانی

sarnosar@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین

بەرزان ئەبوبەکر

دەستەی نووسەران

هاژە شێروانی
پەیمان بەرزنجی
محەممەد مێرگەیی
محمد هاشم محمد
پەری شێخ کەریم
بێگەرد فارس
وەهاب حەسیب
ئەسکەندەر ڕەحیم

ڕاوێژکاری یاسایی

پارێزەر: ئازاد محێدین

بەشی هونەری و دیزاین

قەیدار ڕەحیم
پشتیوان عبدالرحمن

ناونیشانی گۆڤار

سلێمانی - شەقامی سالم -تەلاری جەمالی حاجی عەلی- نهۆمی سێیەم- نزیک پردی خەسرەو خاڵ

٣١٩٣٩٤٦ - ٠٧٧٠٢١٧٨٦٨٢

هەولێر - شەقامی تاران - کۆمپانیای ڕەسەن - نزیک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون

٠٧٥٠٤٤٦٣٢٣٠ - ٠٧٧٠١٥٤٢٣٩٧

E-mail: bryarmagazin@gmail.com

بەشی ڕیکلام

٠٧٤٨٠١١٢٧٨٧

دابەشکردن: کۆمپانیای پەیک
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

چاپ: کۆمپانیای پیرەمێرد

نرخ 2500 دینار

یەکەم دڵۆپ

سەرنووسەر

له ساڵی نوێدا، میوانی خۆت بە!

کاتێك ئەم چەند دێڕەی بەردەستت دەخوێنیتەوە، ماڵاوایيت لە ساڵی (٢٠١٢)کردووەو لە ساتەکانی سەرەتای ساڵی (٢٠١٣)دا دەژیت. کارێکی باش دەکەیت ئەگەر لە سەرەتای ساڵی نوێدا بۆ چەند ساتێك میوانی خۆت بیت، چی دەبێت ئەگەر بۆ یەکەمجار داوەتی خۆت بکەیتو بە یەکەوە دابنیشنو گفتوگۆ بکەن، دڵنیات دەکەم چەند ساتێکی زۆرخۆش لەگەڵ خۆتدا بەسەردەبەیت!

لام وانییە ئەم پێشنیارەی منت بەلاوە سەیر بێت، چوون هەمیشە لە بۆنەکاندا مرۆڤ خۆشەویسترین کەسی خۆی بانگ دەکاتو لەگەڵ دۆستو هاوڕێ نزیکەکانیدا ساتە خۆشەکانی ژیانی بەسەردەبات، هەڵبەت تۆش خودی خۆت لە هەموو کەس زێتر خۆشدەوێت! دەبێت نزیکترین هاوڕێت خودی خۆت بێت!

مەگەر هاوڕێیەتیت لەگەڵ خودی خۆتدا باش نییە؟! یاخود تا ئێستا پێکەوە دانیشتنو گفتوگۆی شیرینتان ئەنجام نەداوە؟ خۆ لەسەر پەڕەکانی بڕیار پەیامی زۆرمان بۆ ناردیت، سەرەتا خۆت خۆشبووێت، هاوڕێیەکی باشی خۆتبە، خۆت بدوێنە، خودی خۆت بناسە!

هیوادارین لەو کەسانە نەبیت کە هەمیشە لە خودی خۆیان هەڵدێن! کاتێك لەگەڵ خۆیاندا دادەنیشن، هەست بە تەنیایی دەکەن، خۆیان جێدێڵنو بە شوێن مرۆڤەکاندا وێڵن، خۆیان خۆشناوێت حەزیان لە دەنگو چرپەی خۆیان نییە، لە خۆیان بێزارن، عاشقی کەسانی دەوروبەرن، بەڵام خۆشییان لە خۆیان نایەت!! بەم کارە ستەمێکی گەورە لە خۆیان دەکەن، هاوڕێیەکی دڵسۆزو ڕاستگۆی خۆیان فەرامۆش دەکەن! گوێ بۆ گوتەی دڵو ناخو دەروونی خۆیان ناگرن، لەبری ئەوەی سکاڵای خۆیان لای ئەمیندارترین کەس بدرکێنن، کە ئاگای لە هەموو شتێکە، هەر ناشیدوێنن!

ئەوانە هەرگیز ناتوانن هاوڕێیەکی باش پەیدا بکەن، چونکە ئەوان نەیانتوانیوە لەگەڵ خۆشیاندا هاوڕێیەتی دروستبکەن!

تۆ دوور لەوان لە ساڵی نوێدا دەرگای ماڵەکەت واڵابکەو ژوورەکەت بۆنخۆش بکەو چاوەڕوانی گەیشتنی ئازیزترین میوانت بکە!

میوانو هاوڕێی هەمیشەییت! کە هاوڕازی ڕۆحتە، ئاگاداری هەموو ڕازو نیازێکتە، خودی خۆت!

ئەو ڕۆژە بە یەکەوە یادگاری منداڵیو زەمانی بزێویو هاروهاجی خۆت بێننەوە یادو هەردوك کۆڵانو شەقامەکانی یادەوەرییەکان تەیکەن! بچنەوە گوندەکەی خۆتان، شاخو داخی وڵاتەکەت بگەڕێن، یادگارییە خۆشەکان بێننەوە یادو تێر پێبکەنن، هاوڕێیانی زەمانی منداڵیت بەسەرکەرەوەو ئەلبومەکانت دەربێنەو وێنەی سەردەمی منداڵی ئەو کاتانەت تەماشابکە کە قوتابی سەرەتاییو پاشان ناوەندی بوویت، بە مامۆستاکانت ئاشنا بەرەوە، ئەو مرۆڤە گەورانەت بێتەوە یاد کە تۆیان گەیاند بەم ڕۆژە، باوکو دایکت، مامۆستاکانت.

دواتر هێدی هێدی بە ناخی میوانە ئازیزەکەتدا شۆڕ بەرەوە، تا بزانیت ئێستا چی دەکات؟ خەریکی چییە؟ ئەو ئامانجو خەیاڵانەی بە منداڵی خولیای بوون چی لێبەدیهێناون!؟ ئاسودەیە لە ژیان؟ گلەییو گازندەی هەن! دەیەوێت بۆ ساڵی داهاتوو چی بکات، بە نیازە بۆ ئایندە بە کوێ بگات.

ئەوسا تۆ خۆت بەرامبەر زانیاریو داتایەکی بێسنور دەبینیت!

دەزانی سەبارەت بە کێ؟ سەبارەت بە خودی خۆت ئەزیزم!

ئێستا دەزانیت تۆ ساڵانێکە خودی خۆت لەبەر دەرگا چاوەڕوان کردووەو بۆ ساتێك فەرمووی لێناکەیت!؟

گوێ بۆ خەڵکی شلدەکەیت، بۆ چەندین کاتژمێر دەیاندوێنیت، پرسیاریان لێدەکەیت، هاوبەشی خۆشیو ناخۆشییان دەبیت، لەگەڵیاندا دەگریت، پێدەکەنیت، وەلێ لەگەڵ خۆت نا!

بۆچی؟! ئەم پرسیارەت لە خۆت نەکردووە؟! ئاگات لە چرکەی میلی کاتژمێرەکەیە، خەریکە ساڵ دەڕوات، میوانەکەت چاوەڕوانە، دەرگای لێبکەرەوە، فەرمووی لێبکە، دەمانەوێت دواتر پێمان بڵێیت بەرنامەت بۆ ساڵی ٢٠١٣ چییە، دەتەوێت چی بکەیت، گەیشتن بەچی؟! بەجێتدەهێڵم تۆ میوانت هەیە، بڕۆ بۆ پێشوازیو بیهێنەرە ژوورەوە!

کارگێڕی بە گوفتار

خراپترین جۆری دوژمنەکانمان ئەوانەن، کە لە نێو دڵماندا جێگیردەبن.

ولیەم شانینگ

ئەستەمە بتوانی دژایەتی دوژمنێك بکەیت، کە دەتوانێت هێزو بیرت بخوێنێتەوە!

سالی کیمبتون

من گوێنادەم بە ئاستی هەژاری مرۆڤ، هاوکات کە خێزانی هەیە، کەواتە دەوڵەمەندە!

کوڵونیل پوتەر

دەستبڵاوی ئەوەیە، کە باش لە خراپدا سەرف بکەیت!

سەعیدی کوڕی جوبەیر

مرۆڤە چاکەکان خۆیان دروستدەکەن، چاکخوازەکانیش کۆمەڵگە چاکەکان!

ئەحمەد شەوقی

پێم بڵێ، هاوڕێیەتی کێ دەکەیت! پێت دەڵێم تۆ کێیت!

سرفانتس

لێگەڕێ با ڕۆحت بگات!

پیاوێکی دەوڵەمەند بە هاوڕێیەتی کۆمەڵێك مرۆڤی سادەو هەژار کە شتومەکەکانیان بۆ هەڵگرتبوو، دارستانە چڕەکانی ئەفریقیای دەبڕی، کابرا زۆری پەلەبوو، شەوو ڕۆژ بە ڕێگاوە بوو بێ وچان، بۆئەوەی لە ماوەی سێ ڕۆژدا بگاتە شوێنی مەبەستی خۆی.

لەگەڵ هەڵاتنی خۆری پرشنگداری سپێدەی ڕۆژی سێیەمداو لە ساتێکی دڵگیردا کاتێك خۆر تیشکی ئەفسوناوی زێڕینی خۆی بەسەر دارودرەختی دارستانەکەدا پەخش دەکردو درەختەکان هاتبوونە سەما، بەدەم شنەی شەماڵو جریوەی باڵندەکانەوە، هاوڕێکانی خۆیان بۆ نەگیراو بۆ چێژوەرگرتن لەو کەشو هەوا دڵڕفێنە هەڵوێستەیان کردو دانیشتن.

هەرچەندە یارۆی دەوڵەمەند زۆری لێکردن کە بەردەوامبن لە ڕۆیشتنو هەڕەشەی ئەوەشی لێکردن، کە ئەگەر گوێڕایەڵی نەبن ئەوا کرێکەیان پێنادات! بەڵام ئەوان هیچ گرنگیەکیان بەم قسانەی نەداو باکیان بە هەڕەشەکانی نەبوو! دوای ئەوەی کە بێ هیوا بوو لەوەی کە بتوانێ قەناعەتیان پێ بکات بە ڕۆیشتن، ئەویش بە ناچاری لەگەڵیاندا دانیشتو سەبارەت بە نهێنی دانیشتنەکەیان پرسیاری لێکردن.

وەڵامەکەی ئەوان تەواوی دانایی‌و جوانی‌و مانای بەرزو بڵندو پڕ حیکمەتی لێدەچۆڕا، گوتیان: بەڕێز ئێمە هەرچەندە لاشەمان گەیشتووەتە ئێرە، بەڵام دەبێت لە چاوەڕوانی ڕۆحماندا بین، چوون هێشتا ڕۆحمان لە نیوەی ڕێیە!!

لەم چیرۆکەوە فێردەبین:

١- هێندە ڕانەکەین بە شوێن دنیادا، تا هەناسەمان لێدەبڕێت، ئەوانەی ئێستا لە گۆڕستانن مردنو کارەکانیشیان هەر تەواو نەبوو.

٢- زۆر ڕاکردنو خۆماندووکردنی بێسنوور نابێتە مایەی ئەنجامدانی هەموو کارەکانمان، تەندروستی‌و خۆشبەختی خۆمان لە کارەکانمان گرنگترن.

٣- هۆکاری سەرنەکەوتنمان لە ئەنجامدانی کارەکانماندا، زۆرجار ئەوەیە کە دەمانەوێت هەموو کارەکان لە یەك کاتدا ئەنجام بدەین.

٤- زۆرن ئەو کەسانەی کە لە پێناو جەمکردنی پولو پارەدا خۆیان لە هەموو خۆشییەکانی ژیان بێبەش کردووە!

٥- دەوڵەمەندی هەموو خۆشییەك فەراهەم ناکات، دەکرێت ئێمە زۆر دەوڵەمەند نەبین، بەڵام چێژ لە خۆشییەکان وەربگرین‌و بەختەوەری بەدەستبهێنین.

٦- بە خەریکبوونمان بە ماددەوەو فەرامۆشکردنمان بۆ ڕۆح، خۆمان دوو لەت دەکەین! ئەوسا بە هەموو گەنجینەی دونیا ناتوانین پێکیان بگەیەنین، کەواتە با پەلە نەکەین‌و ڕۆحمان بەجێنەهێڵین، چونکە ڕۆح سەرچاوەی چێژو لەزەتو خۆشییەکانە، نەك لاشە!!

تەنها بۆ سەرکردەکان

ئەگەر ناتەوێت سەرکردە بیت، ئەم لاپەڕەیە مەخوێنەرەوە!

ئەگەر بە داناییەوە فەرمانت کرد، بە شادمانییەوە ملکەچت دەبن.

تۆماس فۆلەر

لە پشت هەموو دەسکەوتێکی گەورەوە، دڵێکی گەورە هەیە دەسوتێت.

رالف ئیمرسون

ئەگەر دەتەوێت بگەی بە ئامانجێکی دیاریکراو، پێویستە سەرەتا بە خەیاڵ ڕێگای گەیشتن وێنا بکەیت!

زیج زیجلر

هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت، لە کاتی مامەڵەکردنتا لەگەڵ خەڵکیدا، کە ئەوان هەمیشە هەستو سۆزیان دەکەن بە دادوەر، نەك ژیریو مەنتیق.

دیل کارینگی

هەمیشە ئامادەبە، بۆ بڕیاردان، چونکە ئەم کارە گرنگترین سیفەتی سەرکردەی سەرکەوتووە.

جۆرج باتۆن

هەمیشە هەوڵدەدەم، خەباتو تێکۆشانم بگۆڕم بە شتێکی بەسوود، بۆ کەسانی تر.

هینری نوین

ئا: وەهاب حەسیب

لێکۆڵینەوەیەکی کارگێڕی

بەشی یەکەم

لەسەر ڕۆژنامەی چەمچەماڵ

سـەرەتا: شـاکیر فەتاح لە ١٩٤٦/٤/٢٨ لەسەر خواستی خۆی لە ناوچەی ڕانیە گوێزراوەتەوە چەمچەماڵ... هتد، لە ١٩٤٦/٧/١یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی چەمچەماڵی بەدەسـت نوسـیوەتەوە، بەسـەر قوتابیانـی قوتابخانـەی شـەوانەی چەمچەماڵـی ئـەو کاتـەدا خوێندراوەتـەوە، پاش نزیکەی چوار مانگ لەسـەر داوای خۆی گواسـتراوەتەوە بـۆ هەڵەبجە، لەو ماوەیـەدا گەلێك کاری جوانو ڕێنمایـی بـە کەڵکی پێشـکەش بە شـاری چەمچەمـاڵ کردووە، یەکێـك لـە کارە پڕبایەخەکانـی دەرکردنی (٧) ژمـارە بووە لە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، کە تا ئێستاش چرایەکی ڕووناکە لە بواری ڕۆژنامەوانی شارەکەدا.

لە مانگی تەمموز ٢٠١٢دا (بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریو هونەری چەمچەمـاڵ)، هەسـتان بـە گرتنـی کۆڕێك بۆ یـادی ڕۆژنامەی چەمچەمـاڵو کارەکانـی (شـاکیر فەتـاح) وەك: جێنشـینێكو ڕۆژنامەنوسێك، هاوکات چەند لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕۆژنامەکەو بابەتەکانـی خوێندرانـەوە، سـەرەڕای دووبـارە چاپکردنـەوەی ڕۆژنامەکەو بڵاوکردنـەوەی لێکۆڵینەوەکان، کە بۆ خۆیان جێگای ستایشو دەستخۆشین.

بەڵام بۆ من ئەوەی جێگای سەرنجو تێڕامان بوو، لێکۆڵینەوەکان زیاتـر لایەنی ئەدەبیو کۆمەڵایەتیـان لە خۆگرتبوو، تەنها لایەنێك فەرامۆشـکرابوو لایەنی کارگێڕی بوو، کە لە بنەڕەتدا جێنوشـینی ناوبراو بۆ ئەو مەبەسـتە بۆ شـاری چەمچەماڵ ڕەوانە کرابوو، بۆ تەواوکردنی کارەکانی ئەوان، نوسـەری ئەم چەند دێڕە لێکۆڵینەوەو شـیکاری ئەم لایەنە وەئەسـتۆ دەگرم، بە هیوام کارەکەم تەواوکاری کارەکانی لێکۆڵەرانو مایەی شادی ڕۆحی مامۆستا شاکیر فەتاح بێت.

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە دوای دەرچوونی ڕۆژنامەکـە بە نزیکەی حەفتا سـاڵ دێت، لـەو کاتەوە تائێسـتا، ژیان گۆڕانـکاری زۆری بەسـەردا هاتووە، کارگێـڕیو تیۆرەکانی کارگێڕیش بەدەرنین لەم یاسـایانە، بەڵام پێم وایە کارەکە گرنگی خۆی لە دەسـتنەداوە لە دوو لایەنەوە:

یەکـەم: لایەنی کارگێڕیو شـێوازی پیادەکردنی کارگێڕی لەو ڕۆژگارەدا پیشاندەدات.

دووەم: سـەلیقە (لێهاتوو)یـی جێنشـینی چەمچەمـاڵ، وەك کارگێڕییەك، لە کاتێکدا جێنشین کەسێکی یاسایی بووە.

لە دنیای ئەمڕۆدا، کارگێـڕی بە کۆڵەکەی دەوڵەت دادەنرێت، لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا، تەنانەت قسەیەك هەیە دەگوترێت: (دەوڵەتـی پێشـکەوتوو، یـان دواکەوتـوو نییە، بەڵکـو کارگێڕی سـەرکەوتوو، دواکەوتوو هەیـە)، بەداخەوە ئێمە بەشـێکین لەو سیسـتەمە کارگێڕییـە دواکەوتـووەی دنیای ئەمـڕۆ، هۆکارەکانی زۆرن، لەم لێکۆڵینەوەیەدا جێگایان نابێتەوە، چونکە لاباسێکی زۆر دەهێنێتە ناو باسەکەوەو بەلاڕێدا دەمانبات (نووسەر).

ئەگەر تەماشـای ناساندنی کارگێڕی بکەین، دەبینین بە یەك شـێوە پێناسـە نەکراوە، هۆکارەکەی ئەوەیە کـە: بەڕێوەبەرانو شارەزایانی کارگێڕی هەریەکە بەشێوەیەكو لە ڕوانگەی بەرژەوەندی دامەزراوەکەیانـەوە تەماشـای کارگێڕییان کـردووە، بەڵام هەموو پێناسـەکان هەموو پێداگرن لەسـەر ئەوەی کە دەبێت بەڕێوەبەر دامەزراوەکەی بەرەو پێشـبباتو گەشـەی پێبـکات، تا بتوانێت بۆ ماوەیەکـی زۆر درێـژە بە کارەکانی بـدات، کاری دامەزراوەکانیش بەشـێوەیەکی گشتیو بە هەردوو بەشـەکەیەوە (کەرتی حکومیو کەرتی تایبەت)، بریتییە لە: بەرهەمهێنانی بەرهەمێك، یان چەند بەرهەمێـك، یاخود دابینکردنـی خزمەتگوزارییەك، یان چەندین خزمەتگوزاری.

به نموونە:

١- هێنری فایۆل: لە پێناسـەی کارگێڕیدا دەڵێت: پێشـبینیو پلاندانـانو ڕێکخسـتن، دەرکردنـی فەرمـانو گونجانـدنو دواتر چاودێریکردنی.

٢- لویـس ئالن: کارگێڕی بریتییە لەوەی بەڕێوەبەر بزانێت چ کارێك ڕادەپەڕێنێت.

٣- چیسـتەر بێرنارد: کارگێڕی ئەو کارانەیە کە بەڕێوەبەر لە کاتی کارکردندا تەواویان دەکات.

لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم پێناسـانەدا دەردەکەوێـت کـە کارەکانـی جێنشـینی چەمچەماڵ لـە دابینکردنو باشـترکردنی خزمەتگوزارییەکاندا خۆیدەبینێتەوە، کە بەشـێکی گەورەی کاری کەرتی گشتی (حکومی)یە.

چەردەیەکی مێژوویی چەمچەماڵ لە ڕووی کارگێڕییەوە:

ناوچەی چەمچەماڵ تا ساڵی (١٨٥١) فەرمانڕەوای بابان کاروباری هەڵدەسوڕاند، دواتر عوسمانییەکان ناوچەکەیان داگیرکردو کردیان بە بەشـێك لە خاکی سـلێمانی، بـەڵام فەرمانـڕەوای داگیرکەری بەریتانیا لە ساڵی (١٩٢٢) ناوچەکەیان خستە سەر شاری (کەرکوك)، ئیتـر لەو کاتەوە لەلایەن پارێزگاری خاکـی کەرکوکەوە کاروباری هەڵدەسوڕێندرێ تا ئەمڕۆ..

ڕۆژی دەرچونی ڕۆژنامەی چەمچەماڵ

- جارێکـی تـر لـە سـاڵانی حەفتاکانـدا حکومەتـی عێراق چەمچەماڵی خسـتەوە سـەر کارگێڕی سـلێمانی، تا ئێسـتاش بە شێوەیەکی یاسایی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی سلێمانییە (نووسەر).

ئا: م. هاژە شێروانی

کلیلە جیاوازەکان!

کلیلی دووەم: هاندەرایەتی، هێزی پاڵنەر بۆ جیاکاری مرۆیی

کلیلی دووەم: هاندەرایەتی، هێزی پاڵنەر بۆ جیاکاری مرۆیی:

پرەنسیپی کارگێڕی تەحەکومو کۆنترۆڵکردن بە گوێرەی تیۆری (X)

- بەڕێوەبەر بڕیار دەدات بە بێ پرسو ڕاوێژ بە کەسانی تر.
- کۆنترۆڵی تەواوی ڕێچکەی کارەکان دەکات.
- متمانەی تەنها بە خۆیو بیرکردنەوەکانییەتی.
- کۆشش دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجە دانراوەکان بە هەر شێوازێك بێت.
- کۆشش دەکات بۆ بەکارهێنانی سیستەم بە مەبەستی ڕێککردنی کارەکان.
- بەوپەڕی ورەبەرزییەوە کاردەکات، بەرامبەر بەرهەمە کەمەکان.
- ڕەخنە لە کەسانی تر قبوڵناکات.

پرەنسیپی کارگێڕی پێدانی دەسەڵات بە کارمەندەکان بە گوێرەی تیۆری (Y)..

- بەڕێوەبەر بڕیار دەدات بە ڕاوێژکردن بە کەسانی تر، لەم کاتەشدا کارمەندەکانی چوونەتە ڕیزی پڕۆژەوە.
- پاڵپشتی هاتنە پێشەوەو داهێنانەکان دەکات.
- کارمەندەکان مەشقو ئاڕاستە دەکات.
- نموونەیەکەو خەڵك شوێنی دەکەون.
- داندەنێت بە کاری باشو هەڵیدەسەنگێنێت.
- یارمەتی کارمەندان دەدات، لەسەر گەشەسەندنو هەلگرتنی بەرپرسیارێتی.
- هانی کاری بە کۆمەڵ دەدات.

کەواتە خوێنەری بەڕێز... تۆش ئەگەر بەرپرسیت، یان بەڕێوەبەریتو کەسانێك هەن وەکو کرێکار، فەرمانبەر، یان کارمەندێك کە لە ژێر دەستی تۆ کاردەکەن بە گوێرەی هەڕەمی ڕێکخستن، ئەوا لەسەرتە کە تیۆری (Y) بەکاربهێنیت، بە جۆرێك کە متمانە دروستدەکات لەگەڵ کارمەندەکانی، مافی بڕیاردانیان پێدەدات، پاڵپشتیان دەکات لەسەر هەلگرتنی بەرپرسیارێتیو دڵسۆزی بۆ دامەزراو، لە دواییدا خێرایی لە بە ئەنجامگەیاندنو زیادبوونی بەرهەم ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توندوتۆڵ دەبێت، کاتێك کە کارمەندان بە خراپی دەسەڵات بەکاردەهێنن، یان کاتێك کە زۆر گرنگی نادەن بە سیاسەتی دامەزراو، لە کارەکانیان ماتڵ دەبن، یان کاتێك کە بارێکی لەناکاو ڕوودەداتو لە گەڵیشیدا مەترسییەك دەوری دامەزراو دەدات، کەواتە پاڵنەری کارمەندەکانت بزانەو کاربکە بۆ پڕکردنەوەی بەرژەوەندیەکانیان لە کار.

لێرەدا ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە پێویستن کە لەبەرچاو بگیرێن:

- چاودێری کارمەندەکان بکە، هەوڵبدە کە ئەو شتە بدۆزیتەوە کە ویستی کاریان لە لا شیرین دەکات، هەموو ئەو دەرفەتو هۆکارانەیان بۆ دابین بکە هەتا ئەوان دەتوانن کە کارەکانیان بە باشی ئەنجامبدەن.
- گروپی سەرەکی لە کارمەندەکان دیاری بکە بۆ ڕاوێژکردن، ئەوەشت لە یادت بێت کە پێشنیارەکانیان وەربگریت.
- هەوڵبدە کە ئاماژە بۆ هەر کارمەندێك بکەیت بەوەی کە نموونەییە، بە دوای کارامەییو لێزانی هەر یەکەیاندا بگەڕێ، بێگومان کە توانستی زۆر دەگمەن دەدۆزیتەوە.
- ڕاپرسی بکە بۆ بارودۆخی کارەکەت، دەرەنجامەکانی فەرامۆش مەکە، چونکە سوودی دەبێت لە گۆڕینی بارودۆخی کارەکەت، لە نێویشیاندا بارودۆخی تۆ وەکو بەڕێوەبەر.
- هەوڵبدە کە چاوپێکەوتن بکەیت لەگەڵ ئەوانەی کە کار جێدەهێڵن بۆ زانینی ئەو هۆکارانەی کە گەیشتۆتە ئەم بارودۆخە.

وایدابنێ کە بەرەوپێشەوەچوونی کارمەندەکانو داهێنان لە کار بۆ تۆ زۆر گرنگە وەکو بەڕێوەبەر، داوابکە لە کارمەندەکانت کە بیروڕای خۆیانت پێ بڵێن لەسەر بارودۆخی نموونەیی لە کارکردن، هەوڵبدە کە پێداویستیەکانیان دابین بکەیت لە ڕێگای هاوکاریکردنیان لە کار.

- کەواتە ئەو پێداویستیانە چین کە کارمەندەکانت پێویستیانە؟ چۆنیش دابینیان دەکەیت؟

أ/ پێداویستییە فسیۆلۆژییەکان:

١- کەشێکی خۆشو تەندروست بۆ کارمەندەکانت دابهێنە.

٢- مووچەی کێبەرکێیان بۆ خەرج بکەو ژیانێکی باش بۆ خۆیانو خێزانەکانیان دابین بکە.

٣ – دەرفەتی دارایی بۆ کارمەندە پێویستەکان دابین بکە کە کرێی بەرزو کاری زیاتر بگرێتەوە.

ب/ پێداویستییەکانی سەلامەتی:

١- لەگەڵ هەموو لایەك دادوەربە.

٢- هەوڵبدە کە کارمەندەکانت بپارێزیت لە ڕێگای دەرکردنی یاسای سەلامەتی بۆ هەمووان.

٣- ڕێوشوێنی توووند بگرەبەر، لە دژی تاوانو سەرپێچی.

٤- دڵنیایی لە گەیشتنی زانیارییەکان بە ڕێکوپێکی بۆ هەمووان.

تێبینی لەسەر ڕاپرسی: کاتێك کە ڕاپرسییەك دەکەیت لەسەر گرفتی کارمەندەکانت، دڵنیابە لەوەی کە هەست بکەن کە:

- ئامانجەکەت پیرۆزە.

- بە فیعلی تۆ گرنگی بە چارەسەرکردنی گرفتەکانیان دەدەیت.

- تۆ بیروڕایان ئیستغلال ناکەیت بۆ زاڵبوون بەسەریاندا، وا دادەنێیت کە گلەییەکی ناپێویستە، ئەو کات هەستدەکەن کە ئامانجت باشترکردنیانە لە کارو لەم بارەشدا یارمەتیدەرت دەبن.

ج- پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان:

١- بە شێوەی گرووپ هانی کارمەندەکانت بدە، بەشە جیاوازەکانیش جیابکەرەوە.

٢- پەیوەندی کۆمەڵایەتی دابهێنە لە نێوان کارمەندەکانت.

٣- گرنگیدانت بە کارمەندەکان دەربخە.

د- چۆن پێداویستییە کەسییەکان پڕدەکەیتەوە؟

١- فیدباکی بەرهەمی کارمەندەکان بەکاربهێنە، وەکو بەڵگەیەك لەسەریان بە شێوەیەکی ڕێکو پێك.

٢- دەرفەتی شیاو بدە بۆ بەرزکردنەوە بە گوێرەی توانستو کارامەیی.

٣- کارمەندەکانت بەشداری پێبکە لە پرۆسەی پلاندانان، داوای بیرۆکەی زیاتریان لێبکە.

٤- وشەی (خوای گەورە پاداشتی بەخێرت بداتەوە، یان زۆر باشت کرد، یان سوپاستدەکەم، دەستەکانت خۆشبێت....) بەکاربهێنە.

هـ) پێداویستی گەیشتن بە خود:

١- سەربەستی بدە بە کارمەندەکان لەوەی کە ئەم کارە بۆ شارەزابوونە.

٢- دەرفەت دابینبکە بۆ چوونە پێشەوە لە کار.

٣- هانی گەشەسەندنی پیشەیی بدە لە ڕێگای مەشقو فێرکردن.

سەرچاوە: هونەری هاندانی کارمەندان، دانانی Anne Bruce - James S.

500 بیرۆکەی قەشەنگ بۆ ڕێکخستنی هەموو شتێك...

ن: شیری بایکۆسفی..
و. بۆ عەرەبی: محمد عنان..
و. بۆ کوردی: زانکۆ قەرەداغی

٢٣٥- قسە دەربارەی Rubbermaid:

کاتێك بۆ یەکەمجار ڕەفەی **Rubbermaid** بەکاردەهێنیت لۆمەی خۆتدەکەیت کە بۆچی پێشتر ئاگاداری ئەمجۆرە ڕەفانە نەبوویت، کە زۆر گرنگە بۆ هەلگرتنو پاراستنی هەندێ کەرەستەی ناو چێشتخانەکە بە لولکراویو لەسەر شێوەی دەستهەڵدەگیرێن، وەك ئەو وەرەقە تەنکەی بۆ برژاندنی گۆشت بەکاردێت، یان سفرەی سەفەری نایلۆنو دەستە زەرفی زبڵ ئەم ڕەفەیە دەتوانرێت بەشێوەی ستونی (شاوڵی) لەسەر پشتی دەرگای چێشتخانە جێگیربکرێتو جێگایەکی باشت بۆ دەستەبەر دەکات بۆ هەلگرتنی ئەو کەرەستانە.

٢٣٦- دیکۆرێك بۆ سنکی حاجەت شتن:

لە پشت سنکی حاجەت شۆردن، یان جورنەی حەمامیماڵەکەتەوە، دەتوانیت عەللاگەیەك جێگیربکەیت بۆ هەڵواسینی کاتژمێر، یان سەعاتو موستیلەو خشڵەکانت لە کاتی کارکردنت لەسەر سنکەکە، بەڵام ئاگاداربە ئەو کەلوپەلانەت شێی ئاوەکە لێیان نەدات، یان نەکەونە سەر سنکەکەو بشکێن، یان بڕوشێن.

٢٣٧- گرفتێکی دووسەرە:

کاتێك تێبینی دەکەیت دوو شووشە شەربەت، یان بەهاراتت هەیە لە یەك جۆرو یەکی نیوەی تێداماوەو یەك بەرواری بەسەرچوونیشیان هەیە، ئەوا هەردووکیان تێکەڵ بکە، بەو جۆرە یەك شوشە شەربەتی تەواوی تازەت دەستدەکەوێت.

٢٣٨- چەقۆی تەمەن:

بوونی تاقمێکی تەواوی چەقۆ لە چێشتخانەدا بۆ مەبەستی جۆراوجۆر پێویستە، چەقۆیەك بۆ پاککردنی میوەو سەوزەو شتی لەو جۆرە، چەقۆیەك بۆ بەردەست لەناو چێشتخانەدا، قیمە کێشێك بۆ گۆشت وردکردن، چەقۆیەك بۆ سەربڕینو ئاوە ڕووتکردنی مریشك، چەقۆیەکی درێژی مشاری بۆ پارچەکردنی نانو سەموون، هەروەك ئەم چەقۆیانە پێویستیان بە شوێنێکی تایبەتە بۆ هەلگرتنو پاکڕاگرتنیان.

٢٣٩- ژێر دۆڵابەکان:

بۆشایی ژێر دۆڵابەکانی چێشتخانەکەت بەکاربهێنەو سودی لێوەربگرە، بە تایبەت ئەو دۆڵابانەی کە قاچەکانیان بەرزن، دەتوانی لەو شوێنانەدا بزمارو قولاپی شت هەڵواسین دابکوتیتو کۆمەڵێك شتیان لەسەر جێ بکەیتەوە. جۆرە ڕادیۆیەك هەیە تایبەتە بە چێشتخانەوە، تەسجیلو زەنگێکی هۆشداری لەگەڵە..

٢٤٠- تەلی شت هەڵواسینی سەر دیوار:

جوانکردنی چێشتخانە تەنها لە ڕێی دیکۆرەوە ناکرێت، بەڵکو دەتوانرێ لە ڕێی هەڵواسینی کەرەسەکانی ناو چێشتخانەوە شێوەیەکی ڕێكوپێك ئەنجامبدرێت، جۆرە تەلێکی پەنجەرەیی (مشبك)ی تایبەت هەیە کە ڕەنگو جۆری جوانو جیاوازی هەیەو دەتوانرێت دەسڕی کاغەزیو کوپو کەوگیرو کەوچكو تاوەو زۆر کەرەسەی تریشی پیا هەڵبواسرێو هەمووشیان نزیکە دەست دەبنو بەئاسانی دادەگیرێنو دەخرێنەوە جێگای خۆیان. ئەمجۆرە تەلە دەتوانرێ پارچەی تری بۆ زیادبکرێت، ئەگەر بویتە خاوەنی کەرەسەی زیاتری ناو چێشتخانە.

٢٤١- دابەشکردنی ژیرانە:

ئەو شتانەی کە درەنگ درەنگ بەکاریان دەهێنیت لەسەر ڕەفە بەرزو دوورە دەسەکان دایانبنێ، ئەوانەشی کە زوو زوو بەکاردەهێنرێن با نزیکە دەست بنو لەسەر ڕەفە نزمەکان. ئەو کەرەسانەی لەیەك کاردا بەکاردەهێنرێت، هەموویان لەیەك شوێندا دابنێ، (بۆ نمونە کەرەسەکانی سازدانی زەڵاتە). کوپی شیرو چا نزیك سنکی حاجەت شۆردن دابنێ، تاوەو تیفاڵەکان نزیك تەباخەکە، دەشتوانی سەرە مەنجەڵەکان لەسەر لاو لەسەر ڕەفەیەکی قوڵ لە بچوکەوە بۆ گەورە ڕیزبکرێن، ئەم ڕەفەیە دەتوانی خۆت دیزاینی بکەیت، یان دانەیەکی حازری بکڕیت.

٢٤٢- فنجانە هەڵواسراوەکان:

فنجانی قاوەکان بە بنمیچی دۆڵابێکی ناو چێشتخانەوە هەڵواسە لەبری ئەوەی بیانخەیتە سوچێکی دۆڵابەکە، تەنانەت ئەگەر لە دۆڵابەکەدا جێگای فراوانت هەبوو، هەڵواسینەکە چاکترە، چونکە سوود وەرگرتن لە بۆشایی بنمیچی دۆڵابەکە بیرۆکەیەکی قەشەنگە.

٢٤٣- تۆڕی پۆلێنکردن:

جلی ئامادەکراو بۆ شۆردنی هەریەك لە ئەندامانی خێزان بکەرە ناو تۆڕە تورەکەیەکی تایبەت بە خۆی، پاشان بیانکەرە ناو جلشۆرەکەوە، بەمەش پارچە جلەکانی وەکو گۆرەوی و جلی ژێرەوەو جلەکانی تری هیچ کەس تێکەڵ بەوانی تر نابێت، پاش تەواوبوونی شۆردن ئەو جلانە هەر بە تۆڕە تورەکەکەوە لە ناو وشککەرەوەکە دابنێ و بەمەش لەوە دەرباز دەبیت کە ئەو هەموو پاچە وردو تاکە گۆرەوییانە لە یەکتر جیا بکەیتەوە.

٢٤٤- جووتە گۆرەوی:

جووتە گۆرەوییەکان بە دەرزییەکی سنجاق پێش دانانیان لە ناو جلشۆرەکەدا پێکەوە ببەستە.

٢٤٥- هەموو جۆرەکان پۆلێن بکە:

جل‌وبەرگەکان جیابکەرەوە، سپی بۆ ئاوی گەرم، ڕەنگاوڕەنگ بۆ ئاوی شلەتێن و ناسکەکان بۆ ئاوی سارد، دەتوانی سەبەتەی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە بکڕی، بە تایبەت ئەو جۆرەی کە دابەشکراوە بە چەند خانەیەکەوە.

٢٤٦- ئەو ڕێنماییانەی جلشۆر:

ئەو ڕێنماییانەی جلشۆر کە لە کۆمپانیای بەرهەمهێنەوە لەگەڵیدا هاتووە لە دۆسیەیەکی تایبەتدا بپارێزەو نزیك جلشۆرەکە لەسەر تەختەیەك جێگیر بکە، بۆئەوەی لە کاتی پێویستدا سەیری بکەیت.

٢٤٦- سپیەکان بەیەکەوە:

هەموو چەرچەفەکانی خێزانەکە بە یەکەوە قەد بکە، بە جۆرێك هەر تاقمە چەرچەفو بەرگە سەرینێك پێکەوە دابنرێن و هەموویان لە جێگای تایبەتی خۆیان دابنێ، ئەم شێوازە بەکارهێنانیان خێراو ئاسانتر دەکات.

٢٤٧- عەلاگەیەکی جل هەڵواسین لێرەدا:

لە تەنیشت مێزی ئوتوکردن عەلاگەیەکی جل هەڵواسین دابنێ تا ئەو جلانەی پێداهەڵواسی کە دەتەوێت ئوتویان بکەیت، یان ئەو کراسانەی پێدا هەڵواسە کە ئوتویان دەکەیت، تا دواتر بیانبەیت بۆ ناو کەنتۆری پۆشاك.

لیستەکان..

٢٤٨- ئەو کاتانەی کە بە پەلەی:

کاتێك کە پەلەتە کۆمەڵێك لیستی دەنگی لەسەر ریکۆردێکی بچوك تۆماربکە، لەو لیستانەدا ئەو بیرۆکەو پلانە کورتو ستراتیژانە تۆماربکە کە دێن بە خەیاڵتدا، هەروەها ئەو ئیشو کارانەی کە پێویستە لە یادیان نەکەیت، یان یادی کەسانی تری بهێنیتەوە، یان ئەو قسانەی کە حەزدەکەیت لە دیدارە تایبەتو کۆمەڵایەتیەکاندا بیانکەیت، کاتێك دەگەڕێیتەوە ماڵەوە ئەم یاداشتانە لەسەر کاغەز بنوسەو پاشان پۆلێنیان بکە بۆ ناو لیستو دۆسیە نوسراوەکانت.

٢٤٩- هەموو ڕۆژێك:

هەر ڕێگایەك بۆ ڕێکخستنی لیستی ئیشوکارەکانت بەکاربهێنیت، کاغەزو پێنوس، یان خشتەی کۆمپیوتەری، کۆمپیوتەری سەرمێز، یان لاپتۆپ، یان لیستی بچوك، هەرکام لەمانەبێت، سەرلەبەیانی هەموو ڕۆژێك کاتێك تەرخانبکە بۆ داڕیکردنی لیستی چالاکییەکانی ئەو ڕۆژەت، بەمەش ڕێگایەکی باش دابین دەکەیت بۆ جێبەجێکردنی ئیشوکارەکانتو ئەمەیان چاکترە لەوەی لیست بۆ کاروبارەکانت نەکەیتو نەزانیت کام فرمان لە کام کاتی ڕۆژدا ئەنجام دەدەیت.

٢٥٠- پێداچوونەوەیەکی لیستی کاروبارەکانی سبەینێت:

پێش خەوتنت، لیستێك بۆ کاروبارەکانی سبەینێ ئامادە بکە، ماندوبونت لە دروستکردنی ئەو لیستەدا بەفیرۆ ناچێتو سبەینێ ئەدایەکی باشت دەبێت. لە کاتی جێبەجێکردنی ئیشوکارەکانتدا سەیری لیستەکە بکەو بزانە ئەوەی پێویستە جێبەجێتکردووە، ئەگەر شتێك لەو لیستەدا مایەوەو فریای نەکەوتی بیخەرە بەرنامەی کاری ڕۆژی دواتر، کاتێکیش دەچیت بۆ خەو قەڵەمو کاغەزەکەت لەسەرمێزی بەرچاپی جێبهێڵە، بۆئەوەی دڵنیابیت کە سبەینێ لە یادی ناکەیتو ئەگەر شتێکی تازەش هەبوو بینوسیت.

٢٥١- لیستی دابەشکردنی ئیشوکارەکانی ڕۆژانە:

دابەشکردنێکی گونجاو شێوازێکی توندوتۆڵە بۆ لیستی چالاکیەکانی ڕۆژانە، دوو مەبەست بەدیدەهێنێت (کارەکانت یاد دەهێنێتەوەو دەشتوانی بگەڕێیتەوە سەری و سودی لێوەرگریت)، چونکە دەتوانرێت ئەو لیستە دابەش بکرێت بۆ چەند بەشی لە یەکترجیاو دیاریکراو، پەیوەندییە تەلەفۆنیە تایبەتەکان، فەرمانگوزاری کار، کاروباری تایبەت، کاری ڕۆتینی ڕۆژانە، چالاکی تەرفیهی، نوسینی نامە، کڕینی دیاری، بیرۆکە دەربارەی دیکۆر، ئەرکەکانم بەرامبەر خوشکەکەم، کتێب بۆ خوێندنەوە، هەندێ بۆنەی تایبەت بەو ڕۆژە، دەتوانرێت لیستەکە دابەشبکرێت بۆ کۆمەڵێ کارت (بەشی) جیاجیاو هەرە گرنگەکەیان بکەوێتە بەشی سەرەوەی لیستەکە، لیستەکانت بە جۆرێك دیزاین بکە کە لەگەڵ کاروباری تۆدا بگونجێتو ئەو کاروبارانەی تەواویان دەکەیت، یان نا، ڕات لێیان دەگۆڕێ ڕاستو چەپی لێبدە.

٢٥٢- ئامانجی گرنگتر لە پێشترە:

ئامانجەکانت دیاریبکەو بە پێی گرنگیان ریزیان بکە، ئەمەش پێش ئامادەکردنی لیستی چالاکیەکانت، سەرەتا بە ئامانجە گرنگەکان دەست پێبکە، ئینجا ئەوانەی دەتوانرێ دوایان بخەیت پاشان ئامانجە درێژخایەنەکان.

٢٥٣- ئەم کارە هەردەبێ ئەنجام بدرێت:

ئەو کارەی کە زۆر پێویستەو زۆریش حەزیان پێناکەیت، لە ناو لیستی ئەو چالاکیانەدا دابنێ کە پێویستە ئەنجامبدرێت، (وەك پاککردنەوەی کەنتۆری جل‌وبەرگەکانت). ئەگەر ئەو لیستەت نوێکردەوە پێش ئەوەی ئەو برگەیە ئەنجامبدەیت، ئەوا لە لیستی دوای ئەودا بینوسەرەوە، ڕەنگە تا ماوەیەك ئەو کارە دوابخەیت، بەڵام دواجار ئەنجامی دەدەیت. ئەوەش ئەو کاتە ڕوودەدات کە بیر لە گۆڕینی ڕژێمی ڕۆتینی ڕۆژانە دەکەیتەوە.

٢٥٤- ڕیزبەندی لیستەکە:

ئەگەر لە ماڵ بوویت، یان لەسەر کارەکەت، سەرۆکی فەرمانگەیەك بوویت، یان نووسەری ئەرشیف، هەرکامیان بیت پێویستە ڕۆژانە بە پێی گرنگیان کارەکانت ڕیزبکەیتو ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە لە کاتی پێویستدا ئەو ڕیزبەندییە دەستکاری بکرێت. پیتی (أ) تایبەت بکە بەو کارانەی کە دەبێت زوو ئەنجامبدرێتو پیتی (ب) بۆ ئەو کارانەی دوای ئەوان دێن و ڕەنگە دواتر هەندێك لە ئەرك و کارەکانی کۆمەڵەی (ب) بگۆڕی بە کۆمەڵەی (أ). بۆ نمونە ڕێکخستنی دۆسیەکان واباوە دوادەخرێت بۆ کۆتایی ڕۆژی کار، بەڵام دواجار هەردەبێت ئەنجامبدرێت.

کەریم سمکۆ

دروستبوونی ڕێکخراوو ڕۆڵی لە پێگەیاندنی تاکەکاندا

لە بەشی چوارەمو پێنجەمدا سێ قۆناغی سەرەتایی ڕێکخراومان باسکرد، لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر دوو بەشی دیکەی ڕێکخراوو خاڵ بە خاڵ بۆ خوێنەرانی گۆڤاری بڕیاری شیدەکەینەوە.

چوارەم: قۆناغی فراوانبوون (التوسیع):

لێرەدا ڕێکخراو لە هەموو لایەکدا فراوانی بەخۆیەوە دەبینێت، بێگومان فراوانبوونیش بە پلەی یەکەم پانتایی کارو چالاکیو بەرهەمهێنان بەگشتی دەگرێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی سوودبینین لە قەبارەی ئابووری ڕێکخراوەکە بۆ دەستنیشانکردنی ئامانجەکانیەتی، بەم خاڵانەش دەناسرێتەوە.

١- هاندانو فراوانبوونی کردارەکانی دروستکردنو داهێنان: ڕێکخراو لێرەدا بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات هاندان زیاد بکات، بۆئەوەی زیاتر فراوانبوونی ڕێکخراوەکە بەدیاربکەوێت، تاکو هەر تاکێك لەلایەن خۆیەوە، یاخود هەر بەشەی لەلای خۆیەوە دەستبکات بە داهێنانو خوڵقاندنی بەرهەم بۆ ڕێکخراوەکە.

٢- بەرەو ئاڕاستەی بونیادنانی ستراتیژییە گشتگیرییەکانیدا هەنگاو دەنێت: ڕێکخراو لەو قۆناغەدا ئاڕاستەکانی لە ئامانجی نزیکەوە بەرەو بناغەو داڕشتنی ئامانجە ستراتیژییە گشتگیرییەکانیدا هەنگاو دەنێت، هەمووشمان دەزانین بونیادنانی ستراتیژییە گشتگیرییەکان ئەو پلانو بەرنامەو نەخشە سەرەکیانەن کە خاڵی جەوهەری ڕێکخراوەکەن کە هەوڵەکانی بۆ دەخاتەگەڕو لەو قۆناغەیدا ئاڕاستەکانی بۆ بونیادنانی پتەو دەکات.

٣- پشت بەستن بە نامەرکەزی لە بڕیارداندا دروستدەبێت: کاتێك سەرەتا ڕێکخراو بە قۆناغی دروستبووندا تێپەڕی، گوتمان بڕیاردان تەنها لەلایەن مەرکەزییەتەوە دەردەکرا، بەڵام ئێستا نەك بڕیاردان لەلایەن نامەرکەزیەتەوە دەردەچێتو کار ڕاسپاردن زیادی کردووە، بەڵکو لێرەدا پشتیش دەبەسترێت بەو بڕیارانەی کە لەلایەن نامەرکەزیەتەوە دەردەچن.

٤- پشت بەستنێکی تەواو بە کاردابەشکردنو پسپۆڕی: لەو خاڵەشدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕێکخراو گرنگی دەدات بە ئەندامانی خوارەوە کە پشتیان پێدەبەستێتو کارەکانی نێو خودی ڕێکخراوەکەش بەپێی پسپۆڕی دابەش دەکرێنو بەرپرسیاریەتیان پێدەسپێردرێت لە کارەکاندا، چونکە جێگەی متمانەن.

٥- جەختکردنە سەر بەردەوامی پێشخستنی تواناکانی ڕێکخراو: هەموو هەوڵو کۆششەکان لێرەدا دەخرێنەگەڕ لەلایەن ئەندامانو کاربەدەستانی نێو ڕێکخراوەکە بۆ ئەوەی بەردەوامی بدەن بە تواناکانو پێشخستنی هێزی ڕێکخراوەکە.

٦- گەڕان بەدوای هەلی نوێ بۆ گەشەی ڕێکخراو: کاتێك ڕێکخراو بەو قۆناغانەدا تێپەڕی هەمیشە هیوای هەیە زیاتر لە جاران گەشە بکاتو فراوان بێتو زۆرترین بەرهەمی هەبێت لەو بوارەی کە کاری لەسەر دەکات، بۆیە لێرەدا ڕێکخراو بەدوای هەلی نوێدا دەگەڕێت، لەهەر کونو کەلەبەرێکدا تروسکاییەك شك ببات بۆ گەشەی ڕێکخراوەکە دەستی بۆ درێژ دەکات.

پێنجەم: قۆناغی جێگیربوون (الاستقرار):

ئەمەش بەقۆناغی جێگیربوونی تەواوی ڕێکخراو دادەندرێتو دەگاتە چەسپاندنی بونیادە فەرمییەکانی، لە تەواوی وردەکاریو چوارچێوەو زانیاریەکانی خۆی حاڵی دەبێتو بوارەکانی جووڵە کردنو سنووری کارو چالاکییەکانیو ئەدای ئیشو ژینگەی دەوروبەری تێدەگات. بەم خاڵانەش دەناسرێتەوە.

١- جەختکردنەوە لەسەر لێهاتووییو چالاکییەکانی: ئەگەر چالاکی زیادبوون لە نێو ڕێکخراوەدا، دەبێت قۆناغ دوای قۆناغ هێزو قەبارەی ئەو چالاکیانە فراوان بکرێنو هێزی بۆ بخرێتەکار، بۆئەوەی گەشەی پێبدرێت، چونکە بوونی ڕێکخراو بەندە بە زۆربوونی چالاکی بەگشتی، بۆیە لێرەدا ڕێکخراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە لێهاتوویی ببێتە کاری هەمیشەیی بۆ بەردەوامدان، یاخود زیاتر بایەخدان بە چالاکییەکان.

٢- جێگیریو سەپاندن دێتە کایەوە: لەم ناوەدا هەردەم هەوڵو ماندووبوونەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێکخراو بناغەی داڕشتنی پتەو بکرێت، ئەمەش لە ڕێگای جێگیری سەرکردایەتیو ئەدای دەسەڵاتی سەروو، بەهەمان شێوەش پەیکەری ڕێکخستن جێگیربوون بەخۆیەوە دەبینێت.

٣- شکۆمەندی (سیادە) نامەرکەزییەتو ڕاسپاردنی دەسەڵات دروست دەبێت: نەك نامەرکەزیەت لەو قۆناغەدا پەرەی پێدەدرێت، بەڵکو لە زۆر شوێنیشدا جێگای گرنگی پێدانە لە ناو ڕێکخراودا، چونکە سەرکردایەتی ڕێکخراو پلەو پۆستو بەرپرسیاریەتی زۆر دەبێتو ئەندامانی خوارووش جێی متمانەیەکی پتەوی ڕێکخراوەکەن، بۆیە کار ڕاسپێریو ڕاسپاردنی دەسەڵات بەرەو خوار دەگوازرێتەوە، ئەمەش بۆ زیاتر هەست بە بەرپرسیاریەتی کردنی بنەپایەیە.

٤- پلەی ئاڵۆزبوون بەرزدەبێتەوە: ئەمەش لەبەر فراوانبوونی ڕێکخراو لەو قۆناغەدا ئاڵۆزبوون لە پلەدا گەشە دەکات.

٥- تواناو پسپۆڕی فراوان دەبێت: کە ڕێکخراو گەیشتە ئەوپەڕی جێگیربوونو شوێنی خۆی بەتەواوی کردەوە، هەر ئەندامەی لەلای خۆیەوە پسپۆڕیەتی لە کارەکەی دیاریدەکرێت، بەجۆرێك ئەوەندە تواناو پسپۆڕی زیاد دەکاتو فراوان دەبێت، لەوانەیە کاری ڕێکخراو بەگشتی بە ئاڕاستەی پسپۆڕیەتی هەنگاو ببات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە تاکەکان هەوڵەکانیان بۆ شارەزاییو پسپۆڕی بۆ یەك بابەت دەخەنەگەڕ.

دەرگای شکاو !

و: محەممەد مێرگەیی

جارێکیان بازرگانێکی بەناوبانگی شارێك، زۆر بە سەختی نەخۆشدەکەوێت، ڕۆژێك کوڕی بازرگانەکە لە دایکی دەپرسێتو دەڵێت: دایە ئەمڕۆ حاڵی باوکم چۆنبوو؟ دایکی لە وەڵامدا گوتی: کوڕەکەم لەوەتێناگەم باوکت چییەتیو بۆچی ڕۆژبەڕۆژ تەندروستی خراپتر دەبێت؟

کوڕەکە پرسی: دایە ئەی پزیشك لەمبارەیەوە چی گوتوە؟

دایکی گوتی: پزیشك دەڵێت بێجگە لە نەخۆشی، شتێکی تر ئەزیەتو ئازاری باوکت دەدات!

دیسان کوڕەکە بە سەرسوڕمانەوە پرسی: دایە ئایا پزیشك پرسیاری لە باوکم نەکرد ئەو شتە چییە کە ئازاری دەدات؟

دایکی گوتی: بەڵێ پرسیاری لێکرد، بەڵام باوکت پێی نەگوت، من واهەستدەکەم شتێك هەبێت کە باوکت نایەوێت لەلای کەسانی تر بیدرکێنێت.

کوڕەکە لە دڵی خۆیدا بەخۆی گوت: من هەر دەبێت بزانم چ شتێك ئازاری باوکم دەدات.

ئەوەبوو بۆ ڕۆژی دواتر کوڕەکە چووە لای باوکیو سەرەتا لێی پرسی، کە ئێستا باری تەندروستی چۆنە؟ ئینجا باوکی بە نەرمی وەڵامی دایەوەو گوتی: سوپاس بۆ خوا باشترم..

کوڕەکە گوتی: باشە باوکە ئەی بۆچی بەردەوام فرمێسك لە چاوەکانت نابڕێت؟!

باوکی گوتی: کوڕم من لێت ناشارمەوە کە زۆر خەمبارم، ڕاستی لەبەرئەوەیە کە لەو کاتەی نەخۆشکەوتوم، تا ئێستا هیچ یەکێك لە هاوڕێو دۆستو ناسیاوەکانم سەردانیان نەکردوم!

کوڕەکە گوتی: بەڵام باوکە لەوانەیە ئەوان بیانو پاساوێکیان هەبێت کە بە هۆیەوە نەیان توانیبێت سەردانی تۆ بکەن، کێ دەڵێت ئەوان زانیویانە کە تۆ نەخۆشکەوتووی، ڕەنگە وابزانن کە گەشتت کردووە!

پاش چەند ڕۆژێك لە بازاڕی شاردا کوڕەکەی بازرگانەکە یەکێك لە هاوڕێکانی خۆی دیت، هاوڕێکەی یەکسەر پرسیاری لێکرد: ئەرێ هاوڕێم بۆچی وەها خەمبار دیاریت؟ ئایا هێشتا تەندروستی باوکت باشتر نەبووە؟

کوڕەکە وەڵامی دایەوە: ڕاستی نازانم چیت پێبڵێم! هیچ یەکێك لە هاوڕێو ناسیارانی باوکم سەردانیان نەکردووە، ئەگەرچی دەشزانن کە نەخۆشکەوتووە!

هاوڕێی کوڕەکە وەڵامی دایەوەو گوتی: هاوڕێم هۆکارەکەی ئاشکرایە! زۆربەی خەڵك قەرزداری باوکی تۆن، وادەی دانەوەی قەرزەکانیشیان تێپەڕیوە، ڕەنگە ڕوویان نەیات سەردانی بکەن، ئایە ئێستا زانیت هۆکارەکەی چییە؟

پاش ئەوەی کوڕی بازرگانەکە گەڕایەوە ماڵەوەو بە باوکی ڕاگەیاند کە هۆی سەردان نەکردنی هاوڕێکانی دۆزیوەتەوە، کوڕەکە گوتی: باوکە هەمویان شەرمدەکەن سەردانت بکەن لەبەر دواکەوتنی قەرزەکانیان کە تۆ پێتداون.

بازرگان ئەوەی زۆر بەلاوە ناخۆشبوو، بۆیە بە کوڕەی گوت: دەمەوێت سبەینێ زوو بچیت لە هەموو بازاڕی شار بڵاوی بکەیتەوە کە من لە هەموو قەرزدارەکان خۆشبوەو قەرزەکانیان وەرناگرمەوە.

ئیتر ئەوەبوو بەیانی لە هەموو بازاڕدا بانگەوازکرا کە هەر کەسێك قەرزداری فلان بازرگانە، ئەوا لێی خۆشبوەو قەرزەکەی لێوەرناگرێتەوە.

کاتێك قەرزدارەکان گوێیان لەم بانگەوازە بوو، بەمە زۆر دڵیان خۆشبوو کەوتنە ستایشی بازرگانەکە.

بەمشێوەیە بۆ ڕۆژی دواتر ئەوەندە خەڵك سەردانی ماڵی بازرگانە نەخۆشەکەیان کرد، تا وای لێهات دەرگای ماڵەکەیان بشکێت، لەبەر زۆری تێپەڕبونی خەڵك بەسەریدا!

سەرچاوە: گۆڤاری المزمار –ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٢

ئابوریناسیو داخوازیو جیاکەرەوەو پایەکانی

بەشی دووەمو کۆتایی

نا: ئەمیر ئەحمەد عەبدولقادر

رۆڵی ڕاگەیاندنەکانی گەیاندن: بێگومان جیهانی بە یەك گەیاندنی خێراو بەتایبەتیش ئەو پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەی لە تۆڕی ئینتەرنێت هاتۆتە دی، گەورەترین کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕانکاری جۆری لە ئابوریو گەشەپێدانی هەمەکی کە جیهان بە خۆیەوە دەبینێت کە سەرئەنجامی ئەمە، ئابوریناسی سەریهەڵداوە کە ڕاستەوخۆ پشت بە تەکنەلۆژیای زانیاری دەبەستێت، ئەمەش لە لایەنی خۆیەوە بەهایەکی زیاتر بە زانیاری دەبەخشێت، بە جۆرێك زانیارییەکان بۆ خۆیان بونەتە کاڵایەکی گرنگ هەروەکو سەرجەم کاڵاکانی تری ژیانمان. ئەمەو سەرەڕای ئاڵۆزییە ئابورییەکان کە ئەمڕۆ جیهان بە خۆیەوە دەبینێت، بەرزبوونەوەی بەهای نەوت لە جیهاندا کە گەیشتۆتە ١١٥$ ئەمریکی بۆ یەك بەرمیل، بەم پێیە بووەتە هۆی کەمو کوڕی زۆر لە بازاڕەکانی دراوی جیهانی، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی شپرزەبوونی ئاستی ژیانو گوزەرانی هەندێك لە نەتەوەو میللەتانو بڵاوبونی هەندێك نەتەوەی تر، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، بەرهەمهێنانی نمونەی باشترین بوو تەکنیکی زانیارییەکان بۆ تەکنیکیەکان، وەکو پردێکی گرنگ کە هەر دەبێت لێیەوە بپەڕینەوە، کە تۆڕی زانیاری جیهانی یەکێکە لە بنچینە سەرەکیو گرنگەکانی.

بە گوێرەی ئاماری زۆرێك لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان قەبارەی بازرگانییە ئەلیکترۆنییەکان لە ساڵی ١٩٩٨ گەیشتۆتە نزیکەی ٢،٣ تریلیون دۆلارو لە ساڵی ١٩٩٩ گەیشتۆتە ٣،٥ تریلیون دۆلار، لە ساڵی دواتریش زۆر بە خێرایی زیادیان کردووە. لە نموونەی قەبارەی ئەو خێراییە کۆمپانیای ئەمازۆنە بۆ فرۆشتنی کتێب لە تۆڕی ئینتەرنێتەوە، لە ساڵی ١٩٩٦ بەهای ١٦ ملیۆن دۆلاری فرۆشتوە، لە ساڵی ١٩٩٧ گەیشتۆتە ١٤٨ ملیۆن دۆلار لە ساڵی ١٩٩٨، ٢٥٠ ملیۆن دۆلار بووە، ئەمڕۆ ئەوانەی کە سەردانی ئەم ماڵپەرە دەکەن ڕۆژانە لە ١٠ ملیۆن کەس تێدەپەڕێت، ساڵانە بە هەزاران ملیۆن دۆلار فرۆشی هەیە.

پێداویستییەکانی بنیاتنانی ئابوریناسی:- بنیاتنانی ئابوریناسییەکی هاوچەرخ، پێویستی بە چەند پێداویستیو ڕێوو شوێنو چاکسازی هەیە کە زۆر پێوستە ئەنجامبدرێت، لەوانەش:

١- سەر لە نوێ دارشتنەوەی چوارچێوەی خەرجی گشتییەکان ڕێنمایی بۆ دەرکردنیان.

٢- زیادکردنی خەرجی تایبەت بە تەکنەلۆژیای زانیارییەکانو پتەوکردنی ڕۆڵەکەی لە ژیانی گشتیدا، هەر لە قوتابخانەی بنەڕەتییەوە تاوەکوو دەگاتە خوێندنی زانکۆ.

٣- کارکردن بۆ ئامادەکردنو پێشخستنی سەرمایەی مرۆیی بە چەشنێکی باڵا.

٤- ناسینی وەبەرهەمهێنەرەکانو کۆمپانیاکان، لەبەر گرنگی ئابوریناسی.

پایە سەرەکییەکانی ئابوریناسی:

١- چوارچێوەی ئابوریو دامەزراوەیی.

٢- سیستەمی فێرکرنی توانا بۆ گۆڕانکاری جۆری لە کاروانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

٣- سیستمی داهێنان کە لێکوڵەرەوانو خاوەنکاران کۆدەکاتەوە.

٤- بوونی ژینگەیەکی بنچینەیی بۆ کۆمەڵگای زانییارییەکان، وەکو گەیاندنو تۆڕی ئینتەرنێتو شتی تر.

تایبەتمەندییەکانی ئابوریناسی:

لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم ئابورییە وای دادەنێت کە زانیاری بزوێنەری پرۆسەی بەرهەمهێنانە، لە هەمان کاتدا وای دادەنێت زانیاری کاڵایەکە دەتوانرێت لە بازاڕەکان بفرۆشرێت. کەواتە زانیاری وەکو کاڵایەك دەژمێرێت، ناکرێت بە هۆی بەکارهێنانییەوە بپوکێتەوەو کۆتایی پێبێتو نەمێنێت، بەڵکو هەرچەندە زیاتر بەکاربهێنرێت، نرخو بەهاو دەوڵەمەندی ئەم کاڵایە گرنگو گرانبەهایە زیاتر دەبێت، بەم پێیە ئەمجۆرە ئابورییە زۆر خاڵی بە هێزی تیادایە لە گرنگترینیان:

١- فێربوونی تایبەتمەندیو کارا.

٢- کۆمەڵگایەکی مرۆیی جیادەکرێتەوە بە پێی زانینی بۆ زانیاری بە هەموو ئاستەکانەوە.

٤- لێکوڵینەوەو بەرەوپێشچوونی بەردەوام.

بنەماکانی کۆمەڵگای بنیاتنراو لەسەر ئابووریناسی:

١- ڕوونی لە ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان.

٢- خێرایی بڕیاردان.

٣- بەرزکردنەوەی بەهای بە کۆمەڵ.

٤- کاری نەخشە بۆ کێشراو.

٥- سەربەستیو دادگەری بۆ هەمووان.

٦- کاراکردنی ڕۆشنبیریو باشی کلتوور.

٧- گواستنەوە لە شێوازی دامەزراوەو کارگێڕی پشتبەستو بە کەسێکی دیاریکراو، بۆ شێوازی کارگێڕی پشت بەستو بە بەرنامەیەکی خاوەن تێڕوانینێکی ڕوونو ئاشکرا.

لە پێناو گەڵێکی خاوەن بڕیاردا

بڕیار

مانگنامەیەکی تایبەتە بە کارگێڕی و گەشەپێدانی مرۆیی



مژدە ... مژدە.. بۆ دۆستانی کتێب..

بەبۆنەی هەڵبژاردنی شاری سلێمانی بە پایتەختی ڕۆشنبیری و لە ژێر دروشمی

(خوێنەری ئەمڕۆ، سەرکردەی سبەی)

گۆڤـاری بڕیار.... لە بەرواری (٢٠/١/ ٢٠١٣ - ٣١/١/ ٢٠١٣) هەڵدەستێت بە کردنەوەی پێشانگایەکی تایبەت بە کتێبو بڵاوکراوە، لە هەموو بوارەکاندا.. (زانستی- کارگێڕی- گەشەپێدانی مرۆیی- منداڵان پەروەردەو خێزان- ئاینی- کۆمەڵایەتی- مێژوویی- ئەدەبی)..لە ئۆفیسی سەرەکی گۆڤاری بڕیار...

لەم پێشانگایەدا بڵاوکراوەی نوێی کۆمەڵێك خانەی چاپی جیهانی، بۆ یەکەمجار نمایش دەکرێت، وەکو (دار جرير- دار ابن حزم، دار البشائر- دار إقرأ- دار إبن الجوزي- دار الكتب العلمية- دار القلم - شركة الإبداع - الدار العالمية للكتاب - دار الفضيلة - دار الميمان - دار النيل تركيا - دار الحكمة بريطانيا - النور المبين الأردن - دار الراية مصر)..

تێبینی: لە پێشانگاکەدا داشکاندن بە ڕێژەی لە ٤٠ ٪ بۆ ئەرشیفی بڕیارو بەرهەمەکانی دەکرێت.. گەر دەتەوێت ببیتە خاوەنی ئەرشیفی بڕیار.. ئەم هەلە لە دەست مەدە..

هەلێکی زێڕینە بۆ عاشقانی کتێبو ڕۆشنبیریو ماریفەت..

BAYAD

بە سپۆنسەری
کۆمپانیای بەیاد - سلێمانی

RASAN Group

بە سپۆنسەری
ڕەسەن گروپ - هەولێر

شوێن: سلێمانی- شەقامی سالم-
تەلاری جەمالی حاجی عەلی(سامسۆنگ)
نهۆمی/٣ ئۆفیسی گۆڤاری بڕیار
کات: (٩- ٧)ی ئێوارە...

گەشەپێدان

19

22

29

32


سپێدە هۆرمزیار

یاسای نێوان مانگو ڕۆژ

دەربارەی یاسای نێوان مانگو ئەستێرە چی دەزانن؟؟ دەزانن لە دەم ژمێری ئێوارە نارنجییەکانی وڵات، ئەو ساتانەی خورشیدی ئاسمان بارگەی درەوشاوەو گەرمی لە کۆڵ دەنێت، ئیتر کاتی ئەوەیە مانگو ئەستێرە لە تاریکی شاردا خۆیان نمایش بکەن.

کام لە ئێوە زۆری ئەستێرەکان هزرتانی بەخۆیەوە غافلگیر نەکردووە، بێخەبەری نەکردوون لەوەی مانگ بەم تاقانەیەی خۆیەوە جوانیو ڕووناکی بۆ ئەستێرەکان پەخشدەکات، بەڵام لە دیدی تێڕوانینی زۆرینە خوازەکان دەکرا یاسای نێوان مانگو ئەستێرە پێچەوانە بوایە، بە تەرزێکی تر، ئەستێرەکان دەبوا لە هاوەڵی کردنی مانگ خۆشیان بهاتایەوهاریکاری بەردەوامی بونایە لە پێدانی ڕووناکی بە مانگ، ئاخر چوون ئەستێرەکان زۆرینەن. لەبەرەی جەنگیش هەموو لایەك لە پێشبینی ئەوەدان، سەرکەوتنی ئەو سوپایە مسۆگەرە کە پێکهاتەیان زۆرینەیە.

ئەرێ بۆچی سەرکردەکانی وڵاتیش لە هەڵبژاردنەکان خاوەنی زۆرینەی دەنگی هاوڵاتیانن، لە کاتێکدا بەردەوام ڕووبەڕووی نارەزایی جەماوەر دەبنەوە، کات بە فیڕۆدانە گەر بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارە بیرتان پەراگەندە بکەن. ئاخر پرۆسەکە لێڵی لێبەدی ناکرێو ڕوونە کە هەمیشە زۆرینەکان باشترین کۆمەڵ نین، کەمینەکانیش بێ کەڵکو بێبایەخ نین، ڕاستییان فەرمووە ئەوانەی گوتویانە: زۆرینە لە ساتی یەکگرتندا هێز بەرپا دەکەن، بەڵام لە فکریشتان وەدەری مەنێن، ئەو یاسایە لە هەندێ ساتدا پوچەڵ دەبێتەوە.

سەعیدی نەورەسی لە پەیامەکانی نوردا دەڵێت:

«وەك ئەو سەرکردە نەزانە مەبە، کە تەواوی هێزەکەی خۆی بەملاو بەولادا بڵاو دەکردەوە، دوژمنیش هێزی خۆیان کۆکردەوەو یەکیان گرتو هێرشیان کرد، بوونە هۆی لەناوبردنیان».

بایەخێکی بە بەهای نییە کە ڕێژەی هێز چەندێکە، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە پلانو ئاستی متمانەی ئێوە بە خۆتان لە چ ئاستێکدایە. قورئان کە پەیامێکی ئاسمانییە ناماقوڵییە، ئەوانەی بەدگومانیان لە بەرامبەری هەبێت، کەچی خوداوەندی جیهانیان دەفەرموێت:

﴿ الٓمٓر‌ۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ‌ۗ وَٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ ٱلۡحَقُّ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤۡمِنُونَ ١ ﴾ الرعد. واتە: ئەمانە چەند نیشانێکی ئەم پەرتووکەن، ئەوەی لە پەروەرێنتەوە بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوە، دیارە ڕاستە بەڵام زۆربەی ئەم خەڵکە باوەڕناکەن.

کەواتە ئەگەر زۆرینە پێوەری هەڵسەنگاندنی چاکی شتەکان بێت، قورئان باشترینە، بەڵام کەمترین باوەڕی پێدەکەن، یاخود گەر خەڵکی زۆرینەیان، بەلاوە باشترینەو دەڵێن لەگەڵ عامێ برۆ، شامێ دەبێت بڵێین: گەلەکەی نوح باشترینو نوح پەیامبەرو شوێنکەوتوانی خراپترینن، کەچی پێچەوانەکەی ڕاسترینیانە.

کەواتە شتگەلە کەمەکان هێمادارنین بۆ شکست، لە کاتێکدا زۆرینەش مەرج نییە بۆ هەمیشە جاڕی سەرەوتن بدەن، گەورەکانیش پێمان دەڵێن: « ئەوەی زۆر بخوات، زۆر ناژی»!

خواردنەوە گازییەکان

٣/٣

لــەم ژمارەیەشــدا، تــەواوکاری وەڵامــی پرســیاری چوارەم بخوێنەرەوە.. ئایا خواردنەوە گازییەکان لە ڕووی تەندروستییەوە هیچ مەترسیەکیان هەیە؟

هـ- خواردنــەوە گازییەکان هەڵچوونــی دەروونیو خەمۆکی زیاد دەکەن:

-ئەو لاوانەی بڕێکی زۆر لە خواردنەوە گازییەکان دەخۆنەوە، ڕووبەڕووی هەندێك کێشــەی تەندروستی دەبنەوە، وەکو: کەمی چالاکی، هەڵچوونی دەروونی، دڵتەنگی.

-پەیوەندییەکی ڕاســتەوخۆو ڕاستەوانە هەیە لە نێوان زۆر بەکارهێنانــی خواردنەوە گازییەکانو بارەکانــی کەمی چالاکیو هەڵچوونــی دەروونــی لای تازە پێگەیشــتووان، بــە تایبەت لای ئەوانەی چوار بوتڵ، یان زیاتر دەخۆنەوە لە ڕۆژێکدا.

-بوونی ماددەی کافیین لە خواردنەوە گازییەکاندا یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکانی کەمبوونی چالاکی لای تازە پێگەیشتووان.

و- خواردنەوە گازییەکانو ئێسك:

- فۆســفۆر بە پێکهێنەرێکی گشــتی خواردنــەوە گازییەکان دادەنرێت، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کالیســیۆمی کۆگاکراو لە ئێسکدا.

- گەورەترین کێشــە ئەوەیە کە منداڵانو لاوان لە ســەرەتای گەشەکردنی ئێســکەکانیاندان لە کاتێکدا پێویستیان بە زیاترین بڕە لە کالیسیۆم، خواردنەوە گازییەکان دەخۆن.

- خواردنــەوە گازییــەکان کاریگەرییەکــی خراپیــان هەیە لەســەر مژینی کالســیۆم لــە ڕیخۆڵەکاندا، کــە ئەمەش بە هۆی نەبوونی ترشــی فۆسفۆریكو ســتریك کە ڕووبەڕووی کالسیۆمی ناو خۆراك دەوەســتنەوە، ئەمەش دەبێتــە هۆی کەمی بڕی ئەو کالســیۆمەی کە دەگاتە خوێنو پاشانیش بۆ ئێسکەکان، کە دواتر کێشەی وەك زوو شکانی ئێسکی لێدەکەوێتەوە.

ز- خووە خۆراکییە هەڵەکان لەگەڵ خواردنەوە گازییەکاندا:

زۆر بەداخــەوە هەندێ مامەڵەی خۆراکی هەڵە دەبینرێن کە لە لایەن هەندێك لە خەڵکییەوە پیادە دەکرێن، لە مامەڵەکردنیان لەگــەڵ خواردنــەوە گازییــەکان، دیارترینیــان بەکارهێنانــی خواردنــەوە گازییەکانە لەگەڵ ژەمــە خۆراکییەکاندا، لە جیاتی شەربەتی میوەو شیر، کە ئەمەش خوویەکی خراپە، لەبەرئەوەی ئەو کەســانە بێبــەش دەکات لە دەســتکەوتنی خۆراکێکی باش، ئەویش بە هۆی ئەوەی خواردنەوە گازییەکان هەســتێکی خێرات بۆ دروســتدەکات، گوایە تێرت خواردووە، بە هۆی بوونی گازەکان لەناو گەدە.

ئەوەش دیارە کەم بەکارهێنانی شــەربەتەکانی میوەیە لەلای گەنجان، ئەوەی وایکردووە کە شــەربەتەکانی میوە سوودبەخش بێت، ئەوەیە کە ســەرچاوەیە بــۆ ڤیتامینەکانو خوێیە کانزاییە پێویســتەکانی جەســتە، زیــاد لــەوەش بڕێــك لــەو ماددانەی لەخۆگرتــووە کــە ڕێگــری لــە ژەهراویبوونی خــۆراك دەگرن، کــە یارمەتی پاراســتنی دەدات، لە هەندێ جۆری شــێرپەنجەو نەخۆشــییەکانی دڵ. هەندێــك لــە خوێندکارانــی قوتابخانــەو زانکــۆکان خویان گرتووە بە بەکارهێنانی خواردنەوە گازییەکان، لــە بەیانیان زوودا لەگەڵ نانی بەیانی، بــە تایبەت کاتێك نانی بەیانییەکەیــان لە دەرەوەیماڵەوە دەخۆن لە چێشــتخانەیەك، یــان لە کافتریا.. ئــەم کارەش خوێندکارەکە بێبــەش دەکات لە خواردنەوەی شــیری بەیانیان، ئەمەش دواتر دەبێتە هۆی کەمی دەستکەوتنی ئەو کالسیۆمەی کە پێویستە بۆ بنیاتنانی ئێسك.

ن: د.حسان شمسی پاشا

و: یەحیا محەممەد عەلی

زانست، یان پەروەردەی زانستی؟

بەڵێن ئەنور

زانست شتێکەو پەروەردەی زانستی شتێکی دیکە، بانگەواز شتێکەو هونەری بانگەواز شتێکی تر، وتە کەسێکو وتەبێژ کەسێکی تر، لەم جیهانەدا ماناکان زۆرترین ڕوونکردنەوەو لێکدانەوە هەڵدەگرن، ماناکان شوێنێکی دیاریان نییەو بە تەنها لە یەك بۆنەدا کۆنابنەوە، کەواتە بۆنەوەی لە واتاکان تێبگەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە سەرەکیەکانیان، چونکە هیچ شتێك مانای نییە ئەگەر ئێمە مانای پێنەدەین، تەنها سەرچاوە سەرەکیو نەگۆڕەکان نەبێت کە هەرگیز واتای خۆیان لە دەستنادەن، هەڵبەتە گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانە بۆ ئەو مرۆڤانەیە کە بە نییەتێکی پاکەوە دەیانەوێت لە جوانیو واتای ڕاستیەکان تێبگەن، چونکە دەزانن کە زانست بەبێ پەروەردە گرنگیەکی وای نییە، دەزانن قسە بەبێ کردار کاریگەرییەکی وای نییە، دەزانن جوانی بەبێ ئاکارو ڕەوشت هیچ مانایەکی نییە" ئەوان ئەمانە هەمووی دەزانن، بەڕاستی لەم سەردەمەدا تێگەیشتنو ناسینی ڕاستییەکان، کارێکی ئاسان نییە، چونکە گشت بوێنراوێك لەم جیهانەدا ناسێنەرێکی هەیە، نەهجو پلانو ڕێسای خۆی هەیە، بۆیە سەرەتا پێویستە لە دەروازەکانەوە دەست بەناسین بکەینو لەوێوە هەوڵی گەیشتن بە مەبەستەکانمان بدەین. کاتێك دەتەوێت فێری زانستێك بیت، سەرەتا بگەڕێوە بۆ قوتابخانە پەروەردەییەکەی ئەو زانستە، چونکە بە تەنها فێربونی زانستی ڕووت، مرۆڤ فێری ڕێز ناکات، فێری هونەری ئاخاوتنی ناکات، فێری بەزەییو خۆشەویستیو پەروەردەی ناکات... هتد.

تەنانەت زۆرجار ئەو کەسانەی ڕێسا زانستییەکان دادەڕێژن، مرۆڤ توشی شۆکوماندوبونێکی زۆر دەکەن بە هۆی ئەو هەموو گرژیو ئاڵۆزییەی کە لە هزرو بۆچونەکانیاندا هەیە، واتە زۆرجار بوێژانی ڕێگای زانست باگراوندێکی ڕوپۆشی نەخشێنراو بە قسەی بریقەدار دەخەنە پێشچاوی جەماوەرو لەم ڕێگایەوە دەیانەوێت مەبەستە تایبەتیەکانی خۆیان، بە قفڵکردنو فشارخستنە سەر عەقڵی خەڵك بەگشتیو چینی گەنجان بەتایبەتی بهێننەدیو نەهێڵن خوێنەرو توێژەرانی ئێمە بگەن بە قوڵایی جوانییەکانی، واتای حەقیقەتو پەندو عیلمو حیلمو دانایی، کە بەڕاستی ئەمەش ستەمێکی گەورەیە کە مرۆڤەکان بە درێژایی سەدەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەرهەق بە یەکتری ئەنجامی دەدەن. هەر ئەم ستەمە گەورەیەش بوو کە لە مێژووی ئەوروپادا کەسێکی وەکو (جیمز بۆنکەر هایتی) بەزاناترین فەیلەسوفی بواری ئابوری لە سەدەی بیستەمدا ناساند، کاتێك حکومەتی ئەو کاتەی ئەوروپا داوای لە (بۆنکەر هایت) کرد هەستێت بە داڕشتنو جێبەجێکردنی پلانە ئابورییەکانی، بە مەبەستی باشکردنی باری ئابوریو گوزەرانی خەڵکی ئەوروپا. دوای تەواوبوونی بەرنامە ئابورییەکەی بۆنکەرهایتو پیادەکردنی ئەو میتۆدە ستراتیژییە،ساڵێکی نەخایاند کە هەڵاوسانێکی قورسو گەورە ئەوروپای گرتەوەو وڵاتی توشی ترسناکترین قەیرانی ئابوری کردەوەو وای لێهات کە بەئاشکرا دزیو تاڵانکاریو دەستدرێژی سێکسیو خوێنڕشتن بە ئەوروپادا بڵاوبۆوە، ئەمانەش هەمووی بە هۆی ئەو پڕۆگرامە زانستیە خراپەوە بوو کە کەسێکی بێ پەروەردەیی، وەکو (بۆنکەرهایت) بۆ ئەو خەڵکە برسیو ڕەشو ڕووتە دایڕشتبوو.. بەڕاستی هەرگیز ناگونجێو شتێکی ماقوڵ نییە کە لەهەر زەمەنێکدا بمانەوێت پەیڕەوی لە زانستێك، یان فیکرەو بۆچوونێك بکەین، پێش ئەوەی کە بە فلتەری قوتابخانەی ڕەوشتو پەروەردەدا تێیپەڕێنین. هەر کاتێك کەسێك، یان گروپێك ویستیان فێری زانستێك ببن، دەبێت سەرەتا خۆیان بە بەرپرسیار بزانن لە بەرامبەر ئەو لەمپەرانەی کە بە هۆی ئەو زانستەوە دێتە ڕێگەیان. دەبێت گرنگی بە توێژینەوەی زانستی بدرێتو قوتابخانەی لیکۆڵینەوەی زانستیو پەروەردەی زانستی برەو پێبدرێت، چونکە بەڕاستی کۆمەڵگا کاتێك ڕووبەڕووی قەیرانەکان دەبێتەوە کە تیایدا ڕۆحی زانست کەلەپچە بکرێتو زانست بەشێوەیەکی کوێرانە دزە بکاتە ناوییەوە، زۆر گەلو میللەتمان بینی بە هۆی زانستی کوێرانەوە پەروەردەی ئەخلاقیيان با بردی، هەر زانستی کوێرانە بوو کەسێکی، وەکو فرۆیدو داروینو مارکسو هیگڵو ستیڤن بلووشی پێگەیاندو وەکو گیانەوەرێکی دڕندە بەریدایە گیانی مرۆڤایەتی لەم جیهانەدا. بەڵێ زانستی کوێرانە بوو کەسێکی وەکو بلووشی دروستکرد کە یەکێك بوو لە ناودارترین کەسەکانی بواری زانستی جیناتیو لە کاتی خۆیدا بە توێژەرێکی کاراو بە ئەزمون دادەنرا، بە تایبەتی لەبواری زانستی ئەنسروپۆلوژیا، کە هەمیشە بانگەشەی بۆ چاکسازی خەڵكو کۆمەڵگاکەی دەکردو ڕێگری دەکرد لە خواردنەوەی ماددەهۆشبەرەکان... کەچی خۆی لە تەمەنی (٣٣) ساڵیدا مرد، کاتێك دکتۆر پشکنینی بۆ کرد هۆی مردنەکەی گەڕاندنەوە بۆ زۆریی بەکارهێنانی هێرۆیینو کۆکایین! ئەمە ئەزمونی بەشێك لە زانایانی ئەوروپایە لە بواری زانستدا.

بەڕاستی جێی داخە کە ئێمە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بە گشت بوارو میتۆدەکانی ئەوروپا سەرسامبین، زۆرێك لە وڵاتانی خۆرئاوا لە بواری ڕەوشتو پەروەردەدا پلەی سفریان بەدەستهێناوە، بۆیە پێویستە ئێمەی کورد بەوپەڕی حەزەرو ورياییەوە سود لە زانستی خۆرئاوا وەربگرینو زانستێك فێربین کە فێری ڕێزو خۆشەویستیمان بکات، با کلتوری جوانی باووباپیرانمان بکەینە دیباجەی زانستی خۆرئاواو دەست بە چەمك و بەها باڵاکانی خۆمانەوە بگرینو لەم ڕێگەیەوە بتوانین نەوەکانی ئایندەمان تێبگەیەنینو لەسەر زانستێك ڕایانبێنین کە دەروازەکەی ڕێزو پەروەردەو ئەخلاق بێت، نەك هەژمونی بێ پەروەردەیو بوون بە دەسکەلای دەستی سیاسەتی چەپەڵی ئەوروپا.

نامەیەك بۆ هاونیشتیمانیانم

هاونیشتیمانیانی ئەزیزم، ئومێدی بەختەوەریو سەلامەتیو خۆشگوزەرانیو ئاسودەییتان بۆ دەخوازمو گەشەو بوونی ئێوە دڵخۆشو شادمانم دەکات، بەڕێزان پێتان وا نەبێت ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بەیەکەوە نییەو کاریگەری لەسەر ژیانی یەکتر بەجێناهێڵین؟ نا هەرگیز بەو جۆرە نییە!

ئێمە ڕەگمان لە یەك خاکدایەو هەوای یەك ژینگە هەڵدەمژینو لە یەك خۆراك دەخۆینو لە یەك سەرچاوە دەخۆینەوە، ئازیزانم ئێمە بەشێوەیەك پەیوەندیمان بە یەکەوە هەیە کە هەر خۆشییەك خۆشی هەموانەو هەر ناخۆشیەکیش ناخۆشی گشتییە، ئەگەر مەترسییەك پێش بێ، ئەوە بەرۆکی هەمووان دەگرێتەوە، ئێمە لە کەشتیەکداینو بە یەکەوە بە ناو دەریای ژیاندا سەفەر دەکەین، ئەگەر کەشتییەکەمان کون ببێت، ئەوا ژیانی هەمووان لە مەترسیدایە، ئەگەر ئارامو بێ کێشەو دوور لە زریانیش بێت، بێگومان هەموومان ئاسودەو دڵئارامین!

هاونیشتمانیانم، ئەو کەسانەی لە یەك خوێنو ئێسقان دروست بووین، ئەی ئەوانەی کە باوکمان برابوونو دایکمان دەستەخوشك، ئێمە بە یەکەوە کۆشکو باڵەخانەی ژیان دروست دەکەین، هەر یەکەمان بەبێ ئەوی تر بەردو خشتێکی پەرتەوازەو بێسودین، هەر یەکەمان بەبێ ئەویتر دەنکۆڵەی لمی بیابانینو دڵۆپە ئاوی زەریاکانین، بەڵام کاتێك پاڵ بە یەکەوە دەدەین دەبینە زەریا! ئێمە لە ژێر یەك خێمەدا دەژین، نەخۆشی هەر یەکێکمان ئەگەر زوو چارەی نەکەین، دەبێتە نەخۆشی هەمووان، ئازارێك دەبێتە ئازاری گشتی، ئێوە دەزانن ئەگەر تەنها دەنکە شقارتەیەك لە ناو قاوغەکەیدا گڕبگرێت، ئەگەر فریا نەکەوین هەموو دەنکەکانی شقارتەکە دەسوتێن! ئێمەش وەك پاکەتی شقارتە واین، ئەگەر یەکێکمان گڕبگرێت، ئەوا هەموومان تیادەچین، خۆئەگەر یەکە یەکەش تەنانەت لە دەرەوەی پاکەتە شقارتەکەوە بسوتێین، دیسان هەر دەبرێینەوەو دەبینە سوتوو! ئێمە پێش ئەوەی کوڕی دایكو باوکمان بین، کوڕی کۆمەڵگەین، هەر لە مێژیشەوە ئەمە وتراوە، کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بارودۆخو دەرفەتی گونجاو بۆ تاکەکانی دەخوڵقێنێتو تاکی پێگەیشتوو دەروون دروستو لێهاتووش خزمەتی کۆمەڵگاکەی دەکاتو دەبێتە چرای ڕووناکی شەقامەکانیو خزمەت پێشکەش بەدەوروبەری دەکات.

ئێمە لە یەك ژینگەدا دەژینو خاكو ئاوو هەوامان شەریکیەو ژیانی یەکتر تەواو دەکەین، کەوایە هاوبەشە بەڕێزەکانم با بە یەکەوە هەوڵبدەین بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەکەمانو هاوکاربین بۆ هەموو کارێکی باشو ڕێگربین لە دروستبوونو بڵاوبوونەوەی هەموو جۆرەکانی خراپە، چیمان بۆ خۆمان پێخۆشە بۆ خەڵکیش ئەوەمان بوێت، با هەرکەسێکمان لە خۆمانەوە دەست پێبکەینو بەدڵسۆزییەوە

زاهیر زانا

ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت، بۆئەوەی ئاسودەییو ئارامی باڵ بەسەر مەملەکەتو دڵو دەروونماندا بکێشێت، لەبەرئەوەی کاتێك بەختەوەری لە دڵو دەروونددا جێگیر دەبێت کە دوودڵیو دڵەڕاوکێی نەبێتو لە ڕاستگۆییو دەستپاکی دەوروبەری دڵنیابێت، بە یەکەوە دەتوانین خزمەتی یەکتر بکەینو هەمووشمان بیبەینەوە.

هاونیشتیمانیانی بەڕێز، بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەکەمان دەبێت هەمووومان قۆڵی دڵسۆزی هەڵماڵینو چاکی مەردایەتی لێ بکەین بەلاداو ڕازی نەبین گەورە مافی بچوك پێشێل بکاتو دەستدارو بێ دەست بە یەك چاو سەیر بکرێنو مافو ئەرکیان بە یەك تەرازوو بپێوین، سیستمێك دابمەزرێنین کە ڕێزو مافو کەسایەتی هەموو لایەك بپارێزێت.

ئەگەر دەمانەوێت گۆڕانکارییەك بکەین، بێگومان دەبێت بە هەمووومان دەست پێبکەین، مامۆستاو پەروەردەکار بەدڵسۆزییەوە لاوانی وڵاتمان بۆ پەروەردەبکەنو فەرمانبەرەکان لەگەڵ هاوڵاتیاندا ڕووخۆشو هاوکاربنو کارەکانیان بە باشی بۆ جێبەجێ بکەن، شوفێرو سەرنشینەکان مافی یەکتر بپارێزن، پزیشکەکان بە ئەمانەتەوە هەوڵی دۆزینەوەو تیمارکردنو هەتووانی بیمارەکانبن، بازرگانەکان لە بازرگانیەکەیاندا ڕاستو ڕەوانو بێ غەلو غەشبن، ڕاگەیاندنو میدیاکان بەرپرسانەو بێ لایەنانە ڕووداوەکان بگوازنەوە...

هاونیشتیمانیانی ئەزیز، کارەکە بە هەمووومان دەکرێت، دەبێت هەمووومان هەنگاوێك بەرەو باشترو بەرەوپێشتر بڕۆینو کەموکورتیەکان لە خۆماندا چارەسەربکەین، هاوکارییەك پێشکەش بە یەکتر بکەین، ئەو کاتە تەندروستی دەروونی کۆمەڵگاکەمان دروستتر دەبێتو بەختەوەریو ئاسودەیی دڵو دەروونمان دادەپۆشێتو ویژدانمان ئاسودە دەبێت.

پێویستە چۆن دڵسۆزی منداڵەکانی خۆمانین، بەو شێوەیە دڵسۆزبین بۆ پەروەردەو تەندروستی منداڵەکانی تری کۆمەڵگا، چونکە ئەگەر ئەوان نەخۆشکەوتن نەوەکەی تۆش دەگرێتەوەو کاتێك ئەوان ڕەفتاریان دەشێوێت، دەشێت منداڵەکەی تۆش چاویان لێ بکات، یان لە کۆتاییدا یەکێك لەم کۆمەڵگەیە دەبێتە بوکت، یا دەبێت زاوات.

هاونیشتمانیانی سەنگینم، ئەگەر هەر کەسێکمان نەمامێك بڕوێنین، ئەوا کەشو هەوایەکی باشتر دەسازێنین، هەر کەسێکمان گڵۆپێکی زیادە بکوژێنینەوە، یان سامانی ئاو بەفیڕۆ نەدەین، چەندە وزەمان بۆ دەگەڕێتەوە؟ گەر هەر یەکێك لە ئێمە بەردەرگای خۆمان، یان مەترێك لەم نیشتیمانە خاوێن بکاتەوە، گۆڕانکاری گەورە دروستدەبێت، من دەبێت هاوکارو پشتیوانی تۆبمو تۆش هی من، منو تۆش هی هەمووانو هەموانیش هی منو تۆ... دەستم دەرێو دەستت دەگرم، خزمەتم کە، من بەردەگرم، دەبمە قەدو ڕەگت، تۆش میوەو بەرهەمم پێببەخشە، گرنگ ئەوەیە ئەوە تاکە تاکەی ئێمەین کۆمەڵگامان پێکهێناوە، ئێستا ئێمە هاوچارەنوسین، هەر خۆشمان دەستنیشانی دەکەین ژیانمان چۆن دەوێتو ئێمەین دیاریدەکەین کێ بەرپرسو بەڕێوەبەرمان بێت، کەواتە دەبێت هەمووومان باش بزانین دواجار کلیلەکە لە لای خۆمانەو هەمووومان لەناو یەك کەشتیداین...



ئا: کەلسوم جەلال

ئەو مشکەی شێرێکی کوشت

دەگێڕنەوە لە دارستانێکدا شێرێك زۆر بە لە خۆڕازیبوونەوە دەدواو خۆی زۆر بە گەورە دەزانی، مشکێکی ژیرو دانا کە لە هەموو شتێکی دەوروبەرەکەی وانەیەك فێردەبوو، لە هەموو شتێکی دەزانی، ویستی وانەیەك فێری شێرەکە بکات..

بە باوەڕبەخۆبوونێکی زۆرەوە بە شێرەکەی گوت: ڕێگەم پێبدە تا ساتێك پێکەوە بدوێین..

شێرەکە گوتی: فەرموو ئەی مشکی ژیرو ئازا..

مشکەکە گوتی: من دەتوانم لە ماوەی یەك مانگدا، تۆ بکوژم!

شێرەکە بە پێکەنینێکی گاڵتەئامێزەوە وتی: تۆ ئەی مشك، منی شێر دەکوژی؟!!!

مشکەکە گوتی: بەڵێ، تەنها مانگێك مۆڵەتم بدەرێ.

شێرەکە وتی: ڕازیم بەڵام ئەوە بزانە، ئەگەر من نەکوژیت دوای مانگێك، من تۆ دەکوژم.

چەند ڕۆژێك تێپەڕی، هەفتەی یەکەم...

شێرەکە هێشتا گاڵتەی بە قسەی مشکەکە دەهات، بەڵام شەوانە خەونی دەبینی کەوا مشکەکە بەڕاستی دەیکوژێت، سەرەتا ویستی گوێ بە خەونەکانی نەدا.

هەفتەی دووەم.. ترس چووبووە ناخی شێرەکەوە.

هەفتەی سێیەم.. شێرەکە لە قسەی مشکەکە بە تەواوی هەستی بە ترس دەکرد، گفتوگۆی لەگەڵ خۆیدا دەکرد، چییە ئەگەر قسەی مشکەکە ڕاست بێتو من بکوژێت..

هەفتەی چوارەم.. شێرەکە ترسێکی زۆر سامناکی لێنیشت، بە شێوەیەك هەموو جەستەی دەلەرزی، لە ڕۆژی دیاریکراودا ئاژەڵانی دارستان لەگەڵ مشکەکە، چوونە لانەی شێرەکە، دەبینن شێرەکە دوا هەناسەی داو گیانی سپارد..

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت، چاوەڕێکردنی هاتنی بەڵا، قورسترین بارە لەسەر دەروونی هەموو کەسێك، گوێگرتن بۆ قسەی ڕووخێنەر، کاریگەری خراپ لەسەر دەروون جێدەهێڵێت..

سەرچاوە: سایتی تأملات

لە ڕێگەی بەرواری لە دایکبونتەوە بە کەسایەتیت ئاشنابە؟

به ڕێگەیەکی زۆر سادەو ئاسان، دەتوانیت بە کەسایەتیت ئاشنا ببیت، دەبێت سەرەتا لە ڕێگەی بەرواری لە دایکبوونتەوە، ژمارەی کەسایەتیت بدۆزیتەوە، کە بە پێی ئەم توێژینەوەیە مرۆڤەکان دابەش دەبن بەسەر (٩) جۆر کەسایەتیدا.. بۆ تێگەیشتنی زیاتر چەند نمونەیەك شیکار دەکەین:

١- ئەگەر بەرواری لە دایکبوونت بریتی بێت لە ١٠/١٦/ ١٩٧٦، بەم شێوەیە سەرجەمی ڕەنووسەکانت کۆبکەرەوە:

٦ + ١ + ٠ + ١ + ٦ + ٧ + ٩ + ١ = ٣١

پاشان ئەم ئەنجامەش کۆبکەرەوە: ١ + ٣ = ٤

ئەوەش واتە تۆ کەسایەتی ژمارە (٤) هەیە.

٢- ئەگەر بەرواری لە دایکبوونت:١٩٨٢/٨/١٠ بوو، بە هەمان شێوە سەرجەمی ڕەنووسەکان کۆبکەرەوە:

٠+١+٨+٢+٨+٩+١=٢٩، ئەم ئەنجامەش کۆدەکەیتەوە: ٩+٢= ١١... لەبەرئەوەی نابێت ئەنجامەکە لە ژمارە (٩) زیاتر بێت، دەبێت جارێکی دیکە ئەنجامەکە کۆبکەینەوە: ١ + ١ = ٢. ئەوەش واتە تۆ کەسایەتی ژمارە (٢) هەیە..

پاش ئەوەی سەرجەمی ڕەنووسەکانی بەرواری لە دایکبوونت کۆکردەوەو زانیت تۆ کەسایەتی ژمارە چەندت وەرگرتووە، پاشان شیکاری کەسایەتیت لە ڕێگەی ئەو ژمارەیەی وەرتگرتووە، بخوێنەرەوە:

کەسایەتی ژمارە (١): تۆ کەسایەتییەکی سەربەخۆیت، هەر بە فیترەت کەسێکی سەرکردەو لێهاتوویت، خاوەنی بۆچوونی تایبەتیت، هەمیشە حەزدەکەیت لە هەموو شتێکدا دەستپێشخەری بکەیت، چاوپێکەوتن لەگەڵ هەر کەسدا بکەیت، شوێنەوارێکی بەهێز لە ناخیدا جێدەهێڵیت، ویستو توانایەکی بەهێزت هەیە، حەز بە ڕێگا ناڕاستەوخۆکان

ناکەیت، حەز بە مجازەفەو تەحەداکردن دەکەیت، هەرگیز لە هیچ گرفتو کێشـەیەك کە ڕووبەڕووت دەبێتەوە ڕاناکەیت، چاکتر وایە لە مەڵبەندی بڕیاردانو بەڕێوەبردنی کارکردندا کار بکەیـت، بۆئەوەی بتوانیت بـە تواکانت دەوروبەرت هان بدەیت.. ئاگاداربە خۆت بەگەورە مەزانە، بیر لە کەسـانی تر بکەرەوە، پێش ئەوەی بیر لە خۆت بکەیتەوە..

کەسایەتی ژمارە (٢):

حـەز بـە هـاوکاری کەسـانی دی دەکەیـت، هەسـتت لەگەڵیاندایە، لە هەسـتەکانی دەوروبـەرت تێدەگەیت، بەڵام گـوێ بـە گرنگیدانـی بەرامبـەرت نادەیت، لەبەرئـەوە لە ژیانـدا ڕۆڵی هـاوکارو یارمەتیـدەر دەبینیت، تۆ کەسـێکی پـاکو چاکیت، ڕەچاوی مافو بەرژەوەندییەکانی دەوروبەرت دەکەیت، هەمیشـە هەوڵی خۆگونجاندنو ڕاگرتنی هاوسەنگی دەدەیت، خاوەنی توانایەکی زۆر باشـیت بـۆ ئارامکردنەوەو هێورکردنەوەی خەڵکیو چارەسەرکردنی گرفتو کێشەکانیان، دەتوانیت ببیتە کەسـێکی کۆمەڵایەتی سـەرکەوتوو، یاخود سیاسـەتمەدارێکی لێهاتـوو، لەبەرئـەوەی کەسـێکی ڕوحی هاوکاریو یارمەتیدانت هەیە، کارەکانت بەشـێوەی دەسـتەو گـروپ بەڕێوەدەبەیت، بـەڵام خاڵـی لاوازت ئەوەیە توانای بڕیاردانت نییە..

کەسـایەتی ژمـارە (٣): کەسـێکی کۆمەڵایەتـیو کراوەو گەشبینی بە ژیان، حەزت بە خۆشیو شادیو گاڵتەکردن هەیە، کەسـێکی داهێنەری، خاوەنی خەیاڵێکـی فراوانی، لەبەرئەوە ئۆتۆماتیکی بەرەو هونەرو ئادابو ڕاگەیاندن دەڕۆیت..

بە هۆی ئەوەی کە خاوەنی سروشتێکی گەشبینی زۆرجار هەڵسوکەوتت، هەندێك هەڵەشەیی پێوە دیارە.

کەسایەتی ژمارە (٤): تۆ کەسێکی زۆر جدیو هاوسەنگو دڵسۆزی لە کارەکانتدا، ژیان بە جدی وەردەگریت، تۆ کەسێکی ڕاسـتگۆیت، بەرپرسیارێتی دەخەیتە ئەستۆی خۆت، هەرگیز لـە کارکردن ماندوو نابیت، ئاگاداری تەواوی وردەکارییەکانی ژیانیـت، هەندێجـار داهێنـان وندەکەیـت، بـەڵام چێژ لە هەسـتێکی بەهێزی لۆژیکی وەردەگریت، زۆر ڕێكو ڕاستیت، خاوەنی شێوازو ڕێگەی کاریگەریت لە ژیاندا، کە وات لێدەکەن ببیتە کەسـێکی بەسودو دڵسـۆز، لە هەر تیمو شوێنێکدا کار بکەیت، سەرکەوتنو ڕێزیان بۆ بەدەست دەهێنیت، هەندێجار کەللەڕەقیت دەبێتە گرفت بۆت، ئەگەر ویستت کارێك بکەیت، هیچ کەس لە دنیادا ناتوانێت پەشیمانت بکاتەوە.

کەسایەتی ژمارە (٥): خاوەنی زیرەکییەکی بێ سنوریت، تۆ کەسێکی ڕووناکی بەخشی، زۆر ڕاستگۆی، خاوەنی توانایەکی باشی بۆ بەدەستهێنانی لێهاتوویو فێربوونی شتی نوێ، بیرو هزرت خێرایە، هەمیشە لە بیرکردنەوەدایت، ئەوەش وادەکات کە توانای پشوودانت نەبێت، بەڵام لە کۆتاییدا بە سوودی تۆ دەشـکێتەوە، دەتوانیت بە خێرایی لەگەڵ بارودۆخو داهێنانە نوێیەکاندا بگونجێیت، جۆرایەتی شـتێکی گرنگە لە ژیانتدا، ژیانت هەمیشـە لـە جوڵەدایە، حەزدەکەیـت خۆت بخەیتە مەترسییەوە، بەڵام کەسـێکی گەشبینی بە سەلامەتی دێیتە دەرەوە.

کەسـایەتی ژمـارە (٦): کەسـێکی بەرپرسو دڵسـۆزی، جێگەی متمانەو ڕازی دەوروبەریت، بە هۆی هەڵسـوکەوتو سـیفاتە بەرزەکانتەوە، هاوڕێکانت ناچار دەکەیت کە ڕێزت بگرن، هەروەها کەسـێکی گونجاوی بـۆ بەڕێوەبردنی ماڵو خێـزان، بەختەوەرترین کاتەکانی ژیانت، ئـەو کاتانەن کە ئەندامانـی خێزانەکەت لـە دەورت کۆبوونەتـەوە، خاوەنی توانـای داهێنانی گەورەیت، کاریگەریت لەسـەر دەوروبەرت هەیە.

کەسـایەتی ژمارە (٧): کەسـێکی غامزو زیرەکی، شەیدای کارکـردنو بیرکردنـەوەی لە خەڵکـی، حەزدەکەیت بزانیت چی ڕوو دەدات، پاشان شـیکردنەوەو لێکدانەوەی بۆ بکەیت، لەبەرئەوەی تۆ لە بوارێکی دیاریکراودا پسـپۆڕیت، مەیلت بە لای زانیاری زۆرەوە نییە، ئەمەش وادەکات کە لە پیشەکەتدا زیرەکییەکی بـێ وێنەت هەبێت، زیاتر گرنگی بە جۆرایەتی دەدەیت، نەك بە چەندێتی، هەوڵبدە زۆر تر لێبوردە بیت.

کەسـایەتی ژمارە (٨): تۆ بە کردەوە ڕاسـتگۆی، پاڵنەری زۆر گەورەت هەیە بۆ ژیان، لایەنی ماددی، ئارامیو ئاسایشو هێمنـی، هۆکاری سـەرەکی بەختەوەری تـۆن، لەبەرئەوە تۆ ئامادەیت بە شـەوو ڕۆژ کاربکەیت، بۆ ئەوەی بگەیتە هیواو ئاواتەکانت، تۆ کەسـێکی بە سـەلیقەو چالاکی، متمانەت بە خۆت هەیە، بەڕێوەبەرێکی بەتوانایت.

کەسـایەتی ژمارە (٩): کەسـێکی بە خشندەی، گەشبینو چـالاكو گورجو گۆڵـی، داهێنـەری، کەسـایەتیت وا دەکات سەرنجی دەوروبەرت ڕابکێشـیت، زۆر حەزت بە ژیان هەیە، حـەز دەکەیت هەموو شـتێك لە ژیاندا تاقـی بکەیتەوە، تۆ بـە سروشـتی خـۆت مامۆسـتای، حەزدەکەیت بـە دانایيو شـارەزاییت بەشـداری هەموو کـەس بکەیـت، کردەوەکانت وادەکەن دەوروبەرت ڕێزت بگرن، وەکو پێشـەنگێك شـوێنت بکەون، هەمیشـە جەخت دەکەیتەوە کە تـۆ گرنگی نادەیت بەو شتانەی لە دەستت داوە.

خوێنـەری ئازیز: کاتێك هەموو ئەم جۆرە کەسـایەتیانە دەخوێنینەوە، دەبینین، لە بنەڕەتدا سیفاتی خراپو نێگەتیف بوونی نییە، هەمووان خاوەنی سیفاتی جوانو ناوازەین، بەڵام ئـەوە خۆمانین بە بیرۆکـەی خراپ، سـیفاتە جوانەکانمان دەگۆڕین، بۆ سیفاتی نەرێنی، ئەوە بیرکردنەوەکانی خۆمانە، سـیفاتە ناوازەکانمان دەکاتە سـیفاتی شکسـتو دۆڕان.. گەر بیربکەینـەوە هەمووان لە فیترەتدا بەو سـیفاتە جوانانەوە لـە دایکبووین، کەواتـە با هەوڵ بدەین، سـیفاتە جوانەکان بگێڕینـەوە بۆ ناخـی خۆمـانو جارێکی دیکـە خۆمان بە سیفاتی ئەرێنیو ناوازە بڕازێنینەوە..

بەشی سێیەم

چۆن دەبیتە مامۆستایەکی سەرکەوتوو؟

عوسمان حاجی سەلام

پێکهاتەکانی پلانی وانەوتنەوە:

هەریەکە لە جۆرە جیاوازەکانی پلانی وانەوتنەوە وەرزی بێت، یاخود هەفتانە، یان رۆژانە لە دوو پێکهاتەی سـەرەکی پێکدێن، کە ئەوانیـش پێکهاتە رۆتینیەکانو پێکهاتـە هونەرییەکانە، لە خوارەوە بەجیا باس لە هەر یەکە لەو پێکهاتانە کراوە.

یەکەم: پێکهاتە رۆتینیەکانی پلانی وانەوتنەوە:

١- ناونیشانی بابەتی وانە.

٢- بەرواری دەستپێکردنو کۆتایی پێهێنانی پلانەکە.

٣- کاتـی گشـتی پلانەکەو چۆنیەتی دابەشـکردنی بەسـەر پێکهاتە جیاوازەکانی پلانەکەدا.

٤- ناوی لقو پۆلو بەش.

دووەم: پێکهاتە هونەرییەکانی پلانی وانەوتنەوە:

١- ئامانجەکانی فێرکردنو فێربوون.

٢- ئامرازو هۆکارەکانی فێرکردن.

٣- شێوازەکانی پێوانەو هەڵسەنگاندنی فێربوون.

٤- ئەرکی ماڵەوەو بەدواداچوونەکانی وانەوتنەوە.

٥- کاتی وانەوتنەوە.

٦- چالاکیەکان.

بەدەسـتهێنانی کارامەیـیو شـارەزایی لە دارشـتنی پلانی وانەوتنەوەدا:

بۆئەوەی مامۆسـتا بتوانێت شارەزاو کەسێکی لێهاتووبێت لە دارشـتنی پلانی وانەوتنەوەدا، ئەوا پێویستە شارەزایی دەربارەی ئەو تەوەرانەی خوارەوە هەبێت، کە بنەمای گرنگن لە چۆنیەتی دارشتنی پلانی وانەوتنەوەدا، ئەوانیش:

١- زانینی ئەزمونی پێشینەی خوێندکارانو گەشەی عەقڵیان.

٢- دەستنیشـانکردنو هەڵبژاردنـی ماددەو ئامـرازە فێرکارییەکانی وانەوتنەوە.

٣- شـیکردنەوەو تاوتوێکردنـی بابەتـی وانەکە بـۆ زانینی ناوەرۆکی فێرکردن.

٤- دارشتنی ئامانجەکانی فێرکردن.

٥- نەخشەکێشان بۆچۆنیـەتی بەدیهێنانی ئامانجە فێرکارییەکانی وانەوتنەوە.

٦- هەڵبژاردنی شـێوازو جۆرەکانی پێوانەو هەڵسـەنگاندنی ئەنجامەکانی فێربوون.

لە خوارەوە بە وردی باسی چۆنیەتی بەدەستهێنانی شارەزایی دەربارەی هەریەکە لەو خاڵانەی سەرەوە دەخەینەڕوو.

یەکـەم: زانینی ئەزمونی پێشـینەی خوێندکارانو گەشـەی عەقڵیان:

گومـان لـەوەدا نییـە کـە خوێنـدکاران لە هەر ئاسـتێکی خوێندندا بن، ئەزمونو شـارەزاییەکی پێشـینەی باشـیان هەیە دەربارەی بابەتی ئەو وانەیەی کە پێویسـتە بخوێنرێت، ئەمەش گرنگە لە چۆنیەتی دەستپێکردنی خوێندنی وانەی تازە لە پۆلدا.

بۆ نمونە مامۆسـتا لەوانەیەکدا باسی لێکدانی کەرتی دەیی بکات، بـۆ یەکێك لە خوێندکارانی پۆلی ئاسـتێکی دیاریکراو، لەم حاڵەتەدا پێویسـتە مامۆستا ئەوە بزانێت کە ساڵی رابردوو خوێندکاران بەجیا لێکدانو کەرتی دەییـان خوێندووەو لەو چەمکانە تێدەگەن، بۆیە لە توانایاندا هەیە هێمای لێکدان بناسنەوەو کەرتی دەیی لە هەندێ هێما جیابکەنەوە، ئەم زانیاریانەش گرنگە بۆ دەستپێکردن بەم وانەیە.

بۆیە یەکەم شارەزایی کە پێویستە مامۆستا هەیبێتو ڕاهێنانی لەسەربکات، شارەزاییە لە زانیارییە پێشینەکانی خوێندکاران دەربارەی هەربابەتێك کە پێویستە بخوێنرێ لە هەر وانەیەکدا، ئەم دیاریکردنەش لە داڕشتنی ئامانجەکانی فێرکردندا گرنگە.

دوای ئەوەی مامۆستا ئەم شارەزاییەی بەدەستهێنا، ئینجا پێویستە مامۆستا هەوڵی بەدەستهێنانی شارەزاییەکی تری گرنگ بدات، کە ئەویش شارەزاییە لە چۆنیەتی دەستنیشانکردنی ئاستی گەشەی عەقڵی خوێندکاران، لە ڕووەکانی عەقڵیو هەستیو جووڵەییو زمانی ...هتد.

توێژینەوەکان ئاماژە بە چەند پێوەرێك دەکەن بۆ زانینی ئاستی گەشەی عەقڵی خوێندکاران لە لایەن مامۆستایانەوە، ئەو پێوەرانەش بریتیە لە:

١- بەکارهێنانی پێوانەو تاقیکردنەوەکان، بۆ زانینی ئاستی گەشەی عەقڵی لای خوێندکاران.

٢- مامۆستا داوای ڕوونکردنەوەو ڕێنمایی لە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە بکات، سەبارەت بە سیستمی دابەشکردنی خوێندکاران بەسەر پۆلەکاندا.

٣- مامۆستا هەڵسێت بە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی خوێندکاران، لای سەرجەم ئەو مامۆستایانەی کە پێشتر وانەیان بە خوێندکاران وتۆتەوە، بۆ زانینی ئاستی زیرەکیو لێهاتووییان.

دووەم: دەستنیشانکردنو هەڵبژاردنی ماددەو ئامڕازە فێرکارییەکانی وانەوتنەوە:

مەبەست لە ماددەی فێرکاری، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە زانیارییەکانی تێدا پارێزراوە، وەکو وێنەو فیلمو نەخشەو کتێبو ...هتد. بەڵام ئامڕازە فێرکارییەکان ئەوانەن کە لە خستنەڕووی زانیارییەکاندا بەکاردەهێنرێت.

لێرەدا بڕیارێکی گرنگ دێتە ئاراوە: ئایا دەتوانرێت بەبێ بەکارهێنانی مادەو ئامڕازە فێرکارییەکان پلانی وانەوتنەوە دابڕێژرێت؟

هەندێ لە مامۆستایان ئەو کارە ئەنجامدەدەن، بەڵام ئەو مامۆستایانەی لە وانەوتنەوەدا مادەو ئامڕازە فێرکارییەکان بەکارناهێننو پرۆسەی وانەوتنەوە لە سوودی بێسنووری ماددەو ئامڕازە فێرکارییەکان بێبەش دەکەن. بەڵام ئەو مامۆستایانەی کە ئەو مادەو ئامڕازانە لە داڕشتنی پلانی وانەوتنەوەدا بەکاردەهێنن، پێویستە ئەوە بزانن کە ئایا ئەو پێویستیانە تاچەند لە قوتابخانەکەدا دەستدەکەوێت؟ بۆ نموونە ئەگەر مامۆستای وانەی زمان لە داڕشتنی ئامانجی فێرکردنی وانەیەکدا ئامێری تۆماری دەنگی بەکارهێنابوو، ئەوا پێویستە ئەو مامۆستایە لە پێش وانەوتنەوەدا هەڵسێ بەدابینکردنو تاقیکردنەوەی ئەو ئامێرە بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی کارکردنی، بۆئەوەی لە کاتی وانەوتنەوەدا مامۆستا ڕووبەڕووی هەڵوێستی چاوەڕواننەکراو نەکاتەوە.

سێیەم ـ شیکردنەوەو تاوتوێکردنی بابەتی وانەکە، بۆ زانینی ناوەڕۆکی فێرکردن:

ئەو کاتەی مامۆستا وانەیەکی دیاریکراو دەڵێتەوە، پێویستە بە وردی ناوەڕۆکی بابەتی ئەو وانەیە بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی شیکردنەوەی تەواوی بۆ بکات، زانیاریو پێکهاتەکانی ناوەڕۆکی بابەتی وانەکە بزانێت بۆئەوەی لە کاتی داڕشتنی ئامانجی وانەکەدا توشی گرفتو کەموکورتی نەبێت.

کاتێك مامۆستا هەڵدەستێ بە خوێندنەوەی ناوەڕۆکی بابەتی وانەیەك، بە مەبەستی داڕشتنی ئامانجی ئەو وانەیە، پێویستە سوود لە وەرگرتنی وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە وەربگرێت:

١- ئایا هەموو ئەو نوسینانەی لەم بابەتەدا هاتوون، ئاماژە بە زانیاری نوێ دەکەن بۆ خوێندکاران؟

٢- بۆچی هەندێك لەزانیارییە پێشینەکانی خوێندکاران، لەم بابەتەدا نوسراونەتەوە؟

٣- زانیاری بنەڕەتی لە ناوەڕۆکی ئەم بابەتەدا چییە؟ ئایا دەکرێت بە کورتی دەستنیشان بکرێتو بنوسرێتەوە؟

٤- ئایا زانیارییە بنەڕەتییەکان لەم بابەتەدا لە یەك ئاستی گرنگیدان؟ ئایا لە شێوەی داڕشتنیشیاندا هاوشێوەن؟

٥- تەوەری سەرەکی ئەم بابەتە چییە، کە زانیاریەکانی ناو بابەتەکە باسی لێوەدەکەن؟

هەرچی دەربارەی ناوەڕۆکی بابەتی وانەکەیە، ئەوا ئەو بابەتە بابەتێکی زانستی، یان وێژەیی، یان شارەزاییە کە لە پرۆگرامی خوێندندا هاتووە، زۆرجار ئەم زانیارییە لە شێوەی زانیاری بنەڕەتیدا دێت، کە پێویستە لەگەڵ زانیاریە نابنەڕەتیەکانی هەمان بابەتدا بۆ خوێندکاران باسبکرێت، ئەو زانیاریە نابنەڕەتیانەش دەکرێت نوێبن بەلای خوێندکارانەوەو پێشتر نەیانخوێندبێت، کەچی لە شێوەی نابنەڕەتیشدا هاتوون، هەندێجاریش ئەو زانیاریە نابنەڕەتیانە بەلای خوێندکارانەوە دووبارەنو پێشتر لەوانەکانیاندا خوێندویانە.

بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت بە باشی ئامانجەکانی فێرکردنی خۆی دابڕێژێت، ئەوا پێویستە شارەزایی تەواوی دەربارەی زانیاریو شارەزایی دەربارەی ئەزمونی پێشینەی خوێندکارانو ئامێرو ئامڕازە فێرکارییەکانو شیکارکردنی بابەتی وانەکە هەبێت.

پێشتر باس لەوەکرا کە داڕشتنی پلانی وانەوتنەوە بەپێی ئاستەکانی خوێندنو ئاستی گەشەی عەقڵیو جەستەیی خوێندکاران دەگۆڕێت، هەروەها بەپێی بەکارهێنانو بەکارنەهێنانو جۆری ئامڕازە فێرکارییەکانیش دەگۆڕێت.

ئەگەر داڕشتنی ئامانجەکانی فێرکردن لە ڕووی تیۆرییەوە بە ئاسانی دیاربێت، ئەوا بێگومان داڕشتنی ئامانجی فێرکردن بەپراکتیکی جۆرێك لە گرانیو ئاڵۆزی تێدا دەردەکەوێت، بۆیە پێویستە مامۆستا زیاتر شارەزایی دەربارەی داڕشتنی پلانی وانەوتنەوە کۆبکاتەوە، زۆرجار مامۆستا بە هۆی نەتوانینی جیاکردنەوەی پلانی وانەوتنەوەی گونجاو لە پلانی وانەوتنەوەی نەگونجاو توشی کێشە دەبێت، چونکە ئەو مامۆستایانە ئامانجێك دادەڕێژن کەدواتر ناتوانن لە ماوەی کاتی دیاریکراوی وانەکەدا جێبەجێی بکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ئامانجانە ئامانجی گشتین، نەك ئامانجی تایبەتی.

ئەو ڕێگایەی کە خودی خۆتی پێدەبینێت!

و: چیا عەبدوڵا

ئەو ڕێگەیەی کە خودی خۆتی پێدەبینێت: بەشی دووەمی وێنەی خودیت وێنەی کەسیتە، ئەویش ئەو ڕێگەیەیە کە خۆتی پێدەبینیتو بیر لە خۆت دەکەیتەوە، لای زۆرینە بە (ئاوێنەی ناوەکی) ناسراوە، واتە ئەو بارەی کە لەناوەوە خۆتی پێدەبینی بۆ ئەوەی لات ڕوون بێت، چۆن مامەڵە بکەیت لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا، بەپێی هێزی وێنای کەسی خودی ڕەفتاری دەرەکیت دەبێت، چونکە ئەو ڕەفتارە هاوتای وێنەی ناوەکیتە.

دۆزینەوەی چەمکی وێنای کەسی خود دەگەڕێتەوە بۆ (ماکسویل مالتس)، ئەو بووە بە ڕوونکەرەوەی سەرەکی لە تێگەیشتن لە ڕەفتارو چالاکی مرۆڤەکان، لە ڕێی وێنای زیهنیو خەیاڵکردن بەوەی خۆت ببینی، ئەو کارە بەباشترین شێوە ئەنجام بدەیت، لە ڕووداوێکدا کە ڕەنگە ڕووبدات، تۆ نامەیەك دەنێریت بۆ ژێری ناوەکیت، ئەویش وەك فەرمانێك وەریدەگرێت، لەسەر ئەم بەرنامەڕێژیەش بیرکردنەوەکانتو وشەکانتو ڕەفتارەکانت هەڵدەبژێرێت، بەمەش نموونەیەکی گونجاوت دەداتێ لەسەر ئەو وێنەیەی کەبۆ خۆتت دروستکردووە.

هەموو پێشکەوتنێك کە ڕوودەدات لە ژیانتدا لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کەدەست بکەیت بە بەرەوپێشبردنی وێنای کەسیت، وێنە ناوەکییەکانت کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵچوونەکانت، ڕەفتارت، لەسەر هەڵوێستە دەروونییەکانیشت، بگرە کاریگەری لەسەر وەڵامدانەوەی دەوروبەریش هەیە بۆ تۆ، لە ڕاستیدا دروستکردنی وێنای ئەرێنی بۆ خود لایەنێکی گرنگە بۆ گۆڕانکاری لەبیرو ژیانتدا.

*** هەستت چۆنە بەرامبەر خۆت؟**

بەشی سێیەم لە وێنەی خودیت (ڕێزی خود)ە: ئەم پێکهاتەیەکی چالاکی کەسێتیە، (ڕێزی خودی کاراکتەری هەرە گرنگە لە دیاریکردنی جۆری بیرکردنەوەو هەستو ڕەفتارت، هەروەها بەئاستێکی بەرز ڕێزی خودیت دیاری دەکات لە زۆرینەی ئەو ڕووداوانەی کە ڕووبەڕووت دەبێتەوە لە ژیانتدا، ڕەنگە باشترین پێناسە بۆ ڕێزی خودیت، ئەوە بێت تاچ ئاستێك تۆ سەرسامی بەخۆت، چەندە ئاستی سەرسامی خودیت بەرز بێتەوە، ئەوەندە ئەدات بەرز دەبێتەوە لە پەیکەلکردنی شتەکاندا، بەپێی یاسای (بەرامبەر، جێگۆڕکێ)، چەندە ئاستی ئەدات بەرزبێتو باش بێت، ئەوەندە سەرسامیت بەخۆت بەرزدەبێتەوە.

ڕێزی خودیت (چالاککاری ناوەکیتە) لەسەر کەسێتیت، هەرئەویش سەرچاوەی ئەو وزەیەیە کە ئاستی متمانەو حەماسەتت دیاری دەکات، چەندە سەرسامیت بەخۆت بەرزبێتەوە ئەوەندە ئەو پێوانانە بەرزدەکەیتەوە کە بۆ خۆتی دادەنێیت، ئەوەندەش ئەو ئامانجانە بەرزو گەورە دەکەیت کە بۆ خۆتی دادەنێیت، ئەوەندەش سوور دەبیت لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە. ئەو کەسانەی کە ڕێزی خودیان بەرزە بەڕاستی هیچ شتێك ناتوانێت خۆی بگرێت لە بەرامبەر کەسێتیاندا، بەو بڕەی کە تۆ ڕێزی خودیت هەیە ئاستو جۆری پەیوەندیت بەوانی ترەوە دیاری دەکات، چەندە خۆتت خۆش بوێتو ڕێز لە خۆت بگریت، ئەوەندەش ڕێزو خۆشەویستیت بۆ ئەوانی تر بەرز دەبێتەوەو هەستیان بەرامبەرت باش دەبێت، لە لایەنی کارو پیشەتەوە ئاستی ڕێزی خودیت کاراکتەرێکی یەکلاکەرەوە دەبێت، لە دیاریکردنی ئەو شمەکەی کە تۆ دەیخەیتە بەرچاوی خەڵکو چەندە پێی ڕازی دەبن، یان نا، ئایا قبوڵت دەکەن، یان نا، ئایا لەگەڵتدا مامەڵەی مادی دەکەن، یان نا، بگرە تائەو ئاستەی ئایا قەرزت پێدەدەن، یان نا، چەندە ڕێزی خودیت باشو بەرزبێت، ئەوەندە دەبیتە باوکێك یان هاوسەرێکی باش، چونکە ئەو دایكو باوکە خاوەنی ڕێزی خودی بەرزنو منداڵەکانیشیان لەسەر ئەو بابەتە گەورە دەبن، ئەو منداڵانە خاوەنی متمانەیەکی بەرزن بەخۆیان، هەروەها لەو منداڵانەش نزیك دەبنەوە کە خاوەنی هەمان سیفەتن، ماڵی خاوەن ڕێزی خودی بەرز پڕە لە خۆشەویستیو پێکەنینو بەختەوەری بۆ هەموو ئەوانەی لەو چوارچێوەیەدا دەژین.

سەرچاوە: پەرتوکی بیرت بگۆڕە، ژیانت بگۆڕە/ ن: برایان ترەیسی

با خۆرئاوابوون، هەڵهاتنی خۆری ئومێدت بێت!

ئەی ئەو کەسەی ڕۆژی ڕووناکت لێبووەتە شەوەزەنگ، ئەی ئەو کەسەی پرشنگی خۆرت لێبووەتە تارمایی، ئەی ئەو کەسەی لە هەموو چرکەساتێکی ژیانتدا خەمت کردووە بە هاودەمی خۆت، تۆ! ئەی ئەو کەسەی دەرگای نائومێدیت بە ڕووی خۆتدا کردووەتەوەو دەرگای ئومێدو هیوات لەسەر خۆت داخستووە.

لێت دەپرسم: ئەوە چییە تۆی نائومێد کردووە؟! مەگەر نازانی ژیان بەبێ ئومێدی مەحاڵە؟! بۆچی خەندەت لە سەر لێوەکانت تۆراندووە؟! مەگەر ژیان دەگوزەرێ بەبێ خەندەی سەرلێوەکان؟! بۆچی بەهاری ژینت ئاوێتەی خەزان کردووە؟! بۆچی دونیات لێتەنگو تار بووە؟! ئایا وابیردەکەیتەوە لەم جیهانە پانو بەرینەدا گۆشەیەك بۆ تۆ نەماوە تێیدا هەناسەیەکی ئارام هەڵمژیو بە ئاسودەیی تێیدا بژیت؟!

نەخێر، ژیان بەو ئەندازەیەش تاڵ نییە کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە، با هەمیشە لە یادت بێ، هەروەك چۆن ژیانێك بوونی نییەو نابێ هەمووی لێوان لێو بێت لە شادیو کامەرانی، هەر بەو جۆرەش ژیانێك بوونی نییەو نابێت سەراپای لە خەمو پەژارەو نائومێدی پێکهاتبێت، کەوایە مژدەت لێبێت، ئەو خەمو پەژارەیەی تۆش کۆتایی دێت، جا ئەمڕۆ بێت، یان سبەی، تەنیا پێویستە لەسەر تۆ ئومێدەوارو ئارامگربیت، هەروەك خودای مەزنو دلۆڤان دەفەرموویێت: ﴿وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴿٤٦﴾﴾ الأنفال، (واتە: خۆگرو ئارامگر بن، چونکە بەڕاستی خودا یارو یاوەری خۆگرو ئارامگرانە). ئاخۆ کەسێك خودا یارو یاوەری بێت، دەبێت خەمو پەژارە، ئومێدی لەبن بێنێو شوشەی کامەرانی بشکێنێت؟! ئاخۆ دەبێ نائومێدی باڵ بکێشێ بەسەر دڵی ئەو کەسەدا؟! بێگومان نەخێر، بۆیە لێرەدا پێنوسەکەم دەیەوێت دڵی ماتو حەزینت بدوێنێو پێی بڵێ ئەی دڵی حەزینو خەمبار ئەو خەمو پەژارەیەت لە ڕیشە دەربێنەو لە جێی ئەوەدا ئومێدو هیواو ئارامگرتن بچێنە، سابەڵکو پەروەردگاری جیهانیان یارو یاوەرت بێت.

ئەی بەندەی خودا، لە دەوروبەرەکەت ڕابمێنە، بزانە چەند گرفتارو هەژارو نەدارو نەخۆشو بەڵابار بەرچاوت دەکەوێت، ئەوجا بۆ چەند ساتێکیش لە خۆت ڕامێنەو سوپاسو ستایشی پەروەردگار بکە کە تۆ بەو جۆرە گرفتارو نەخۆشو نەدارو بەڵابار نیت.

مەگەر نەتبینیوە هەموو دەمەو ئێوارەیەك خۆرئاوا دەبێت، پاشان هێدی هێدی دونیا بێدەنگو خامۆش دەبێت، دواتر لە بەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوودا دیسان جارێکی تر خۆر هەڵدێتەوەو تەواوی جیهان ڕۆشن دەکاتەوە؟! کەواتە سوپاسو ستایش بۆ خودای باڵادەست کە شەوو ڕۆژی بەدوای یەکدا هێناوە، بێگومان خۆشیو ناخۆشیەکانیش هەروان.

مەگەر نابینی لەشەوەزەنگدا مانگو ئەستێرە پرشنگدارەکان چەند ڕۆشناییەکی جوانیان بە ئاسمانو زەوی بەخشیووە؟! بەڵام کاتێك دیار نامێننو ڕوو لە ئاوابوون دەکەن، ئاسمانو زەوی خەمبار نابن، چونکە دەزانن کاتێك ڕۆشنایی مانگو ئەستێرەکان ئاوابوو، ئیتر کاتی هەڵهاتنی خۆرە تا ڕۆشناییەکی جوانترو فراوانتریان بۆ فەراهەم بێنێت. کەوایە چیتر هاودەمی خەمو گریان مەبە، هەرکاتێك ئارامیو دڵشادیو خەندەی سەر لێوەکانت لێ ئاوا بوو، ئەو کات چاوەڕێی ئارامیو دڵشادی زیاترو خەندەی زیاتر بکە.

هەر بۆیە خودای میهرەبانو کاربەجێ بەندەکانی دڵنیا دەکاتەوەو دەفەرموویێت: ﴿فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٥﴾ إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٦﴾﴾ الشرح، (واتە: بەڕاستی هاوڕێ لەگەڵ تەنگانەدا خۆشیو ئاسوودەیی دێت، بێگومان بە دڵنیاییەوە هاوڕێ لەگەڵ تەنگانەدا خۆشیو ئاسوودەیی هەر دەبێت).

کەوایە ئەی دۆستی ئازیز، بزانە ئەگەرچی تۆ ئێستا خەفەتباری، یان هەژارو بەڵاباری، بەڵام هیچ کاتێك نائومێد مەبە، چونکە دڵنیابە ڕۆژێك دێت جارێکی تر خەندەی تۆراو بۆسەر لێوەکانت دەگەڕێتەوەو خۆری شادیو کامەرانی ژیانت ڕۆشن دەکاتەوەو جارێکی تر ئارامی بۆ دڵی بێ ئارامت دەگەڕێتەوە.

یەکێك لە دانایانیش وتەیەکی جوانی هەیە، دەڵێت: (ئومێد لە ژیاندا، وەکو باڵ وایە بۆ باڵدار)، بۆیە وەبیرت دەهێنمەوە هیچ کاتێك نا ئومێد مەبە، چونکە ژیان بە ئومێدەوە جوانە.

جەمال هەورامی

٥٠ مۆم بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەتان

بۆ کوڕو کچە لاوەکانم

ن: د. عبدالکریم بکار- و: ئاسیا صەلاح

مۆمی پێنجەم: تۆ خۆت بە!

ئەگەر هەستو ڕای خەڵکی بزانن دەربارەی باری ژیانو کۆمەڵایەتیان، بۆتان دەردەکەوێت کە زۆربەیان وا دەخوازن کە لە حاڵێکی باشتردابن لەوەی کە تیایدان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروشتەی خودا پێی بەخشیوین لە خۆشویستنی چاکو زیادبوونی خۆشییەکان.

کوڕوکچەکانم، کەسانێك هەن لەو گوندەش ڕازی نین کە تیایدا لە دایکبوون، هیواخوازن لە شارێکی گەورەتر لە دایکبوونایە، کەسانێك هەن هیوادەخوازن باوکیان دەوڵەمەند بووایە، ئەو کات لە خێزانێکی پلەبەند گەشەی دەکرد، ژمارەیەکی زۆر لە کچان هەن بێزارن لە شێوەیانو ڕەنگیانو... لێرەو لەوێ.

ڕۆڵەکانم ئەو پەیامەی دەمەوێت بیگەیەنم، ئەوەیە کە ئەو توانایانەی کردگار پێی بەخشیوین، -پاکیو بێگەردی هەربۆ خودا- ئەو بارودۆخانەی تێیدا گەورەبووین بە شێوەیەکی گشتی بڕیار لەسەر داهاتومان نادات، هەمووتان دەزانن هەزارەها گەنجی کوڕو کچ هەیە کە لە باشترین بارودۆخدا لە دایکبوون، ئەوەیان لێچاوەڕوان دەکرا ئەمڕۆ لە خەڵکانی نمونە بن، لە سەرکەوتووترینیانو کارزانترینیانو دڵخۆشترینیان بن، بەڵام هیچ لەمانە ڕووی نەدا، بەڵکو ناسەرکەوتووبون، بێبەرهەم بوون، لە خوێندنو کارەکانیانو ژیانی تایبەتیان، شکستیان هێناوە، لە لێواری ژیاندا دەژین، بەشێوەیەك هیچ کەس لە ئێمە ئاواتی ئەوە ناخوازێت کە ڕۆڵەکانی وەك ئەوان بن، لە بەرامبەردا ئازیزانم کەسانێکی گەورە هەن کە ڕێڕەوی مێژوویان گۆڕیو ناوەکانیان بە پێی ڕووناك لەسەر پەڕەکانی نەخشان، لەگەڵ ئەوەی لە خێزانێکی واشدا بوون کە ڕەچەڵەکو بنەچەیان نەزانراوە، پارەیەکی باشیشیان نەبووە، لە شوێنێکی باشیشدا نیشتەجێ نین، مێژوو باسی ئەوەمان پێ دەڵێتو دەبێت دڵسۆزانە پەندی لێوەربگرین..

ابن الوردی:

لا تقل أصلی وفصلی أبدا
إنما أصل الفتی ما قد حصل
قد یسود المرء من غیر أب
وبحسن الشبك قد ینفی الدغل

لە مێژوومانداو لە مێژووی جیهانیشدا پیاوانو ئافرەتانی زۆر هەن کە دایکو باوکیان شانازی بە بوونیان دەکەن.

ئەمە چی دەگەیەنێت لای کوڕو کچەکانم؟

١- سوپاسگوزاری خودابە بۆ ئەوەی لێزانی کردویتو پێی بەخشیویت، ئەگەر بە بەراورد بە کەسێکی دیکە کە هەیەتی کەمتریش بێت.

٢- خۆتو بارودۆخت قبوڵ بێت، هەست بە شانازی بکە بەوەی کە هەتە، بە خاڵی دەستپێکردنی دابنێ بۆ پێشەوە.

٣- ئەو دەروونە بچوکو نزمەت لە خەیاڵو خەمەکانی ئێستا بەدووربگرە، لە ڕێگەی ئەو دەروونە گەورەی کە دێت لە زریانی دڵەوە کە بە جدیاتو باوەڕبەخۆبوونو کارکردنو بەردەوامیو هیواو ئامانجی بەرز هەڵدەکات.

٤- بچوکترین پریشکی خۆت هەڵبکە، تا ببێتە ڕووناکییەکی مەزن کە ڕێگای تۆو خێزانو هاوڕێکانت ڕۆشن بکاتەوە.

٥- ڕێگەمەدە ببیتە سێبەری هیچ کەسێك، هەمیشە هەوڵبدە پێشەواو نموونەی بەرز بیت، تا کەسانی تر سودت لێ ببینن.

چاکە بکە، لە یەکەم چاوپێکەوتندا!



زۆرجار یەکەم چاوپێکەوتن ٧٠٪ی ئەم وێنەیە دەچەسپێنێت لە لامان کە پێیدەڵێن وێنەی زەینی، دەگێڕنەوە کۆمەڵێك ئەفسەر گەشتیان کرد بۆ ئەمەریکا بۆ خولێکی مەشقپێکردن کە تایبەت بوو بە مامەڵەکردنی پیشەیی.

لە یەکەم ڕۆژدا زووتر چوونە ناو هۆڵی وانە وتنەوەکەو دەستیانکرد بە گفتوگۆکردنو یەکترناسین، لە پڕێکدا مامۆستاکەیان خۆیکرد بە ژووردا، هەموویان بێدەنگبوون.

چاوی مامۆستاکە کەوتە سەر قوتابییەکیان کە هێشتا زەردەخەنە بە ڕووخسارییەوە مابوو، مامۆستاکە هاواریکرد بەسەریدا، بۆچی پێدەکەنیت؟ ئەویش وتی: ببورە پێنەکەنیوم، وتی: بەڵێ پێکەنیویت، سەرزەنشتیکردو وتی: تۆ مرۆڤێکی شیاونیت بۆ ئەم خولە، واباشترە بگەڕێیتەوە لای کەسوکارت! من حەز بە چارەی کەسانی وەك تۆ ناکەم لەم هۆڵەدا، قوتابی بەستەزمانیش ڕەنگی گۆڕاو سەیرێکی مامۆستاو دەوروبەرەکەی خۆیکردو لە شەرما نەیدەزانی چی بکات...

لەم کاتەدا مامۆستاکە بە تووڕەییەوە ئاماژەی بە دەرگاکە کردو وتی: بۆ دەرەوە، بەمشێوەیە قوتابییەکە بە شڵەژاوی دەرچوو، دوای ئەوە مامۆستاکە سەیرێکی قوتابیەکانی کردو وتی: من دکتۆر فلانەم و ئەم بابەتەتان پێدەڵێم، بەڵام بەرلەوەی کە دەست بە وتنەوەی وانەکە بکەم، دەمەوێت هەریەکەتان ئەم فۆرمەم بۆ پڕبکاتەوە، بەبێ ناونووسین، کە فۆرمەکەش بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستا بوو، پێنج پرسیاری لە خۆگرتبوو بەمشێوەیە:

١- ڕات لەسەر ڕەفتاری مامۆستاکەت چییە؟

٢- ڕات لەسەر شێوازی وانە وتنەوەکەی چییە؟

٣- ئایا ڕای بەرامبەر قبوڵدەکات؟

٤- تا چەند ئارەزوومەندیت، لەسەرنەوەی جارێکی تریش وانەت پێبڵێتەوە؟

٥- ئایا خۆشحاڵ دەبیت بە بینینی لە دەرەوەی پەیمانگە؟

کە لە بەرامبەر هەر پرسیارێکیشدا (نایاب، باش، پەسەند، لاواز بە دیدەکرا).

قوتابییەکانیش فۆرمەکەیان پڕکردەوەو بۆ مامۆستاکەیان گەڕاندەوەو دەستیکرد بە شیکردنەوەی کاریگەری هونەری مامەڵەکردن لە کەشێکی پیشەییدا، لە دواییدا وتی: ئای ئەوە بۆ هاوڕێکەتان بێبەش بکەین لە سوودمەندبوون، ئینجا چووەدەرەوەو تەوقەی لەگەڵدا کردو بەزەردەخەنەوە گەڕاندییەوە بۆ ناو هۆڵەکە، وتی: من کەمێك لەمەوبەر بە بێ هۆ لە تۆ تووڕە بووم، ئەمەش لەبەرئەوەی گرفتێکی تایبەتیم هەیە کە وایکرد تووڕەببم، داوای لێبوردنت لێدەکەم، تۆ قوتابییەکی پابەندیتو باشترین بەڵگەش ئەوەندە بەسە کە تۆ کەسو کارت جێهێشتووەو هاتوویت بۆ ئێرە، منیش سوپاسی تۆو هەموو ئەوانەی تریش دەکەم لەسەر پابەندبوونتانو گەورەترین شەرەفیشە بۆ من کە وانە بە ئێوە دەڵێمەوە!

بەمشێوەیە باشتر خۆی نواندو کەمێك پێکەنین لەگەڵ یەکتریدا، لە دواییدا فۆرمی تری دەرهێناو وتی: لەبەرئەوەی هاوڕێکەتان فریای پڕکردنەوەی نەکەوت، ڕاتان چۆنە کە دووبارە فۆرمەکان پڕبکەینەوە؟ هەر بۆیە دووبارە فۆرمەکەی بەسەردا دابەشکردنەوەو دوای پڕکردنەوەی بۆیان گەڕاندەوە، ئەویش هەڵسا بە بەراووردکردنی ئەوەی یەکەمجارو دووەم جار، بینی ئەم خانەیەی کە لاواز بوو لە باری یەکەمدا هەمووی پڕ بوو، بەڵام لە باری دووەمدا نەلاوازو نەپەسەند نەبوو! بەمەش مامۆستاکە دەستیکرد بە پێکەنینو وتی: ئەوەی بینیتان ڕێبەرو ڕێنیشاندەرێکی پراکتیکی بوو لەسەر کاریگەری مامەڵەکردنی نەرێنی لە ژینگەی کار، لە نێوان بەڕێوەبەرو فەرمانبەرەکانی، ئەوەی کردیشم نواندنێکی پراکتیکی بوو، ویستم لە بەرامبەرتان بینوێنم، ببینن کە چۆن ڕوانینتان گۆڕا بە تەنها گۆڕینی مامەڵەکردنم لەگەڵتاندا.

ئەوەش سروشتی مرۆڤە!

کە هەر دەبێت ڕەچاو بکرێت! بە تایبەتی لەوانەی کە بەتەنها لە جاری یەکەمدا چاوت پێیان دەکەوێت.

سەرچاوە: یاوەرێك بۆ سەرکەوتن.. بەم زووانە ئەم پەرتووکە بە سوودە دەکەوێتە بەردیدی خوێنەران..

هێزی وشەکان

محەممەد فاتح

بەشی دووەم

وشەی گۆڕانکاری، وشەی پێکهێنەریشیان پێدەگوترێت لای زانایان، ئەم وشانە سادەترینو کاریگەرترین هۆکاری گۆڕانکاری ژیانن.

زۆر لە ئێمە زیاتر ئەو وشانە بەکاردەهێنین کە تایبەتن بە هەستی خۆمان، یان لە کەسێکی خوازیارەوە وەریاندەگرین، لێرەدا پێم باشە باسێکی زمان بکەین کە دووجۆرە (جەستەییو زمانی دەنگی).

زمانی جەستەو زمانی دەربڕین زۆر لە یەك جیاواز نین، هەندێك بۆ دەربڕینی دڵخۆشی خۆیان بە زمان دەریدەبڕن، هەندێکیش بۆ دەربڕینی ئەم وشەیە لە کردارەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە.

زمانیش کاریگەری زۆری هەیە لە پێکهێنانی ڕاستییەکاندا، ئەو وشانەی کە ئێمە بە ئەزمونی خۆمانیان دادەنێین، لە ڕاستیدا ئەزمونیان لێوە وەردەگرین!!!

کاتێك کە زۆرێکمان لەبەردەم کەسانی تردا قسە دەکەین، هەستێکی زۆر ناخۆشمان لادروست دەبێت، توشی دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەبین، ئەمەش سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی بێسنوری وشە، ئەمە لە کاتێکدا کە زۆرێك لە ئێمە لە کاتی قسەکردندا تەنها ١٠٠٠٠ وشە بەکاردەهێنین لە کارە جیاوازەکاندا، ئەمانە لە کاتێکدا کە تەنها لە زمانی ئینگلیزیدا ٥٠٠-٧٠٠ هەزار وشە هەیە. زۆر کەس ٢٪ی وشەکان بەکاردەهێنێت، بەڵام دیارە کە کەسێکی وتاربێژ زیاتر لەم ڕێژەیە بەکاردەهێنێت، بۆ مەبەستی جیاجیا

دەتوانین بڵێین کە زۆربەیان نیوەی وشەکان کە ئێستا بەکاریان دەهێنن بەداخەوە وشەی نێگەتیڤن، بە هۆی ئەوەی کە ئێمە لە کاتی قسەکردندا ژمارەیەکی کەم لە وشە بەکاردەهێنین، زۆر کات لە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەی ڕاستەوخۆدا توشی کێشە دەبین، کە بە بیروڕای زۆرێك لەوانە بەهۆی لێدانی خێرایی دڵو وشکبوونەوەی زمانو نەمانی تف لە دەمدا، کە ئێمە دەتوانین ئەم شتانە لە سودی خۆمان بە کۆتا بهێنین. ئەگەر سەرنجبدەین، هۆکاری مانەوەی زۆرێك لە سەرکردەکاندا لە دەسەڵاتدا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە توانایەکی زۆر باشی هەیە لە قسەکردندا.

ئەو کەسانەی کە لە دەربڕینو یاریکردن بە وشەکان لاوازبێت، ئەو کەسانە لە ڕووی هەستیاریشدا ژیانێکی باشیان نابێت.

وشەی جوان وەك بەستەیەك لە ڕەنگ وایە، کە بە هۆیەوە وێنەی زۆرجوانی ڕەنگاو ڕەنگدەکێشیت، هەر چۆن وەك چۆن دەتوانیت بە تێکەڵکردنی ڕەنگەکان ڕەنگی نوێ دروست بکەیت، ئاواش دەتوانیت بە تێکەڵکردنی وشەکان لە سەر ڕیزەکان بە جوانترین شێوە پێکەوەیان ببەستیتەوە.

ئەگەر بێینو سەیرکەین کە کەسە سەرکەوتووەکان چ جۆرێك وشە بەکاردەهێنن، بە بەراورد بە کەسە شکستخواردووەکان، جیاوازییەکی زۆر دەبینین. با هەوڵبدەین وشە جوانەکان لە سودی خۆمان بەکاربهێنین، چونکە ئێمە دەتوانین بە وشە جوانەکان وشەی زۆر ناشیرین دروست بکەین، بۆ نموونە ئێمە زۆر باش دەزانین کە وشەکانی (ببورە- داوای لێبوردن دەکەم...)

که خۆیان وشـەگەلێکن که تا زیاتر لێیان ورد بینەوە ئەوا زیاتر جوانیەکانیمان بۆ دەردەکەوێت، بەڵام وەرە با ئەم وشانە بەمشێوە بەکاربهێنین: (زۆر داوای لێبوردن کردن- وا دەکات که کەسایەتیت زۆر لاواز بکات، نرخت زۆر کەمبێتەوە لە ناو کەسـانی تریشـداو وەکـو مەلەوانەکەت لێدێت، واش دەکات که کەسـی بەرامبەر زۆر رقی لەم وشـەیە بێتـەوە، ئیتر بەکاریان نەهێنێـت، یان با هەر هەمان وشـە پێشگرێکی بخەینە سـەر (دەبێت)، با بڵێین: دەبێت (داوای لێبـوردن) بکەیـت، ئای چەند ناشـیرینو ناحەز دەبێت؟ بەڵام با کارێك بکەین که پێویسـت نەکات بەکاریانبهێنین، ڕسـتە جوانەکان بەکاربێهنین.

تەنانـەت لەگـەڵ جگـەر گۆشـەکانماندا بێ ئاگایـی خۆمان چەند وشەیەکی زۆر ناشـیرین بەکاردەهێنین، وەکو (بۆ ئەوەندە نارێکیت- بۆ ناتوانیت بێدەنگ بیت...)، ئەم وشانە لێکۆڵینەوەکان دەریانخسـتووە کـە وادەکات متمانەبەخۆبـوون لای منداڵان کەم بکاتەوە، باشـە ئەگەر هەر ئەو دوو کۆمەڵە وشـەیە ئاوا لێبکەین چەند جوان دەبێت؟

بە ڕووخسـارێکی پێکەنیناوییەوە بڵێیـن: (گیانی من، ئەگەر هێنـدە نارێك بیـت، نارەحەت دەبم، ئازیزی دڵم قسـەکانت کەم بکـەرەوە)، بزانە چەند متمانە لای منداڵەکەت دروسـت دەبێتو پەیوەندی نێوانتان خۆشتر دەبێت.

ئێمـە نابێت هەمیشـە سـود لە وشـە هێمـنو پۆزەتیڤەکان وەرگرین، نێگەتیڤەکان پشتگوێ بخەین، چونکە ئەو ((کەسەی که هەستو بیرکردنەوەی نێگەتیڤی نەبێت، هەمیشە سەرناکەوێت))، یان بمانەوێت گۆڕانکارییەك بکەین لە کۆمەڵگەدا، ئەوا بە تەواوەتی شکسـتدەهێنین. بەڵام با وشـە ڕەقو بە ئـازارەکان بۆ گۆڕانکاری نەکەین، بە چەکی یەکەمی دەستمان، خۆ دیارە لە هەندێك کاتدا ئەم وشە نێگەتیڤانە زۆر لە هەموو وشەکانی تر باشترن، هەرگیز نابینیـن لە کەمپی سـەربازیدا، یان لە جەنگەکانـدا، یان لە زۆر شوێنی تردا.

گەلێـك شـتی گۆڕانکاری تریش هەیە که وادەکات وشـەکان مانای ڕاستەقینەی خۆیان لە دەستبدەن، بۆ نموونە هەندێك کات ئێمە ئەم دوو ڕسـتەیە لە یەك ئاسـتدا بەکاردەهێنین، وەك: (من لە دەسـتی فلان تورەم)، (فلان لە پشـتەوە چەقۆیەکی لێدام) بۆ نموونە.

ئێستا لای تۆ کاریگەری کامیان زیاترە؟؟؟

بێگومـان ڕسـتەی دووەم، کاتێك که لە ڕسـتەیەکدا سـود لە وشـە لێکچووەکان وەردەگرین، ئەوا بە تەواوەتی واتای ڕسـتەکە دەگۆڕێت، هەستی ڕاستەقینەی خۆی لە دەستدەدات.

فلان لە ڕسـتەکانی سـەرەوەدا چ کارێکی کـردووە؟ ڕەنگە لە ڕاسـتیدا تەنها بـێ بەڵین بووبیت، بەڵام ئێمە وشـەکانی (تورەم- چەقۆ لێدان)مان خستە پاڵی، وشەی لێکچومان بۆ بەکارهێنا.

ئاگاداربە لە کاتی قسەکردندا یاریکردن بە دەنگت زۆر گرنگە، هەندێـك کات پێویسـتە دەنگت بـە تەواوەتی بـەرز بکەیتەوەو هەنـدێ کاتیش بـە تەواوەتی نزمی بکەیتـەوە، نهێنی وتاربێژی سەرکەوتوو لە دەنگیدایە.

ئامۆژگاری باڵوڵ بۆ خەلیفە هارون..

ڕۆژێکیان خەلیفە هارون چاوی بە باڵوڵی حەکیمو دانا کەوت.. پێی گوت: باڵوڵی حەکیم ئامۆژگاریم بکە..

باڵوڵ گوتی: باوکو باپیرانت، خەلیفەکانی پێش تۆ لە کوێن؟

خەلیفـە هارون گوتی: ماڵاواییان لە ژیان کردووەو کۆچی دواییان کردووە..

باڵوڵ: ئەی کۆشـکو تەلارەکانیان لـە کوێیە؟ هارون: ئاماژەی بـۆ کۆشـکو تەلارەکانیان کردو وتی: ئەوانە کۆشـکو تەلارەکانی ئەوانن..

پاشان باڵوڵ گوتی: ئەی گۆڕەکانیان لە کوێیە؟

خەلیفە هارون: ئاماژەی بۆ گۆڕستانەکەیان کردو وتی: ئەوەش گۆڕەکانیانە..

باڵـوڵ گوتی: کەواتـە ئەوانە کۆشـکەکانیانەو ئەو بەرەوەش گۆڕەکانیانە، دڵنیام کە کۆشکەکانیان هیچ سودێکیان پێناگەیەنێت لە گۆڕەکانیاندا!!

هارون وتی: زۆر ڕاستە.. زیاتر ئامۆژگاریم بکە..

باڵـوڵ گوتی: کۆشـکەکانی تۆش لـە دنیادا گەلـەك فراوانو خۆشن، خۆزگە گۆڕەکەشت لە پاش مردنت فراوانو خۆش دەبوو!

هارون دەستیکردە گریانو گوتی: زیاتر ئامۆژگاریم بکە..

باڵـوڵ گوتی: ئەگەر تۆ ببیتە خاوەنی گەنجینەو خەزێنەکانی کیسـرا، سـەدان سـاڵیش تەمەنت بێت، ئایا گۆڕ کۆتـا ماڵو دوا ئارامگـەی هەموو مرۆڤەکان نییە، لە بارەی هەموو ئەو شـتانەوە پرسیارت لێناکەن کە تۆ بوویتە خاوەنی؟

خەلیفە گوتی: بێگومان..

پاشـان هارونـە ڕەشـید گەڕایـەوە ماڵـەوە، پـاش ماوەیەك نەخۆشـکەوت، نەخۆشـییەکەی تەنهـا چەنـد ڕۆژێکـی خایاند، هەستیکرد نەخۆشی مەرگەو هەستانەوەی ئاستەمە... وتی: هەموو سـوپاکەم بۆ ئامادە بکەن، با هەمووان شمشێرو قەڵغانەکانیان بە دەسـتەوە بێت، هەموویان بە فەرمانی خەلیفە لە گۆڕەپانی شاردا کە ژمارەیەکی یەکجار زۆربوون، ئامادەبوون، کاتێك خەلیفە چاوی بەو سوپا زەبەلاحە کەوت، دەستیکردە گریان، پاشان وتی:

ئەی ئـەو زاتەی کە هەرگیز موڵکو دەسـەڵاتت لەناوناچێت، بەزەییت بێتەوە بەو کەسـەدا کە موڵکو دەسەڵاتی لەناودەچێت!! خەلیفـە بە گریانەوە ئەوەی گوتو بۆ دواجـار چاوەکانی لێکناو ماڵاوایی یەکجاری لە ژیان کرد..

(هێزو دەسەڵاتو سوپاو سەربازی زۆرو موڵکو سامان، ناتوانێت مرۆڤ لە مردن ڕزگاربکات)..

ئا: بەرزان ئەبوبەکر

خەمەکانی ئەمڕۆت، شادی سبەینێیە!

ئەگەر ئێستا بمزانیایە خاوەنی ئەو کۆمپانیایەی کارم تێدا دەکردو دەریکردم، لە کوێیە، ئەوا دەڕۆیشتم بۆلای‌و لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەیدا لە ناخەوە زۆر سوپاسم دەکرد، کاتێك ئەو رووداوە ڕوویدا زۆر نیگەران بووم، هەستی زۆر بریندار کردم، بەڵام لە سەرەتادا تێنەگەیتشم بۆچی لەسەر کارەکەم دەرکرام، دەرگای کارەکەم بەسەردا داخرا، دواجار بۆم دەرکەوت کە بۆ ئەوەبوو دەرگایەکی دیکە لە بەردەممدا واڵا بێت، کە بۆ خۆم‌و خێزانەکەم زۆرچاکتر بوو، ئەمە وتەو یادەوەرییەکانی خاوەنی میوانخانەکانی (هولیدی)ە، بەڕاستی ئەو وتەیە زۆرجوانە کە دەڵێت: ئەگەر دەرگایەکت لێ داخرا، خەمبار مەبە، دڵنیابە دەرگایەکی باشترت بۆ دەکرێتەوە..

ئەم پیاوە جوانترین ساتەکانی ژیانی، ئەو کاتەی کە گەنجێکی بەهێزو بە توانا بوو، لە وەرشەیەکی دارتاشیدا بەسەربرد، کارەکەی زۆر سەختو گران بوو.. کاتێك تەمەنی گەیشتە (٤٠) ساڵ، خاوەنی تواناو شارەزاییەکی زۆر باشبوو، ئەو دەڵێت: ڕۆژێکیان لە ناکاو خاوەنی کۆمپانیاکە بانگیکردم‌و بێ هیچ ڕوونکردنەوەو پێشەکییەك پێی گوتم: تۆ دەرکراوی، پێویستە هەر ئێستا وەرشە بەجێبهێڵی‌و هەرگیز نەگەڕێیتەوە بۆ کارگە!

لەو ساتەدا زۆر بە خەمباری‌و نیگەرانی کارگەکەم بەجێهێشت‌و بەبێ هیچ هیواو ئامانج‌و ئاواتێك بە شەقامەکەدا پیاسەم دەکردو بیرم لەو ڕووداوە لە ناکاوە دەکردەوە، بیرم لەو هەموو ساڵەی تەمەنم دەکردەوە کە لەو کارگەیەدا بەسەرم بردبوو، بیرم لەو هەموو ماندووبون‌و هەوڵدانە دەکردەوە کە لە پێناوی پێشخستنی کارگەکەدا ئەنجامم دابوو.. لە خەیاڵمدا بە نێو تاریکیی‌و قوڵایی ناخی زەویدا گەشتم دەکرد، لە لوتکەی بێ هیواییدا بووم، نەمدەزانی چی بکەم، چونکە ئەو دەرگایەم لێداخرابوو کە تاکە سەرچاوەی بژێویم بوو، چونکە نە خۆم‌و نە خێزانەکەم هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی بژێویمان شك نەدەبرد، جگە لە کرێی کارکردنەکەم نەبێت لە کارگەی دارتاشیەکە..

هەرچەندە لە لوتکەی بێهیواییدا بووم، بەڵام سوربووم لەسەر ئەوەی کە نابێت خۆم ڕادەستی بێهیوایی بکەم، گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، تەواوی بەسەرهاتەکەم بۆ خێزانەکەم گێڕایەوە، خێزانەکەم وتی: کەواتە چی بکەین؟

وتم: لەمەودوا کاری بیناسازی دەکەم، ئیدی دەستم کرد بە پرۆژەی دروستکردنی خانوو، یەکەم پرۆژەم دروستکردنی دوو خانووی بچووك بوو، پاشان سەرپەرشتی چەند پرۆژەیەکی بچووکم کرد، تا وام لێهات بوومە کەسێکی خاوەن ئەزموون لە دروستکردنی خانووی بچوکدا..

لە ماوەی پێنج ساڵدا، لە ئەنجامی هەوڵ‌و کۆششی بەردەوامم، دەزانن چی ڕووی دا؟ بوومە کەسێکی بەناوبانگی ملیۆنێر!!

پاشان بەردەوام بووم لە بەڕێوەبردنی پرۆژەکاندا، تا گەیشتمە ئەو ئاستەی زنجیرە میوانخانە بەناوبانگەکانی (هۆلیدەی)م بنیاتنا.. دڵنیابە مرۆڤ بە هۆی ورەبەرزی‌و سوربوون‌و هەوڵ‌و ماندووبوون‌و بەردەوامییەوە، دەگاتە خولیاو ئاواتەکانی، کەواتە هەرگیز بۆ ساتێکیش خۆت ڕادەستی بێهیوایی مەکە، بێگومانبە کە خەمەکانی ئەمڕۆت شادی سبەینێت بۆ دروست دەکەن! کاتێك دەرگایەکت بەسەردا داخرا، بگەڕێ‌و هەوڵ بدە، بۆ دۆزینەوەی ئەو دەرگایەی کە بۆ تۆ واڵاکراوە!

سەرچاوە: موقع زادالعباد

پەروەردە

37

38

40

44

ژیان فێری کردم

بەسوودترینو باشترین سەروەتو سامان کە بۆ منداڵەکانتی جێدەهێڵیت، ئەوەیە کە بە باشی پەروەردەیان بکەیتو زانستو زانیاریان فێر بکەیت، باشترین شوێنەوارو زۆرترین سوودو قازانجیش کە دوای مردنیشت، پێتدەگات، (زانستو زانیاریو خزمەتکردنی خەڵکییە).

ژیان فێری کردم

هەرگیز لە کردنی چاکەو ڕەوشتی جوان پەشیمان مەبەرەوە، هەرچەندە خەڵکی خراپەت لەگەڵدا بکەن، تۆ چاکە بکەیتو ئەوانیش خراپەت لەگەڵدا بکەن، باشترە لەوەی تۆ خراپە بکەیتو ئەوانیش خراپەت لەگەڵدا بکەن.

ژیان فێری کردم

هەر کەس ماڵو دارایی کەم بووەوە، خەمو پەژارەی زیاد دەکات، هەر کەس زانستو زانیاری زیادی کرد، خەموپەژارەی کەم دەکات، کەواتە بە زیادکردنی زانستو زانیاری، خەمەکانت کەم بکەرەوە، باشترە لەوەی بە زۆرکردنی ماڵو سامان خەمەکانت کەم بکەیتەوە، چونکە زۆر دەگمەنە دەوڵەمەند لە نەهامەتی پارێزراو بێت، زۆر دەگمەنیشە زانایەك بکەوێتە نێو نەهامەتیو نارەحەتییەوە، زۆر دەگمەنە مرۆڤێك ببینی خاوەنی زانستو زانیاری زۆرو ماڵو سامانی زۆر بێت، لەگەڵ ئەوەشدا سەلامەت بێت لە نارەحەتیو نەهامەتی، لە هەمان کاتدا دەستی لە خێرو چاکەدا هەبێت، بەڵام لە مێژوودا نموونەی زۆرێك لەو کەسانەم خوێندۆتەوە.

ژیان فێری کردم

خۆبەکەمزانین سەرت بەرزدەکاتەوە، خۆبەگەورەزانینیش سەرت نزم دەکاتەوە.

ژیان فێری کردم

زۆرێك لە خەڵکی لە نێو ماڵەکەی خۆیاندا، ڕەقو توندوتیژو تووڕەن، بەڵام لە دەرەوە زۆر نەرمونیانو قسەخۆشن.

ژیان فێری کردم

مامەڵە لەگەڵ قەدەردا بکە، بە ڕەزامەندی، لەگەڵ خەڵکیدا بە وریاییەوە، لەگەڵ کەسو کارت بە نەرمو نیانی، لەگەڵ براکانت بە لێبوردن، مامەڵە لەگەڵ زەمانەدا بکە بە چاوەڕوانی هەڵگەڕانەوەی دەورو زەمان، بەمجۆرە دەتوانیت ئەعصابت لە ڕووخانو لەناوچوون بپارێزیت.

ژیان فێری کردم

هاوڕێیەتی کەسانی دەستبڵاو مەکە، چونکە ماڵو سامانت بە هەدەر دەبات، هاوڕێیەتی کەسانی بەخیلو ڕەزیل مەکە، چونکە کەسایەتیو پیاوەتیت لەناودەبات.

ژیان فێری کردم

چوار شت ئاکارو ڕەوشتی پیاو ئاشکرا دەکەن، (گەشت، زیندان، نەخۆشی، کێشەو ناکۆکی).

ژیان فێری کردم

بڕوا بە سۆزو بەزەیی مرۆڤ مەکە، تا ئەو کاتەی لە ڕۆژانی ناخۆشیو نارەحەتیدا هەڵوێستی دەردەکەوێت.

ژیان فێری کردم

مامناوەندبە، لە ژیانو گوزەرانو خواردنتدا، هەروەها لە خۆشیو خەمو کارکردنو پشوودانیشتدا مامناوەندبە، لە ڕێگریو بەخشینتدا، لە خۆشەویستیو ڕق لێبوونتدا مامناوەندبە، ئەوا دڵنیابە هەرگیز نازانی نەخۆشی چییە.

ژیان فێری کردم

هاوڕێیەتی نەزانو نەفام، وەکو هاوڕێیەتی مار وایە، نازانی کەی پێوەت دەدات!

ژیان فێری کردم

زیرەکەکان لەسەر حسابی ڕۆحیان ژیرییان بەهێزدەکەن، نەفامو نەزانەکان، لەسەر حسابی ژیریان، جەستەیان بەهێزدەکەن، چاکەکاران، لەسەر حسابی ژیریان، ڕۆحیان بەهێزدەکەن، ڕاستگۆکانیش ژیریو ڕۆحیان بەهێز دەکەن، لە یەك کاتدا!

لە دادگای ویژدانتەوە

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە

سندس باموکی

واسالیکی دیکەی تەمەنت گوزەری کرد، گەلایەکی دیکەی درەختی تەمەنت هەڵوەری، دونیایەك وزەو تاقەو ئەو هێزەی لەم تەمەنەتدا هەتە لە دەستتچوو، لە هەمووی گرنگتر کاتت لە دەستچوو، کە بە هەموو سەروەتی دونیا یەك چرکەیت بۆ ناگەڕێتەوە، بەڵام گەشبینبە لەبەرئەوەی تۆ هێشتا زیندوویت، هیچ شتێك مرۆڤ لە هەوڵدان ناخات مردن نەبێت، کەواتە تۆ دەتوانیت لە ئێستاوە دەست پێبکەیت، بەڵام، پێشتر گوزەرێك بە نێو ئەمساڵی تەمەنتدا بکەو بزانەچیت چاندووە؟ کوا بەرهەمت؟ بۆئەوەی پەند لە هەڵەکانت وەربگریت، لە سەرکەوتنەکانت بەردەوام بیتو دەستکەوتەکانیشت بپارێزیت!

پرسیار لە خۆت بکەو خۆت وەکیلی ویژدانتبە، وەڵامی خۆت بدەرەوە، بزانە ئەمساڵ چەند هەوڵت دا خودای گەورە لە خۆت ڕازی بکەیت؟ چەند بڕیاری گرنگو بەسودت دا؟ چ گۆڕانکارییەکی نەوعیت لە ژیانتدا کرد؟ بەڕاست چەند ڕۆژ لە ڕۆژەکانی ئەمساڵت وەك یەکبوون؟ تا چەند هەنگاوت بۆ سەرکەوتن نا؟ سەرکەوتیت، یان نا؟

هەوڵت دا لە کەوتنەکانت، پلیکانەی سەرکەوتن بونیاد بنێیت؟ یان دوای ئەوەی هەوڵێکت داو سەرنەکەوتیت، دەستەوسان دانیشتیت؟

ئایا چ کارێکت بۆ خۆتو خێزانو کۆمەڵگاکەت، ئەنجامداوە؟ کە بەدەستکەوت بۆ خۆتی هەژمار بکەیتو ڕۆحیشت ئاسودەبووبێت پێی، ئایا ئەمساڵ لە چەند کرداری نەشیاو وازت هێناوە؟ چەند هەوڵی خۆ ڕۆشنبیکردنی خۆتت داوە؟ لە کوێدا ئامادەگی باشت نیشاندا؟ تاچەند بیرت کردەوە، تێفکریت تا پەی بە موعجیزە پەنهانو شاراوەکانی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) ببەیت؟ تا زیاتر لە دینەکەت شارەزابیتو یەقینو دڵنیایی تەواوت بەرامبەر ئاینەکەت بۆ دروست ببێت، بەڕاست تۆ پارساڵ پلانت هەبوو؟ ئەگەر هەتبوو تاچەند توانیت پلانەکەت جێبەجێ بکەیت؟

وەڵامی هەموو ئەوانە لای خۆتە، بەڵام بیرت بێت گەر تەمەن باقی بێت، هەلو دەرفەتت بۆ والایەو سالێکی نوێی تەمەنت بە پیرتەوە دێتو لەبەردەمتدایە، بۆیە لە ئێستاوە بڕیاربدەو پلانو ئامانجت بۆ سالی نوێت دابڕێژە، چونکە مرۆڤی بێ پلان بوونو نەبوونی وەك یەکە، ئەوەی لە ژیاندا پلانی نەبێت، بۆ خۆی، ناتوانێت خۆی بێت، بەڵکو کۆپی کەسانی دیکەیەو سەرکەوتنیشی مەحاڵە تەنها لەو کاتانەدا کە خۆتیو بەڕاستگۆیی نوێنەرایەتی خودی خۆت دەکەیتو پەی بە ویستو ئارەزووە شاراوەکانی ناخت دەبەیتو پەرەیان پێدەدەیت، دەتوانیت سەرکەوتن مسۆگەر بکەیت، دانانی پلانو دیاریکردنی ئامانجو هەوڵدان بۆجێبەجێکردنو هێنانەدییان، بەرچاوت ڕۆشنو بیرکردنەوەت فراوانو داهاتووت پرشنگدار دەکات.

بێگەرد فارس

کێشەی دەروونی لای منداڵو هۆکارەکانی

ژینگەی منداڵ ئەو ژینگە پاکو بێ خەوشەیە، کە ساتەکانی ژیانی تێدا بەسەردەبات، بەڵام بە هۆی چەند ڕەفتارێک، یان هۆکارێک ئەو ژینگەیەی دەشێوێنرێت، لەوانەیە ئەو سەرچاوەیەی ئارامی دەروونی ئەو منداڵە تێکدەدات، چەند لایەنێک بگرێتەوە، ئەوانیش:

یەکەم: ئەو هۆکارانەی پەیوەندی بە دایکو باوکەوە هەیە:

دایکو باوک ڕۆڵێکی گرنگیان لە دروستکردنی کێشەی دەروونی بۆ منداڵەکەیان هەیە، ئەویش لە ڕێی:

* مامەڵەی توندوتیژو سزای جەستەییو شکاندنو ئاگادارکردنەوەی بێ بنەماو بەردەوام بۆ منداڵ ڕێگر دەبێت لە گەشەی متمانەی خودی منداڵەکەو خولقاندنی ترسو دڵەڕاوکێو شەرمو نائارامی لە هەر شتێک کە دەیەوێت بڕیاری لەسەر بدات، ئەوەش گرفتی دەروونی بۆ دروستدەکات.

* جیاوازیو ناکۆکییەکانی دایکو باوک، منداڵ ناچار دەکات هەنگاو بۆ لایەکیان ببات، بە لایەنگرتنی دایک، یان باوکی، ئەوەش دەیخاتە بارودۆخێکی دەروونی ئاڵۆزەوە، چونکە بەردەوام لە دڵەڕاوکێدا دەبێت.

* نازدانو گرنگیدان بە منداڵی تازە لە دایکبووو پشتگوێخستنی ئەوی تر، هاتنی منداڵی نوێ دەبێتە هۆی ڕووخاندنی منداڵ، بە تایبەتی ئەگەر لە لایەن خێزانەوە پشتگوێخرا، چونکە ئەو وادەبینێت ئەوەی خاوەنی بوو لە دەستی داوەو کەسێکی تر جێگەی ئەوی بە تەواوی داگیرکردووە.

* ململانێی دایکو باوک بۆ بە دەستهێنانی ڕەزامەندی، یان بردنەوەی لایەنگیری منداڵەکە بۆ خۆی، بۆ ئەو مەبەستەش هەریەکە فەرمانێک، یان پێشنیارێک بۆ بە دەستهێنانی دڵی منداڵەکە دەکات، ئەویش لە نێوان دوو لادا گیرۆدە دەبێتو نازانێت کامیان هەڵبژێرێتو چ بڕیارێک بدات.

* هەستکردنی منداڵ بە ڕکو کینە لە نێوان دایکو باوکی بە نهێنی بێت، یان ئاشکرا.

* نەبوونی گفتووگۆ لە نێوان دایکو باوک، یان ئەندامانی خێزان.

* گرتنەوەی بێ سنورو بێبەش کردنی منداڵ بە تایبەتی بۆ ئەو شتانەی کە ئارەزوویان دەکاتو خۆشی دەوێن، هەرچەندە بارودۆخی ئابووری خێزان باش بێتو بتوانن پێداویستییەکانی بۆ فەراهەم بهێنن.

* نازدانی زۆرو بەجێهێنانی هەموو ئەو داواکارییانەی

لەلایەن منداڵەوە دەکرێن، بەتایبەتی ئەو شتانەی لەگەڵ تەمەنی ئەو ناگونجێت، ئەو کات کۆنترۆڵی دایکو باوک نامێنێتو توانای ئاراستەکردنو پەروەردەکردنیان نامێنێت.

* نوقمبوونی یەکێك لە باوان لە هەواو ئارەزووەکانی، ئەوەش بە قوربانیدانی منداڵو خێزانەکەی، یان بەردەوام بەکارهێنانی ماددەی سڕکەر بەتایبەتی لەلایەن باوکەوە.

دووەم: ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندییان بە دایکەوە هەیە.

* بەکارهێنانی داوودەرمان، یان جگەرەکێشانی بەردەوام لە لایەن دایکەوە لە کاتی سکپڕیدا، بە تایبەتی سێ مانگی یەکەم، کار دەکاتە سەر توانا عەقڵییەکانی منداڵ.

* ترساندنی منداڵ لە شتە خەیاڵیو دوور لە ڕاستییەکان، یان ئاژەڵە درندەکان لە ڕێی گێڕانەوەی چیرۆکەوە، ئەوە کاریگەری لەسەر بەجێدەهێڵێت.

* بوونی دایکێك لە ماڵێکدا کە تەواوی کۆنترۆڵی لە دەستدایەو بە هەموو شێوەیەك کەسایەتی باوکی شاردووەتەوە لە ماڵداو پێگەی لەلای منداڵەکە لەرزۆك کردووە.

* پەروەردەکردنی منداڵ دوور لە دایکی بە تایبەتی ساڵەکانی سەرەتای تەمەن.

* بێسنوری لە گرنگیدانی دایك بەخوودو زۆر چوونە دەرەوەو بە جێهێشتنی منداڵ.

سێیەم: ئەو هۆکارانەی سەرچاوەکەیان باوکە:

* باوکێك کەسایەتیو ڕۆڵو گرنگی دایك لە ماڵدا بەتەواوی بسڕێتەوە، یان منداڵ کاتێك باوکی دەبینێت لە دایکی دەداتو لێی توڕەدەبێتو وتەی نەشیاو بەکاردەهێنێت.

* گەڕانەوەی باوك بە مەستی بە درەنگانی شەوو بێزارکردنی خێزانەکەی، بە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی نابەجێ.

* کاتێك منداڵ بۆی دەردەکەوێت باوکی ڕاستگۆ نییە، یان کەسێکە ڕەفتاری نەشیاو دەکات، ئەو کات ڕێزی بۆ باوکی نامێنێتو چەندین گیروگرفتی دەروونی کاری تێدەکات بە تایبەتی کاتێك گەورە دەبێت، تیایدا دەردەکەوێت.

* سەرقاڵبوونی لە ڕادەبەدەری باوك بە کاروبارەوە، بە شێوەیەکی بەردەوامو نەبوونی کاتێکی گونجاو بۆ بەسەربردنی لەگەڵ منداڵەکەی، یاخود گەشتکردنی بۆ دەرەوەی وڵاتو بەجێهێشتنی بۆ ماوەیەکی زۆر.

چوارەم: ئەو هۆکارانەی سەرچاوەکەیان منداڵەکەیە:

* کەمی، یان نەبوونی توانای زیرەکیو تێگەیشتنی منداڵ بەراورد بە منداڵەکانی تر لە ناو پۆلەکەیدا، ئەوەش وای لێدەکات هەست بە کەمیو بێ توانایی خۆی بکاتو شەرم دەکات بە تایبەتی کاتێك زیاتر لە چەند جارێك لەلایەن مامۆستاکانییەوە ئاگادار بکرێتەوە.

* بوونی ناتەواوییەك لە منداڵداو ڕووبەڕووبوونەوەو گاڵتەپێکردنی لەلایەن هاوپۆلەکانیەوە، وەك ئیفلیجی، یان لاوازی بینینو بیستن، یان تێکچوونی یەکێك لە ئەندامەکانی.

ڕۆشنا صاڵح

بابە گیان

ئەی نزیکترین هاوڕێو پارێزەری ژینم، خۆشی دونیا لە چاوانی تۆوە دەبینم، ئاواتمە گشت کات لێو بەخەندە بتبینم، تۆ فێری سەبرو ئارامیت کردم، ئاشنای هەوڵدانو ماندووبوونو خۆشەویستی بۆ دەوروبەرو یارمەتیدانی بێبەرامبەرت کردم، بۆت سەلماندم کە لە دوای هەموو ماندووبوونێك حەسانەوە هەیە، لە چاوی پڕ لە جوانی تۆوە سەیری دونیام کرد، فێرت کردم ئەگەر ئارەزوی بەختەوەری بکەیت، دەبێت کەسانی دی بەختەوەربکەیت، ئەگەر ویستت خەڵکی خۆشیان بوێیت، بێ چاوەڕوانی یارمەتیان بدە، حەز بەسەرکەوتنیان بکە، ئامۆژگاری جوانیانیان بکە.

بە دڵ گوێم لە قسەکانت گرت، فێری دەربڕینی جوانو ئاوازی هەمەجۆرو ڕاستگۆیو وەفاو پەیمان نەشکاندنو بەخشینو مەردایەتی بووم، ئەی شیرینترین کەسی ژینم، ئەی باوانە بێ منەتەکەم، ئەی لێوان لێو لە هەرچی ڕەفتارو کردارو گوفتاری جوان هەیە، ئەی دڵسۆزترین کەسی ژینم، بێ بیرکردنەوە خەمو خۆشیم لات ئەدرکێنم..

بینینی تۆ هیوام پێدەبەخشێت، نائومێدیو ناخۆشیم لێ دوور دەخاتەوە..

ئاکارەکانی منداڵ لە دوای تەمەنی سێ ساڵییەوە

مندالێکی تەندروست

گولان حەمە ئەمین

هاوڕێیانی خوێنەر، بێگومان لەم ژمارەیەشدا، لە نێو پەڕەکانی گۆڤارە قەشەنگەکەی بڕیاردا، چاوەڕوانن چەند زانیاریەکی بەسود بخەنە سەر خەرمانی زانیارییەکانتان، منیش بە پێویستم زانی سەرنجی بەرێزتان بۆ لای چەند باسێکی گرنگ ڕابکێشم، کە ڕەنگە وەڵامی پرسیاری زۆرێك لە دایکانو باوکانو پەروەرشیارانی ئازیز بێت.

خۆشەویستان چەندنیشانەیەك لە ئاکارو ڕەوشتی منداڵدا بەدەردەکەوێت، لە تەمەنی سێ ساڵی بۆ سەرەوە، کە نیشانەیە لەسەر بارێکی دەروونی تایبەت، بێگومان زۆرجار دایكو باوكو پەروەرشیاران، دەپرسن نازانم بۆ ئەم منداڵە وادەکات باس لە ئاکارێکی تایبەت دەکەن، لەوانە قرتاندنی نینۆك بە ددانەکان، یاخود مژینی پەنجە، یان قژ، یان لێو، درۆکردن، میزکردنی شەوانە، شەڕەنگێزی، متمانە بەخۆنەبوون، خۆسەپاندن، چەند ئاکارێکی دی کە پسپۆڕانی بواری دەروونی منداڵ گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی لە نێوان ئەو ئاکارەو بواری دەروونی منداڵ پەیوەندییەکی بەهێز هەیەو ئەو ڕەفتارە دیاردە دەرونییەکانمان پێ ئاشنا دەکات، لەم ژمارەیەدا باس لە قرتاندنی نینۆك بە ددانەکانیو مژینی پەنجە دەکەین، مژینی پەنجە چەند توێژینەوەیەکی بۆکراوەو چەند بۆچونێکی جیاواز لەسەر ئەم ئاکارە هەیە، هەندێك پێیان وایە کارێکی سروشتییە، هەندێکی دی پێیان وایە نیشانەی برسێتیە، گروپێکی دیکەش پێیان وایە تەنها، منداڵ لە مژینی پەنجەیدا هەست بە چێژێك دەکات، هەندێکی دیکە پێیان وایە ئەو منداڵانە کە بە مەمکی شوشەو پلاستیك شیریان دەدرێتێ، ئەم ڕەفتارەیان لێدەردەکەوێت، بەڵام سەبارەت بە قرتانی نینۆك بە ددانەکان، توێژەران ئەم بۆچونانەیان هەیە:

١- نیشانەی ترسێکی زۆرە لای منداڵ: بۆ نمونە منداڵێك لە دەرەوەی ماڵ یاری دەکات، تۆپەکەی بەر شوشەی دراوسێکەیان

دەکەوێت، دەزانێت دایکی، یان باوکێکی تووڕەی هەیە، ئەو کاتەی کە پێی دەزانێت، بێ ویستی خۆی دەستدەکات بەدەمیداو نینۆکەکانی دەقرتێنێت، ئەمەش پەرچەکردارێکەو لە کاتی هەڵچوونێکی زۆری دەرونیدا بۆی دروستدەبێت.

٢- دڵەڕاوکێو بوونی ئیرەیی: کاتێک منداڵێکی تریان دەبێت، لێرەدا منداڵ هەستی لە دەستدانی خۆشەویستی دایکو باوکی، یاخود یەکێکیانی بۆ دروست دەبێت، متمانەی بە خۆی نامێنیو ناجێگیری دەروونی بۆ دروستدەبێت.

٣- هەندێ کات قرتانی نینۆک بە ددان: هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردنی منداڵ بە دۆڕانو شکست، ئەوەش لە گرنگی پێ نەدانی دەوروبەر، یاخود پێویستی بە خۆشەویستی دایکو دەوروبەر، لەم کاتەدا منداڵ هەستێکی زۆری سەبارەت بە شکستو دۆڕانی بۆ دروست دەبێت.

٤- هەندێ کات قرتاندنی نینۆک بە ددانەکانی: تەنها ڕەفتارێکی نەشیاوەو فێربووە، یان لە منداڵانی هاوڕێیەوە، یان زۆربوونی نینۆکەکانی، هۆکارەو هیچ دیاردەیەکی دەروونی لە پشتەوە نییە.

ئەوەی باسکرا لەو دوو کردارە «قرتاندنی نینۆک بەددانەکانو مژینی پەنجە» کە گوزارشت لە بارێکی دەروونی تایبەت دەکات، لە کاتی هەڵچوونێکی توندی دەروونی بێ ویستی خۆی ئەم کارە ئەنجام دەدات، هەروەک باسکرا دەگونجێت هیچ هۆکارێکی دەرونیش نەبێتو ئەو ڕەفتارەش ئەنجام بدات، بەڵام هەرچۆن بێت، ئەمە کردارێکی نەشیاوو ناتەندروستەو بێگومان دایکانو باوکانیش بێزاردەبنو حەز بەچارەسەر دەکەن، ئێستا کاتی ئەوەیە باس لە ڕێگەچارەکان بکەین، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە:

١- گرنگیدان بە هەستو نەستی منداڵو تێرکردنی لایەنی سۆزداری.

٢- دروستکردنی متمانەو بڕوابەخۆبون لە لایەن منداڵەوە.

٣- ڕوونکردنەوەی هەڵەکانو نەترساندنی بە هەڕەشەو لێدانو تۆقاندن، ڕابهێنرێت کە کاتێک هەڵەی کرد لێی نادرێت.

٤- پێش لە دایکبونی منداڵێکی دی، باسی بۆ بکرێتو بۆی ڕوونبکرێتەوە کە «بەبە»کە تۆی خۆشدەوێو دەبێتە خوشک، یان برای تۆ، تۆش وەک هاوڕێکانت، خوشکو برات دەبێت، لەبەر تۆ بەبەمان بووە، بابێ هاوڕێ نەبیت، تۆ گەورەتری، تۆ پاکو خاوێنی، بەبەکە نازانێت پاکوخاوێنی خۆی ڕاگرێت، تۆ ژیری خۆت نان دەخۆیت، تۆ... هتد.

٥- نەشکێنرێتو بە کەم سەیر نەکرێت.

٦- بۆی ڕوون بکرێتەوە کە ئەم ڕفتارە زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت، پەنجەی ناشیرین دەبێت،... هتد.

٧- ئەگەر لە کاتی خەودابوو، باشتر وایە بە چیرۆکەوە سەرقاڵبکرێت.

٨- پێویستە سەرقاڵ بکرێت بە چالاکی، بۆ نمونە قەڵەمو کاغەزو قەڵەم بۆیەی بۆ ئامادە بکەو بڵێ با وێنە بکێشین، یان وەرزش بکەین، یان هەر جۆرە چالاکییەکی دی بێت.

ڕازی گرتنی دەستەکان

ئا: درەخشان بەهادین

کیژۆڵەیەکی بچووک لەگەڵ باوکیدا، بەسەر پردێکدا تێپەڕدەبوون، باوکەکە کەمێک دەترسا، لەبەرئەوە بە کچەکەی گوت: ئازیزم، دەستم بگرە بۆئەوەی نەکەویتە ڕووبارەکەوە. کچە بچوکەکە وتی: «نا بابەگیان، تۆ دەستی من بگرە» باوکەکە بە سەرسوڕمانەوە پرسی: چ جیاوازییەکی هەیە، تۆ دەستی من بگریت، یاخود من دەستی تۆ بگرم؟ کیژۆڵەکە وەڵامی دایەوەو گوتی: ئەگەر من دەستت بگرمو ڕووداوێك بێتە پێش بۆم، ئەگەری ئەوە هەیە کە دەستت بەربدەم، بەڵام ئەگەر تۆ دەستم بگریت، دڵنیام ئەگەر ڕووداوێکیش ڕوویدات، ئەوا دەستم بەرنادەیت".

کەواتە لە پەیوەندی هاوڕێو دۆستەکاندا ماهییەتی دڵنیایی پەیوەست نییە بە بەندو مەرجەکانەوە، بەڵکو پەیوەستە بە بەڵێنو ئەندازەی دڵنیایی کەسەکانەوە. کەواتە دەستی کەسانی خۆشەویستو ئازیزانت بە توندی بگرە، لە بری ئەوەی چاوەڕێ بیت، ئەوان دەستی تۆ بگرن.

ئا: ئالانی

دایە.. نانی بەیانی..

کاتژمێر (٧) بەیانی بوو، منداڵەکەیان لە خەوهەڵسا، دواتر ویستی دایکی لە خەو هەڵسێنێت، بەڵام دایکی بە دەم داواکەیەوە نەهاتو هەڵنەسا، منداڵەکەش کە برسێتی تەنگی پێ هەڵچنیبوو، شەوێکی دورودرێژ بوو هیچ شتێکی نەخواردبوو، نەیدەتوانی چیدی بەرگەی برسێتی بگرێت، بۆیە دەستیکردە گریانو بە گریانەوە بانگی دەکرد (دایە، بابە نانی بەیانی)!!

بەڵام بەداخەوە دایە لە بری ئەوەی بە دەم داواکەیەوە بچێتو لە ئامێزی بگرێتو سەرەتا بە ماچی گەرمی تێری بکات، بەسەریدا قیژاندیو گوتی: نانی بەیانی ئێستا؟؟ دەڵێم برۆ بخەوە، ئێستا زووەو کاتی نانی بەیانی نەهاتووە..

منداڵەکەش لە ترسی دایکی ڕایکردو ژووری نووستنەکەی جێهێشت، بەرەو ژووی دانیشتن ڕۆیشتو تەلەفزیۆنەکەی داگیرساند، کەمێك بە دیار تەلەفزیۆنەوە دانیشت، پاشان زەنگی برسێتی جارێکی دیکە هەراسانی کرد، بۆیە بە خێرایی بەرەو چێشتخانەکە ڕۆیشت، چونکە برسێتی بەسەریدا زاڵببوو، نەشیدەوێرا بۆ جاری دووەم بڕواتو بانگی دایکی بکاتەوە، نەبادا ئەمجارەیان لە بری هاوار، لێدانیش بێتە ئاراوە..

ویستی هەر چۆنێك بێت دەستی بگاتە چەکمەجەی کەوانتەرەکە، چووە سەر تەپڵەکێك، تا شتێك دەستبخاتو بیخواتو لە برسێتی ڕزگاری بێت..

بەداخەوە بەخت یاوەری نەبوو، لەسەر تەپڵەکەکە کەوتە خوارەوەو هەندێك کوپو قاپو قاچاخیش بەسەریدا کەوتن..

دایکە میهرەبانەکەی لە دەنگی زرڕەی مەنجەڵو کوپەکان وەخەبەرهاتو بەپەلە ڕۆیشت بۆ چێشتخانەکە، تا ببینێت چی ڕوویداوە..

منداڵەکەی لە ترسانا خۆی لە ژێر مێزی نانخواردنەکەوە شاردەوە، دایکی کە دیمەنی مەنجەڵو قاپو قاچاخەکەی بینی، منداڵەکەی لە ژێر مێزەکە دەرهێناو لە بری نان بە لێدان تێری کردو وتی: پێم نەگوتی: ئێستا کاتی نانی بەیانی نەهاتووە؟!

منداڵەکەش لە ترساندا دووبارە ڕایکردو نانی نەخوارد..

کات گەیشتە (١٢) نیوەڕۆ.. دایکی نانی نیوەڕۆی ئامادە کرد.. منداڵەکەی هاتە سەر خوانەکەو زۆر برسیانە دەستیکردە نانخواردن، جلوبەرگەکانی پیس کرد.. دایکی بە چاوێکی بێبەزەییانەوە سەیری کردو بە سەریدا قیژاندیو وتی: تۆ گێلو نەفامی نازانیت نانیش بخۆیت، سەیری محەممەدی پورزات بکە، ئەو زۆر لە تۆ عاقڵترە..

منداڵەکەش چاوەکانی هۆن هۆن فرمێسکیان هەڵوەراندو نانەکەی تەواو نەکردو ڕۆیشتە دەرەوە..

کات بوو بە (٣)ی پاش نیوەڕۆ.. باوکی لەسەر کار گەڕایەوە، منداڵەکە بە گەڕانەوەی باوکی زۆر دڵخۆش بوو، ویستی سەبارەت بە کوڕی دراوسێکەیان قسەی بۆ بکات، کە باوکی چەند سیدییەکی یاریو فیلمی پەروەردەیی بۆ کڕیوە، باوکی لەسەر جێگەکەی ڕاکشابوو.. منداڵەکە بە هێمنی گوتی: بابە، بەڵام وەڵامێکی نەبیست! بە دەستە بچووکەکانی سەری باوکی ڕاوەشاند، بەڵام باوکی پرخەی خەوی دەهاتو وەڵامی منداڵەکەی نەدایەوە..

کات بوو بە (٥)ی ئێوارە..

هاوڕێکانی دایکی هاتن بۆماڵیانو لە ژووری میوان دانیشتبوون، منداڵەکەش ڕۆیشت دەستێك جلی جوانی لەبەرکردو چووە ژوورەوە بۆ لای میوانەکانی دایکە میهرەبانو بەسۆزەکەی! دایکیشی زۆر بە توندی دەستیگرتو ڕایکێشایە دەرەوەو پێی گوت: ئەوە چیم پێگوتی؟ جارێکی دی نەیەیتە ژوورەوەو شەرمەزاری لای میوانەکانم نەکەیت! برۆ سەیری تەلەفزیۆن بکە، یان برۆ دەرەوە لەگەڵ هاوڕێکانت یاری بکە..

کات (٨)ی ئێوارەیە..

منداڵەکە گەڕایەوە ماڵەوە، بەڵام لە ئەنجامی یاریکردن لەگەڵ هاوڕێکانیدا جلە نوێیەکانی پیس کردبوو، هەر کە چاوی بە دایکی کەوت لە ترسا دەستیکرد بە گریان، دایکە میهرەبانەکەشی لە بری دڵنەوایـی بە دەنگێکی بەرز بەسـەریدا قیژاندی: خودا چاکت بۆ نـەکات هەی گێلی نەفـام بۆ وات لە خۆت کردووە! تۆ ئەو جلانە ناهێنی کە لەبەرتایە! ویسـتی سـکاڵای خۆی بـۆ بکات کە کوڕی دراوسـێکەیان لێیداوەو قسـەی پێگوتووە! بەڵام نەگەیشـت دەمی بکاتەوە، دایکی دووبارە دەستیکردەوە بە لێدانی..

کات (٩)ی شەوە..

باوکـی هات، بۆ چێشـتخانەو ئەندامانی خێزان دانیشـتن بۆ نانخواردنی ئێوارە..

منداڵەکە ویستی باسی کوڕی دراوسێکەیان بکات، بەڵام کەسیان گوێیان بۆ قسـەکانی نەگـرت، باوکی گوتی: من مانـدووم، تکایە بێزارم مەکە..

کات (١٠)ی شەوە:

منداڵەکە لەبەردەم یارییەکانیدا خەوی لێکەوت، دایکی هات تا هەڵیبگرێت بۆ سەر جێگەکەی خۆی، بەزەیی بۆ منداڵەکەی جوڵاو ماچـی کردو وتی: خۆشـمدەوێیت ئەی بێنازتریـنو بێبەخترین منداڵ لە جیهاندا..

باوکی کە گوێی لەو قسەیە بوو، پێکەنیو گوتی: زۆر ڕاستە!

ئـەوە نموونـەی تەنها یـەك ڕۆژی منداڵێکە لەگـەڵ دایكو باوکێکی بێبەزەییدا، دەبێت تەمەنێك چۆن بگوزەرێت؟!

ڕەنگـە هەمووان دوای خوێندنەوەی ئەم بەسـەرهاتە وابزانین ئەوە دایکی ڕاسـتەقینەی خۆی نییە، بۆیە بەو شـێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ڕەنگە زڕ دایکی بێت، بۆیە بەزەیی بە منداڵەکەیدا نایەتـەوە، نـا ئەوە دایکی ڕاسـتەقینەیەتی، دایك وشـەیەکی زۆر پیـرۆزە، بە هەموو ژنێك ناگوترێت دایك، ئێمە کاتێك ناوی دایك بەرگوێمان دەکەوێت، سۆزو بەزەییو خۆشەویستیو باوەشی گەرمی مرۆڤێکمان دێتە پێش چاو، کە لێوان لێوە لە ئەوینی ڕاسـتەقینە، بەداخـەوە لە نێو ئەو دایکانەدا کەسـانێك هەن بە خۆیان دەڵێن دایك، بەو شێوەیەش مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەکەن، جگە لە هاوارو قیژەو قسەی ناخۆشو ناوناتۆرە، جگە لە خێسەو توڕەبوونو لێدان، شتێکی دیکە پێشکەش بە منداڵەکانیان ناکەن!

دایکانێـك هەن بە هەموو تەمەنیان قسـەیەکی خێر، وتەیەکی خۆش، ئامۆژگارییەکی بەسوودیان پێشکەشی منداڵەکانیان نەکردووە، ڕەنگـە بـە هەمـوو تەمەنیـان لێویان بـەر گۆنـای منداڵەکانیان نەکەوتبێت، مەگەر ئەو کاتەی منداڵەکەیان شیرە خۆرەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا گلەیی لە هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان دەکەن..

دەبێت چەند دایك هەبێت لە نێو ئەم کۆمەڵگەیەدا بەمشێوەیە مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیاندا بکەن؟

پرسـیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەوە پەروەردەیە.. ئێمە تاکەی ئەو هەڵانە دووبارە دەکەینەوە؟

تاکـەی منداڵەکانمـان بەو شـێوە توندو تیژییەو بەقسـەی ناخۆشو مامەڵەزبرە پەروەردە دەکەین؟

دەبێـت کەی ئێمە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانمان، سـود لە کتێبو سەرچاوەی پەروەدەییو دەروونی وەربگرین؟!

بـە هیوای ئەوەی هەموو دایکێك، بـە تەواوی ماناو پڕاوپڕی وشـەی جوانی (دایك) هەست بە دایکایەتیو بەرپرسیارێتی بکات، بەرامبەر نەوەکانی..

نیوەیەکی ون!



میلاد محەممەد

ژنومێـرد، نیوەی ونبووی یەکترن، هەریەکەیان ئەویتر تەواو دەکات، هەر لەبەرئەوەشـە کە هاوسەرانی سەرکەوتوو دوای چەند ساڵێك ژیانی هاوبەش، دیدێکی هاوبەشیان دەبێت، بە ئەندازەیەك کە لە ڕووی شێوەو ڕووخساریشەوە هاوشێوەی یەکتر دەبن.

لـە ڕاسـتیدا تێپەڕبوونی کات لێـوارە تاریکەکانـی ئەم نیوە ونانە وەها ڕێكو سـاف دەکات، کە هـەروەك پارچەکانی پازل بە تـەواوی دەبنە تەواوکەری یـەكو یەك شـێوە پێکدەهێنن، ئیتر لە هەرلایەکەوە سـەیریان دەکەیت، یەك نیوەی ئەوان سـەرنجت ڕاناکێشێت، بەڵکو ئەوە شـێوەی تێکەڵبووی ئەوانە کە لە تەواوی گۆشـەکانەوە دەکەوێتە بەرچـاوو دەبینرێت، بەڵام یەك بوونیش هەروا ئاسـان نییە. بۆ یەك بوونی نیوە ونەکان، سـاتەو هەسانی کات دەکەوێتە گیانی ژیانیانەوە، هاوسەرانی سەرکەوتووش لە وەها بارێکـدا لە یاسـای (منو نیـوەی من)، یان (چاوپۆشـیکردنی بە نۆرە)، پەیڕەوی دەکەنو هەرجارێك یەکێك لەوان بەشێك لە ڕووی «خودی خۆیی» سافـو بریقەدار دەکات بە (ئەوینی یەکبوون!)

بـەڵام بۆ ئەوانەی کە هەمیشـە پێکـەوە دەمەقاڵێیانەو هەر یـەك لە ئاوازو سـازێك لێدەدەن، ئـەوا بە یەکبوونیـان کاتێکی زیاتری دەوێو هەندێجاریش مەرگـو جیابوونەوە، کاری هەسـانو ڕێکبوونەکە بە نیوە تەواوی دەهێڵێتەوە..

ئەم بەشـە لە هاوسـەران لە بری هەڵکردنو گۆڕینی خۆیانو سافکردنی بەشێك لە گۆشەکانی بوونی خۆیان، بەردەوام گۆشەکانی لایەنی بەرامبەر ببیننو لێکخشـان دێننە کایەوە، لە بیرمان بێت کە هەندێ بۆ هەندێ کار بەڕاستی زۆر زوو درەنگ دەبێت!

کە وابوو دەبێت قـەدری بوونی خێزانێکی ئەویندارو هۆگری یەك بزانرێت، چونکە بۆ خۆشویستنو دڵخۆشبوون بە گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتردا، هەمیشە کاتێکی زۆرمان نییە!

سیفات گەڵێك لە درەختدایە.. خۆزگە لە مرۆڤدا هەبووایە

بە وردی سەرنجی درەخت بدە، لەناو کرۆکی درەختدا چەندین جۆر بوونەوەر هەیە، هەموو ئەو زیندەوەرو گیانلەبەرانەی پەنای بۆ دەبەن، پەنایان دەدات..

باڵندەکان لەسەر چڵو لقەکانی ئارام دەگرنو دەحەسێنەوە، دەیکەنە هێلانەو جێگەی حەوانەوەیان..

ناخیان دەکەنە جێگەو لانەی زیندەوەران!

کەواتە با ئێمەش وەکو درەخت بین، داواو تکای هیچ کەس ڕەت نەکەینەوە، ببینە دایەنگەی هەموو ئەو کەسانەی پێویستیان پێمانە.. وەکو درەخت بەخشندەبین.. کێ لە ئێمە نەڕۆیشتووە بۆ لای درەختەکان، بۆ ئەوەی لە بەروبوومەکەی بخۆین، ئایا هیچ کات درەختەکان دەبنە ڕێگر لە چنینی بەربوومەکانیان؟

کەواتە با ئێمەش ڕێگر نەبین، لەو برسیانەی ڕوومان تێدەکەن، لەو تینوانەی دێنە بەر دەرگامان، تەنانەت ئەگەر گیاندارێك، یان باڵدارێکی تینووە..

ئافرەتێك چووە لای خاتوو عائیشە (خودا لێی ڕازی بێت)، دوو منداڵی لەگەڵدا بوو، داوای خواردنیان کرد، لەو کاتەدا هیچ شتێك لە ماڵی پێغەمبەر (سەلامی خودای لێبێت) نەبوو، جگە لە چەند دەنکە خورمایەك، خاتوو عائیشە، بێئەوەی بیر لە ژەمی خواردنی خۆیان بکاتەوە، هەڵسا خورماکەی بۆ هێنانو پێی بەخشین، ئافرەتەکە خورماکەی کردە سێ بەش، بەشێك بۆ خۆیو هەر یەك لە منداڵەکانیشی بەشێکی پێدان، دیاربوو منداڵەکان زۆر برسیان بوو، بۆیە پێش ئەوەی دایکەکە دەست بکات بە خواردنی بەشە خورماکەی خۆی، منداڵەکان بەخێرایی دەستیان کرد بە خواردنی بەشە خورماکەیان، لە چاوترێکانێکدا بەشە خورماکەی خۆیان خوارد، دایکەکە کە هێشتا دەستی بۆ بەشەکەی خۆی نەبردبوو، تەماشای کرد منداڵەکانی سەیری دەستی دایکیان دەکەن، ئەویش لە پێناوی جگەر گۆشەکانی دڵی بڕوای نەدا خۆی بیخوات، هەربۆیە بەشەکەی خۆی کردە دوو بەشو هەر یەکی بەشێکی پێدان.. ئەم دیمەنە زۆر کاری لە خاتوو عائیشە کرد..

کاتێك پێغەمبەر (سەلامی خودای لێبێت) گەڕایەوە ماڵ، خاتوو عائیشە ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە.. پێشەوا (سەلامی خوای لێبێت)، فەرمووی (خۆتان بپارێزن لە ئاگر، ئەگەر بە دەنکە خورمایەکیش بێت)..

- گرنگی بە دەوروبەرت بدەو هەمیشە چاکەیان لەگەڵدا بکە تەنانەت لەگەڵ ئاژەڵو زیندەوەرانیش..

- پێشەوا (سەلامی خوای لێبێت) هەواڵمان پێدەدات، کە پیاوێك دەچێتە بەهەشتەوە، تەنها بە هۆی ئەوەی بە دەم سەگێکەوە چوو، ئاوی پێداو لە تینوێتی ڕزگاری کرد..

- لە هەمان کاتدا هەواڵمان دەداتێ، کە کەسێك دەچێتە ئاگرەوە بە هۆی بەندکردنی پشیلەیەکەوە تا ئەو کاتەی گیان لە دەستدەدات.

- هیچ چاکەیەك بە کەم مەزانە، هاوکات هیچ خراپەیەکیش بە کەم مەزانە..

- سۆزو بەزەییت با وێنەی درەخت بێت.. درەخت چڵو

ئا: هیوا ئارام

لقەکانی، تاك تاکە، بۆئەوەی ببنە سێبەر بۆ دەوروبەریان، تا لە گەرمای خۆر بیانپارێزێت، تا ببنە جێگەی حەوانەوەی ڕێبوارانی بیابان، لە گەرمای بەتینی هاویندا..

لە ناواخنیاندا دەبنە لانەی ئەو کەسانەی لەبەر سەرمای زستان پەنای بۆ دەبەن..

قوربانیدان.. بنوارە درەخت چۆن قوربانی بە خۆی دەدات؟

ئەو کاتانەی مرۆڤ سەرمای زستان تەنگی پێهەڵدەچنی، تاکە هۆکار بۆ خۆ گەرمکردنەوەو خۆپاراستن لە سەرما، تەنها لای درەختەکان بوو، درەختەکان دارو ڕووناکیمان پێدەبەخشن، تا گەرممان بکەنەوە..

کەواتە ئێمەی مرۆڤیش، با گەرمیو ڕووناکی بین بۆ دەوروبەرمان، با مەنزلگای هیوا بین بۆ ئەو کەسانەی هیوا لە دڵەکانیاندا کوژاوەتەوە، ڕووناکی بین بۆ ئەو کەسانەی دڵەکانیان تاریکی دایپۆشیوە..

بیر بکەرەوە لە سیفاتی لێبوردەیی درەختەکان..

هەرچەندە ڕەشەباو زریانەکان بەهێزتربن، درەختەکان لقو چڵەکانیان واڵادەکەن، تا لە وێوە گوزەر بکەن، گوێ ناداتێ ئازاری دەگات، لقێکی دەشکێتەوە، یان نا..

کەواتە با ئێمەش لێبوردە بین، باڵەکانمان بکەینەوە، دڵەکانمان واڵابکەین، بۆ خراپەی ئەو کەسانەی خراپەمان بەرامبەر دەکەن، لێگەڕێ با تێپەڕێ، ئاوڕی بۆ مەدەرەوە..

سەیری هیوای درەختەکان بکە..

لە ساتەکانی ساردو سەرماو ڕەهێڵەی زستاندا، درەختەکان گەڵاکانیان دەوەرنو لێیان جودا دەبنەوە، ئێمە وا هەستدە کەین درەختەکان مردوون.. بەڵام پاش کۆتایی هاتنی زستان، بە گەڵای جوانترو گەشتر خۆیان دەڕازێننەوە..

کەواتە تۆش گەشبینبە، ئەگەر شتێکت لە دەستدا، یان شتێکت لێ ونبوو، دڵنیابە ڕۆژێك دادێت دەتوانی بە دەستی بهێنیتەوە.. سوننەتی ژیان وایە: (دوای هەموو ناخۆشییەك خۆشییە)!

درەخت لە هەموو شوێنێك بوونی هەیە..

لە زۆربەی زۆری ئەم سەرزەوییەدا درەخت بوونی هەیە.. درەختەکان لەگەڵ هەموو شوێنو کاتێکدا ڕادێنو خۆیان دەگونجێنن..

کەواتە تۆش کەسێکی کۆمەڵایەتیبە، لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی دەیان ناسیت، یان نایان ناسیت، با لە هەموو جێگەو کاتێکدا بوونت هەبێت، چونکە ئامادەبوونت واتایەکی جوان دەبەخشێت، هەوڵبدە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرتدا خۆت بگونجێنیت..

سەربڵندی..

هیچ زیندەوەرێکم نەبینیوە، پاش مردنی، بە ڕاوەستاوییو بڵندی بمێنێتەوە، جگە لە درەخت..

ئەوە مانای ئەوە نییە، خۆمان لاگەورە بێت، ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە بگەینە ئاستی خۆبەگەورەزانین بەرامبەر ئەو کەسانەی لە ڕووی ماددیو زانستیو کۆمەڵایەتییەوە لە خوار ئێمەوەن..

بەڵکو ئەوە مانای ئەوەیە کە ئێمە لە دوای مردنمان سیفەتە جوانو نایابەکانمان بمێنێتەوە، مانای ئەوەیە بە زیندوویی کارێك بکەین، کە لە دوای مردنیشمان سوود بە کۆمەڵگە بگەیەنێت.. چاکەیەك بکەین کە بۆ هەمیشە بمێنێتەوە..



ئا: ئەسکەندەر ڕەحیم

چۆن هەڵەی خێزانەکەت ڕاست دەکەیتەوە!

ئەوێ ڕۆژێ هاوسەرەکەی هەروەك جاران بێدار بووەوە، ژەمی بەیانی لەگەڵ خێزانەکەیدا خوارد.. پۆشاکەکانی پۆشیو خۆی ئامادەکرد، تا بڕواتە سەر کار، ئەودەمە بۆ هەڵگرتنی سویچی ئۆتۆمبێلەکەی، چووە ناو ژوورە تایبەتییەکەی خۆیەوە، بینی تۆزوخۆڵ، لەسەر شووشەی مێزو کتێبخانەکەو شاشەی تەلەفزیۆنەکە، نیشتووە.

دواتر بە ئەسپایی لە ژوورەکە هاتەدەرەوەو بە خێزانەکەی گوت: ئازیزم.. سویچەکەم لەسەر مێزەکە داناوە، بەئەرك نەبێت بۆم بهێنە.

خێزانەکە چووە ژوورەوە، تا سویچی ئۆتۆمبیلەکە بهێنێت، لەپڕ شتێکی لەسەر مێزو شووشەی کتێبخانەکە هاتە بەرچاو، هاوسەرەکەی لە ناوەڕاستی ئەو تۆزوخۆڵە زۆرەی نیشتبووە سەر مێزو شووشەی کتێبخانەکە، بە پەنجەی ئەمەی نەخشاندبوو:

«خۆشمدەوێیت هاوسەری ئەزیزم، گوڵی ئینجانەی دڵم»

پێش ئەوەی لە ژوورەکەش بێتە دەرەوە، تەماشای ژوورەکەی کردەوە، بینی بە پەنجە، لەسەر شاشە تۆزینەکەی تەلەفزیۆنەکە نووسراوە: «خۆشمدەوێیت هاوسەری تاسەرم»!

ئیدی لە ژوورەکە هاتە دەرەوەو بەسەرسامییەوە بە ڕووی هاوسەرەکەیدا پێکەنیو سویچی ئۆتۆمبیلەکەی دایە دەستی. هەروەك بڵێیت بە هاوسەرەکەی بڵێت، پەیامەکەت گەیشتووەو هەر زوو، زۆرتر بایەخ بە پاکوخاوێنی ماڵەکەی دەدات.

ئەوەیە هاوسەری بەسەلیقەو ژیر، ئەو دەمەی خێزانەکەی هەڵەی کرد، بە خراپە ڕەفتاری لەگەڵدا نەکرد، بەڵکو بە هەڵسوکەتێکی زۆر جوان لەگەڵیدا جوڵایەوەو هەراو هۆریای نەنایەوە.

نامەی دوازدەیەم

نامە نورینەکان

بەهرەکانــی خوداوەنــد هێندە زۆرن لە ژمــاردن نایەن، وەلێ ئێمــە هەمیشــە فەرامۆشــیان دەکەیــن‌و بە سوپاســێکی کەمیش وەفــاداری نانوێنیــن، تا ئەو کاتەی کە خوداوەنــدی میهرەبان بە لوتفــی خۆی بۆ ئەوەی وەخەبەرمــان بهێنێت لە خەوی غەفڵەت بــە دەردێك گرفتارو بە بەڵایــەك موبتەلامان دەكات، تا گەورەیی خــوداو بچوكی بەندەكانی دەركەوێت، تا میهرەبان‌و دلۆڤانی خودا بۆ بەندە گوناهبارەكانی ئاشكرابێت، تا بەندەكانی پێش ئەوەی لە سزای سەختی خودای بەهێزو باڵادەست بترسن، بەرامبەر بە سۆزو ڕەحمەتــی شــەرمەزاربن، تا جارێكی تر بــۆ لای ئەو بگەڕێنەوەو فرمێسكی پەشیمانی بڕێژن..

ئــەو كاتەی مرۆڤ بــە دەردێك ئالودە دەبێت‌و لەســەر جێگا دەكەوێت، ئەوسا دەزانێت كە لەشســاغی تاجێكە بەســەر مرۆڤە تەندروستەكانەوەو تەنها نەخۆشەكان دەیبینن!

بێكەسی شاعیر ڕاستدەكات كە دەڵێت:

مــەڵێ هــەژارم كوفری نیعمەتە
لەشی ساغ بۆ تۆ موڵك‌و سەروەتە

ئەو كاتەی ئاوی زوڵاڵت لەسەر زار تاڵ‌و هەنگوینت لە گەرودا دەبێتــە "عەلقــەم"، ئــەو كات دەزانی خۆشــی‌و لەزەتەكانی ژیان چەند بێبەهان!!

ئازیزم، نەخۆشی هەلێكە بۆ پشووی ڕۆح‌و ساتێكە بۆ تێڕامان‌و وردبوونەوە لە ژیان‌و بەخۆداچوونەوەو ئامۆژگاری‌و خۆناسین!

مرۆڤ لە كاتی نەخۆشیدا لە جیهانی ماددە دووردەكەوێتەوەو بە دیدی بەسیرەت لاوازی‌و دەستەوەستانی خۆی بۆ دەردەكەوێت!

چیدی بەهێزو بازوو سەروەت‌و سامانی خۆی، نانازێ‌و دەزانێت چەند لەلای خودا ئاســانە لە چاوتروكانێكدا، هەموو ئەو شتانەی لێبسەنێتەوە.

ئەگەر چەند ڕۆژێکی نەخۆشـی، ئاوا دنیا لەبەرچاومان ڕیسوا بکات، ئەی چی دەکەین بۆ ئەو شـەوەی سـەرینمان بەردی ڕەقو پێخەفمان خۆڵو خاکو مەنزڵمان گۆڕی تارە؟!

سەلەمەی کوڕی دینار دەڵێت: ئێمە نامانەوێت بمرین، تا تۆبە دەکەین، تۆبەش ناکەین تا دەمرین!

بـاش بزانە بە مردنی تۆ بازاڕەکانی دونیا داناخرێت، تۆ زۆر لەوە چکۆلەتری، خۆت بناسە!

گەنجێتـیو لاویو جوانـیو دەوڵەمەندی هەمـوو میوانن‌و لە نـاکاو جێمـان دێڵن، ڕۆژانە تەمـەن بەڕێدەکەین‌و لـە داهاتووی گەورە بێ ئاگاین!

گیـرۆدەی خەوی غەفڵەت، کـۆتو بەندی شـاوەتو ئارەزوو، دڵمان مردوو، لە تاڵی سـپیو سەری ڕوتاومان بێ ئاگا، سەرخۆشی بێ شـەراب، مەستی یاریو گاڵتەو قسـەی بێ مانا، کەی پەشیمان دەبیتەوە لە تاوانەکانت، کەی چاوێك بە عەیبەکانتدا دەخشـێنی، تـا کـەی ئازاری ڕۆحـت دەدەیت، دڵـت بە گوناهو تـاوان کرمێ دەکەیـت، تەمەنت بۆ دونیای فانی بەزایە دەدەیت، کێ دەڵێت لەم نەخۆشییەت هەڵدەستیتەوە؟

چیـت ئامادەکردووە بۆ دوا هەناسـەت؟ ئـەو ڕۆژەت لە یادە کە هەناسـەت سـوار دەبێت، دەنگت خامۆش دەبێت، بیناییت لێڵ دەبێت، ناتوانی بە وتەیەك ماڵاوایی لە دەوروبەرو خۆشەویستانت بکەیت!!

یەکێـك لـە پیاوچـاکان دەڵێـت: دەبینیت کەسـێك ئالودەی تاوانە، گەر لێی بپرسـیت: دەتەوێت بمری؟ دەڵێت: نا، چۆن حەز بکـەم بمرم، بەم هەمـوو تاوانەوە؟! خۆ ئەگەر پێـی بڵێی: ئەی بە تەمانیت واز لـە تاوانەکانت بهێنیت؟ دەڵێت: نامەوێت وازیان لێبهێنم! ناشمەوێت بمرم تا وازیان لێنەهێنم!!

سەیرە، ئازیزم، زۆر سەیرە!

ئیبنوجەوزی دەڵێت:

(کلامـك مکتوب، وقولك محسـوب، وأنت یاهـذا مطلوب، ولك ذنوب وما تتوب، وشـمس الحیاة قد أخذت فی الغروب فما أقسـی قلبك بین القلوب).

دەبا ئیتر کۆتایی بەسـەرگەردانی بهێنین‌و لە خەوی غەفڵەت وەئاگابێیـن، بەڵکـو دڵۆپە فرمێسـکی بەرەبەیانێـك، ئاهو نزای سـەحەرێك، کۆتایی بەم تاریکستانی تاوانە بهێنێتو خوداوەند بە لوتفی خۆی، بە نوری تەوبە دڵمان ڕووناك بکاتەوە.

ئەبو سـەعیدی خەرراز دەڵێت: کاتێك لە خواترسان دەگرین، ئەوا بە ئەسرینی چاویان بەڵێن لەگەڵ خودادا دەنوسن.

ئەگەر تا ئێسـتا لە دنیادا ماویو خودای میهرەبان لەشسـاغی پێداویـت، خۆت ئامادە بکە بـۆ ئەو ڕۆژەی بۆ دوا چرکەی ژیانت مردو شـۆرو کفنبڕ، چاوەڕوانت دەکەن‌و گۆڕهەڵکەنیش دەیەوێت زووتر کارەکەی تەواو بکات.

فرسەتەو بیرەوە هۆشی خۆت، ئەمڕۆ نەك سبەی!

ئـەم دنیایە جگە لە ماڵی نەخۆشـیو نەداریو خەمو پەژارە، شوێنی پشوو نییە!

بۆچی بۆ خەوێکی سـەراب ئاسـا، نەعیمی ئەبەدی لە دەستی خۆت دەدەی؟

خێراکـە، زۆر دواکەوتوویـت، تۆبەکاران واگەیشـتنە لێواری بەهەشت، تۆش هەر گوێ لە مشتی نەفس‌و شەیتانی!

ع.ش.شێرکۆ



لەگەڵ حەمدی شاعیردا..

سوبح پێناکەنێ، تا بێ نەوایێ شەو بە دڵ نەگری
گوڵێ ناپشکوێ، تا بولبولی سوبحێ بە کوڵ نەگری
بەری نابێ، درەختی باغی عالەم، تا هەموو وەك یەك
بە یەك سۆزو بە یەك شۆرو بە یەك دەم، چڵ بە چڵ نەگری

«حەمدی»: ناوی ئەحمەدەو کوڕی فەتاح بەگی کوڕی ئیبراهیم بەگی کوڕی مەحمود بەگی ساحێبقڕانە، ساڵی (١٨٧٦)ی زاینی هاتۆتە دنیاو ساڵی (١٩٣٦) کۆچی دوایی کردووە.

«حەمدی» شاعیر برازای شاعیری ناوداری کورد "مستەفا بەگی کوردییە"و ئامۆزای "سالمی"شاعیرەو لە بنەماڵەیەکی شیعر دۆستی ناوداری کوردەو هەر لە سەرەتای منداڵییەوە خولیای شیعرو ئەدەب بووە.

لە شیعرەکانی «حەمدی»دا، مانای بەرزو واتای ورد دەبینرێو ئاماژە بە زاناییو دانایی ئەو شاعیرە دەکات.

بۆیە من مەستیم لە هۆشیاری گەلێ پێ خۆشترە
ئەم خەراباتە کە هۆشیاری، لە مەست سەرخۆشترە
سەیرە هەرکەس ڕوو دەکاتە ئەم خەراباتەی وجود
کاسەکەی هەرچەندە پڕتربێ، ئەوەندە بۆشترە

«حەمدی» شاعیرێکی نیشتیمانپەروەرو کوردپەروەر بووەو بە شاعیری شۆڕشەکانی شێخ مەحمود دادەنرێتو بەشێکی زۆری لە شیعرەکانی بۆ وەسفی کوردستانو خەباتی کورد تەرخان کردووە.

قەصیدەیەکی دوورودرێژی بۆ شەڕی (ئاوباریك) نووسیوە کە لە ساڵی (١٩٣١)دا ڕوویداوە، لە نێوان سوپای شێخ مەحمودو سوپای دەوڵەتی عێراقیداو لە کۆتاییدا بەم دێڕە شیعرە بە ناوبانگەی کۆتایی پێدێنێت:

ڕەبی مووی لێبێ زمانی، پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی، گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

«حەمدی» لە شیعری ئاینیشدا دەستێکی باڵای هەبووەو چوار قەسیدەکەی لە مەدحی چوار یارانی پێغەمبەری ئازیزدا (درودی خوای لەسەربێت) ویردی سەر زمانی شیعر دۆستانەو لێهاتوویی «حەمدی» تێدا بە ڕوونی دەبینرێت.

وریابە قەڵەم باسی ئەبوبەکری سەدیقە
ئیمانی کە دەریایەکی بێ حەددو عەمیقە
گوڵزاری سەفا بەخشی دوو دونیایە دیانەت
سیددیقە کە لەو گوڵشەنەدا، تورفە، حەدیقە
پیرێکی جوان مەردە، لە تەسدیقی نەبی دا
ئەو عاشقە، بەو عەشقە بڵێن عەشقی حەقیقە
بازاڕی قیامە، کە بکا وەزنی عەیاری
دوڕڕی یەمەنە، لەعلی بە دەخشانە، عەقیقە

تا لە کۆتاییدا دەڵێت:

هەرکەس کە نەبێ باوەڕی بەم سادیقە پیرە
سەد دەفعە ئەگەر ئەهلی تەریقەت بێ، تەریقە

لە وەسفی کوردستانیشدا دەڵێت:

وەتەن عەزیزە، دەخیلە مەڵێن گڵی خاکە
گڵی کلێکە، سورمەیی عیونی ئیدراکە
مەڵێن تەحجیری کردووە لە ئاوو گڵ بەردی
بڵێن کە جەرگی شەهیدانی کوردی بێ باکە

ئەم هەڵبەستەی خوارەوەش بە یەکێك لە هەڵبەستە جوانەکانی «حەمدی» دادەنرێت:

غەیری ئەم سیانە، لە گوڵشەن مەنعی من ناکا کەسێ
باغەوان یەك، بلبلان دوو، خاری دامەنگیر، سێ
سێ بەڵایە وا منی شێتو لەتو پەت کردووە
چاوی یەك، ئەگریجە دوو، ئەبرۆی وەك شمشێر سێ
کوشتەو دڵ پڕ لە داخو بەستەیی سێ کافرم
خەتی یەك، خاڵی سیەه دوو، گیسویی زنجیر سێ
زارو دڵ خوێنو جگەر کونکونبووی ئەم سێ شتەم
خەندە یەك، دوو لێوی دوو، موژگانی هەروەك تیر سێ

شێخانی